# کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | هەینی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ ـ ٣ی فێورییەی ٢٠١٧ | ژمارە: ٦٩٧ | www.kurdistanukurd.com


## پەیامی پیرۆزبایی لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئێنتێرناسیۆناڵ بۆ سکرتێری نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز مستەفا مەولودی!
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
هەواڵی هەڵبژێرانی ئێوەم وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ گەیشت و گەلێک خۆشحاڵ بووم، لێرەوە گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی برایانەی خۆمت پێشکەش دەکەم.

تکایە باشترین ئاواتەکانی من لەو بەرپرسیارییە نوێیە و ئەرکەکانی داهاتووتان قبووڵ بکەن. من چاوەڕوانی هاوکاریی لە گەڵ ئێوە و حیزبەکەتان لە داهاتوودا و هەروەها دیدار لەگەڵتانا لە کۆنگرەی ٢٥ی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە وڵاتی کۆلۆمبیام.



به ڕێزەوە
لوئیس ئەیالا
سکرتێری گشتیی ئێنتێرناسیونالی سوسیالیست.
١٧ی ژانویەی ٢٠١٧

# گۆڕانکاری و نوێخوازی هۆی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن

## بەرپرسیارەتی و ڕۆحی دێموکراسی

کەمال کەریمی

بیرکردنەوە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە حیزبێکی سیاسیدا و هەنگاونان بەرەو جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییەکان لە نێو تەشکیلاتدا، یەکێک لە پێویستییەکانی زیندووراگرتنی دێموکراسییانەی بیری بەرەوپێشچوون و دروستکردنی کولتوورێکە، بۆ بەردەوامی تێکۆشان و خۆشکردنی زەمینەی نوێگەرایی لە نێوخۆی حیزبدا.ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی تەشکیلاتی بۆ هەموو ئەندامانی حیزب لە چوارچێوەی یاسا داڕێژراوەکانی پەسەندکراوی حیزب و بەدوور لە بەکارهێنانی سلیقە شەخسییەکان و بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەشتر بۆ حیزبێک کە، بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسایەتی قورسی بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٧١ساڵەی خۆیدا، بە گەلێک قۆناغی سەخت و دژواردا تێپەڕیوە. لە هەرکام لەم قۆناغانەدا زۆرجار سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.بەڵام بێگومان حیزبێک بەو مێژووە درێژەوە لە هێندێک قۆناغدا تووشی شکستیش هاتووە کە خۆشیی کاتیی ، سەرکوت و نەمانی دیموکرات و کوردی خستوەتە دڵی دوژمنان و نەیارانیەوە.بەڵام هەموو جارێ گۆڕانکارییەکانی نێو حیزب و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی دیموکرات، خەمی دڵی کوردپەروەرانی ڕەواندوەتەوە و بزەی خۆشی و ئومێدواری خستوەتەوە سەر لێوی ئەویندارانی ئازادی و سەربەستی.

ئەم مێژووە پڕلە شانازییە قۆناغ بە قۆناغ باری زەحمەتی لەسەر شانی نەسل لەدوای نەسلی تێکۆشەرانی دێموکرات بووە. ئەوتێکۆشەرانەی کە لەهەرکام لەو قۆناغانەدا بەبیری نوێ و ماندوویینەناسی خۆیان لە بەرامبەر دوژمناندا پێشەنگی کاروانی بەرەو سەرکەوتنیان بەدەستەوە گرتووە. لەم مەیدانە بەرینە و، لەم ململانێ قورسەدا ئەوەی گرینگی بەرچاوخستنی زیاترە، نەقش و دەوری ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبە. کە بە لەخۆبوردەیی تەواو کە شایەنی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕە و پشتئەستوور بە ئیرادەی خەباتکارانەیان و دڵنیابوون لە داهاتووی سەربەرزانەی حیزبەکەیان، نەتەنیا یارمەتیدەری ڕێبەرانیان بۆ تێپەڕاندنی هەرکام لەو قۆناغانە بوون، بەڵکوو بەبیرکردنەوەی دروست لەئاست پێویستییەکانی سەردەم دەورێکی کاریگەریان لە گەیاندنی پەیامی حیزبەکەیان و بەهێزترکردنی تەشکیلات و پێوەندی نێوان خەڵک و حیزبدا گێڕاوە. ...

ل٣



## وتەی بەڕێزان: خالید عەزیزی و مستەفا مەولوودی لە کۆبوونەوی گشتیی حیزبدا

### وتەکانی کاک خالید:
### هاوڕێیان بەیانیتان باش و هەروەها ماندوو نەبن لە کار وئەرک و تێکۆشانی ڕۆژانەتان.

هەر وەک کاک عەلی باسی کرد لە ڕاگەیەندراوی کومیتەی ناوەندییش لە حەوتووی ڕابردوودا، بینیوتانە ئیمە لە دوایین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، بە پێ بڕیاری پیشووی کۆمیتە ناوەندی واتە سێ مانگ پێش ئەو کۆبوونەوەیە مەوزووعێکی سەرەکی کە ئەو ماوەیە پێیەوە مەشغوول بووین بە لەحازی تەشکیلاتی ئەومان تاوتوێ کرد و لەو کۆبونەوەیە دا بە بەشداری چالاکانە و مەسئولانەی هەموو هاوڕییانی ئەندامی ئەسڵی کۆمیتە ناوەندی هەروەها جێگرەکان و مشاورین برا گەورەکانمان پاش باسێکی زۆر لە سەر لایەنی جۆراوجۆری چارسەری کێشەی سکرتێر بە خۆشیەوە کۆمیتەی ناوەندی بە تێکڕای دەنگ بەو قەناعەتە گەیشت هەربە پێ بڕیاری پێشوو دوای وازهێنانی من لە پۆستی سکرتێری لەو کۆبوونەوەیە دا سکرتێر هەلبژێرێ.

لەو کوبوونەوەیە دا پاش چوونە ناو پرۆسەی دەنگ دان بە پێ ئەساسنامەی حیزب و بە پێی ئایین‌نامەکانی حیزبی و هەروەها سوننەتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتە ناوەندی و دەنگ دان هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی لە لایەن کۆمیتە ناوەندی وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا و هەر لەوێش ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و سەرجەم ئەندامانی ڕێبەری هەموومان قەولمان دا، کە بە یەکەوە پشتیوانیی سکرتێری کاک مستەفا مەولوودی بکەین و هەموو لایەکمان لەمەوبەدوا تێبکۆشین، بە هاوکاری سکرتێری گشتی حیزب و دەفتەری سیاسی وکومیتەی ناوەندی و بە هاوکاری هەموو لایەکمان ئەو حیزبەی کە بە یەکەوە تا ئێرەمان هێناوە، لەمەو بە دواش بەیەکەوە هەر ئیدامەی بدەین و تێبکۆشین بۆ بەهێزکردنی حیزبی دیموکرات، ...

ل٢

### وتەکانی کاک مستەفا:
### سڵاو لە شەهیدان زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە بەڕێزەکانیان

زۆرسپاس بۆکومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆیدا ئیعتیمادی بە مندا کە بتوانم وەزیفەی گەورەپیاوەکان، وەزیفەی کەسانی وەک کاک خالید بدرێ بە من و من بتوانم بە هاوکاری هاوڕێیان و هاوکارانم ئەو وەزیفەیە بە جێبگەیەنم و کەلێنی رفیقەکانم ئەگەر بەتاڵیش بێ ئەوەندە بەتاڵ نەبێ کە خودای نەخواستە ئیرادەی حیزبی دێموکرات و توانای حیزبی دیموکرات بێتە ژێر پرسیار.

زۆر سپاس بۆ ئەندامانی حیزبی لە نێوخۆی وڵات، هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات،کە داوای سەرکەوتنیان بۆ کردووم وقەولی هاوکاریان داوە.

دڵنیام هەر وەک کاک خالید فەرمووی ئێمە ئەگەرهەموومان

هاوکاری بکەین و ئیدارە کردن و بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکرات ئەگەر گرانیش بێ، لە بەردەستی هەمووومان کارێکی بێزەحمەت نابێ. ...

ل٣

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کارەساتی مرۆیی گیان‌لەدەستدانی کۆڵبەرانی کوردستان

لە ڕۆژەکانی نێوان ٩ تا ١١ی ڕێبەندانی ١٣٩٥، کارەساتی مرۆیی گیان لەدەستدانی کۆڵبەرانی کوردستان کە چەندین ساڵە بەشێوەیەکی دڵتەزێن و بەردەوام لە ئارادایە، جارێکی دیکە و ئەمجارە لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت و پیرانشار دووبارە بۆوە. ئەگەر لە زۆربەی جارەکانی پێشوودا، گیان لەدەستدانی کۆڵبەران بەهۆی تەقەی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی ئەو ڕێژیمەوە بووە، ئەمجارە رنووی بەفر کۆڵبەرانی وەژێر خۆی دا و لە ئەنجامدا تا کاتی نووسینی ئەم بەیاننامە هاوبەشە پێنج کەس لەوان گیانیان لەدەست داوە.

دیاردەی کۆڵبەریی کورد شتێکی نوێ نیە. لە یەک پێناسەدا کۆڵبەر هاووڵاتییەکی دەستکورتی کوردە کە بەهۆی بێدەرەتانی و لەپێناوی دابینکردنی سەرەتاییترین بژیوی ژیانی خۆی و کەسوکاری ناچارە کەلوپەلی جۆراوجۆر بە شوێنە هەرە رژد و ئەستەم و لەڕووی ئەمنییەتیەوە مەترسیدارەکانی سنوورەکان بۆ وەرگرتن و گەیاندن لەنێوان خاوەن بارەکان لەمدیو بۆ ئەودیو بگوێزێتەوە. لەڕیزی کۆڵبەراندا لاوان (بە لاوانی دەرچووی زانکۆشەوە)، بەساڵداچووان، منداڵان، ژنان و تەنانەت کەسانی کەمئەندام دەبینرێن و خاڵی هاوبەشی هەر هەموویان بریتییە لە ناچاری و بەچەشنێک پەلەقاژە بۆ خۆژیاندن. هەربۆیە هۆکاری سەرەکی و لەڕاستیدا تەنیا هۆکاری دروستبوونی ئەم دیاردەیە کە هاوکات ڕەهەندی یەکەمی بەرپرسیارێتیی کۆماری ئیسلامییش پێک دێنێ، ...

ل٣

## چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە ڕۆژانی پێش ٢ی ڕێبەندانەوە بە چالاکیی تەبلیغی بەرەو پیلی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوبوون، تا حەوتوویەک دوای ئەو یادەش لە چالاکییەکانیان بەردەوام بوون.

لەو چالاکییە تەبلیغییانەدا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکڕات، نووسینی دروشم و تراکتی تەبلیغیی حیزب لەگەڵ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفا نوێ کراوەتەوە.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە: نێوشاری تیکاب، گوندەکانی قەرەقشلاخ و خورخورە لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، «ئەحمەدئاوا»ی سەربە شاری تیکاب لە ناوچەی هەوشار، کوردە کرماشانییەکانی دانیشتووی شاری تاران، شاری ئەیوان لە پارێزگای ئیلام، ئاواییەکانی سەر بە شارەکانی بانە، سەقز و پیرانشار، نێوشاری بۆکان وگوندەکانی ناوچەی ئەحمەدی کوڕ، شنۆ، ئیلام و سەردەشت.

### کۆماری کوردستان لە نێوان پرسیاری سەربەخۆییخوازی و خودموختاریدا

عومەر باڵەکی

لە سەرکۆماری کوردستان هەتائێستا لە زۆرلاینەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە،وەک ئەوە کە چۆن پێک هات، ...

ل٤

### لە پەراوێزی ئاڵووگۆڕەکانی نێو ڕێبەریی حدک دا

قادر وریا

٣ مانگ لەمەوبەر کە هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ...

ل٥

### دوارۆژی کورد لە هەناوی قەیرانەکانی ناوچەدا

عەزیز شێخانی

کوردەکان زیاتر لە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتوونەتە بەردەم پاڵەپەستۆ و قوربانییەکی زۆریان لە...

ل٧

### تەشەنەسەندنی ڕەگەزپەرستیی لەپارێزگای ورمێ!

ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا لە سەردەمی سەفەوییەکان و لە پاش شەڕی بەناوبانگی چاڵدێران لە....

ل١١

دریژەی

## وتەکانی کاک خالید:

خۆشەویستتر کردنی حیزبی دیموکرات و ڕاگرتنی مەوقعییەتی جەماوەری نفووزی حیزبی دیموکرات کە بە ئیعتباری مێژووەکەی و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک بووە، دیسان لەو بابەتە کۆتایی نەکەین و ئیدامەی بدەین بۆیە پیرۆزبایی لە کاک مستەفای مەولوودی دەکەم بۆ وەرگرتنی ئەو مەسئولیەتە. پیرۆز بایی لێدەکەم وهیوادارم لە داهاتوودا سڵامەت و تەندروست بێ. لە هەمان کاتیش دا ئەرک و وەزیفەکانی حیزبی بەڕێوە بەرێ و ئێمەش هەموو لایەکمان بەش بە حالی خۆمان و بە نۆرەی خۆمان هاوکار و پشتیوانی بین.

لە حیزبێکی سیاسیدا ئاڵووگۆری دەسەڵات یا وازهێان لە پۆستێک و وەرگرتنی پۆستێکی دیکە یا هاورێیەکی دیکە بێتە نێو پۆستێک کە هاورێی پیشوو وازی لێ هێناوە، شتێکی زۆر ئاسایی و تەبیعیە. لە حیزبی ئێمەش دا لە رابردوودا لە ڕەقابەتەکان دا چ لە هەڵبژاردنەکاندا بە هەر جۆرێک بووبێ وا هەبووە هاوڕێیەک دەنگی نەهێناوەتەوە یان هاوڕێیەک دەنگی پێویستی نەهیناوتەوە هاورێیەکی دیکە دەنگی هێناوەتەوە، بە مانای ئەوە نییە ئەوەی کە هاورێیەک دەنگ نەهێنێتەوە خوای نەخواستە ریزەکانی حیزبی ئیعتمادی پێ ناکەن . پۆستی سکرتێری یان ئەندامیتی دەفتەری سیاسی یان ئەندامیتی کۆمیتە مەرکەزی عینوانێکی تەشکیلاتیە، وەزیفە دانانە.تا ئەوجێگەی دەگەرێتەوە بۆ وەفاداری و مەعنەویات، هەمووی ئێمە لە یەک مەوقەعیەت داین ئەویش ئەندامەتی حیزبی دیموکراتە. بۆیە لە هەر شوێن و لە هەر جێگایەک و لە هەر پۆستێک کار بکەین ئەوەی ئەسڵە بۆ ئێمە ئەوەیە، ئەوەی دیکە دەتوانی گۆرانی بە سەر دا بێ و هەر کەسێک هەر مەوقەعییەت و مەسئولیەتێکی دەبێت ئەگە ئەو دوو شتە لێک تێکەل بکا تووشی هەلەیکی گەورە دەبێت. ئەندامەتی حیزب و باوەر بە حیزبایەتی و لە پێناو گەیشتن بە مافەکانمان باوەرە، مەعنەویاتە، ئوسوولە، ساغ بوونەوەیە. ئەوانەی دیکە هەموو تابعێکن لەوە. جا بۆیە دەبێ زۆر تەبیعی و ئاسایی وەری بگرین ئەوەی کە ئەسلە هەموومان بە یەکەوە بۆ بە قوەتکردنی ئەو ئوسوول و ئەو مەعنەویاتەی حیزبی دێموکرات کار بکەین کە لە ماوەی ٧١ ساڵی رابردوودا هێناومانە و لەوە بەدواش بەیەکەوە دەیبەینە پیشێ.

> ‹‹تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە دیسان بە خۆشییەوە حیزبی ئێمە سیاسەتێکی فرەڕەهەند و متنەوعی هەیە ویشک و چەقبەستوو بە بۆچوون و بە حەلێک و بە گوفتمانێکەوە نەنووساوە. بۆیە ئەوە دەستی حیزبەکەی ئێوەی ئاواڵە کردووە لە ڕەوتی ڕووداوەکان دا بێتەفاوەت نەبێ و بەئیجبار بێتە نێو گەمە و شت بلێ و شت بکا››

باسێکی زۆر کورتی دیکە کە من نامهەوی زۆر وەختان بگرم ئەوەیە هەر لەو کوبونەوەیەدا وەک کوبونەوەکانی پیشوو، هەڵسەنگاندێک و لێکدانەوەیەک بە شێوازێکی گشتی نێو دەولەتی ناوچەکە، ئیران، قەزییەی کورد بە گشتی و قەزیەی کوردی ئیران بە تاییەتی و لەو تاییەتی تر ئەرک و وەزیفەکانی حیزبی دیموکرات لێک درایەوە. تا ئەوجێ پێوەندی بە کردەوەو رەفتاری حیزبی خۆمان بووبێ ئەوەی ئەو پلینومە دا حیزبی ئێمە هەولی داوە ئەوندەی لە توانای دا بووبێ لە رووداوەکان وەدوا نەکەوێ، هەلویستی بووبێ و هەر لەو پێوەندییە دا تێکۆشاوە ئاڵووگۆڕەکانی ناوچەکەو نێودەولەتی تا ئەو جێیەی پێوەندی بە قەزیەی کورد بە گشتی و کوردی ئیران بە تاییەتی هەیە تەعقیبیان بکات و لە کات و مەوقەعیەتی موناسب و جۆراو جۆردا هەڵوێستی لەسەر بکات و هەر لەو پەیوەندییەدا تا ئەو جێیەی بۆی کرا و عەمەلی بوو بە جۆرێک تەغزیەی ئەندامان و لایەنگەران و هەروەها کۆمەلگەی کوردستان بکەین لە ئێران، کە لەو رووداوانەدا ئەدرسێکیان هەبێ کە خوێندنەوەی ئەو ئەدرەسە لەسەر مەوزووعەکان چییە ئەویش حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە و لەوە بوارەدا ئێمە هەوڵمان داوە بێتەفاوت نەبین.

بوارێکی دیکە کە بە ئیعتباری قەزییەی داعش و هاتنە گۆری مەسەلەی کورد کە رۆژانە لە میدیاکان دا دەیبینی لە سورییە و لە تورکییە و لە باشووری کوردستان لەوێش سیاسەتی ئێمە کە مافی خۆمانە ئەوە بووە کۆمەک بە یەکڕیزی نێو ماڵی کوردی لەو پارچانە بکەین. هەرچەند بۆخۆمان بەدەست نەبوونی یەکڕیزی لە نێو ماڵی کورد لە ئێران دا وەزاڵە هاتووین و دەناڵێنین. بەڵام ئەوەی کە پێمان دروستە ئەگەر لێرە بۆمان جێ بەجێ نابێ و بۆمان عەمەلی نەبووە لانیکەم لەوێ لە هەر شوێنێک قسەیەکی خێرمان بۆ کرابێ کردوومانە لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارچەکان دا.

لە پەیوەندی لەگەڵ مەوزووعێک کە زۆر مەترەحە و باسە و بە قەولی مەشهوور پێی لەسەر عەرزی واقیعە، ئەویش ئیحتمالی راپرسی یا بە دەوڵەت بوونی کوردستانی عێراق، یان کوردستانی باشوور، یان ئەو بەشە لە کوردستان کە لە چوارچێوەی نەقشەی سیاسیی عێراق دایە. بۆیە ئەوە وا بە تەئکیدەوە دەڵێم ئێمە شتەکە بەو جۆرە ببینین کاتێک باسی قەزییەی دەوڵەتی کوردی دەکرێ قسە لە دەوڵەتی کوردی لەو پارچەیەیە. ئەوەندەی مەبەستی حیزبی ئێمە بووە پێمان وابووە زۆر زەمینەی باش و لەبار لە گۆڕێ دایە و پێمان وایە ناوچەکە بەدوای ئاڵوو گۆردا بڕوا زۆرتر ئەوانن کارتی بازی گەورەیان بەدەستە لە نێو هەموو کوردی پارچەکاندا و ئەو کارتەی کە ئێستاش لە دەستیان دایە نەکەوتۆتە عەرزی دەکرێ ئەو کارتە لەو گەمەیەدا یاریشی پێ بکرێ و بە جۆرێک زەمینە بۆوەش لەبارە بەڵام تەجروبەی بە دەوڵەت بوونی دووسەد دەوڵەت تا ئێستا دەریخستووە، ئەگەر ئەو میللەتە یان ئەو پانتاییە سیاسییە جوغرافییایی یە کە بە تەمایە کیانی خۆی پیک بێنێ لە نێو خۆی دا یەکڕیزی نەبێ بە ئیحتمالی زۆر ئەوە شکست دێنێ. ئەویش لەسەردەمێکدا کە ئێستا پیچیدەترە، تێکەڵاوترە، پڕکێشەترە، بۆیە یەکریزی نێو ماڵی کوردی لە کوردستانی عێراق بو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکەی ئیوە ئەهەمییەتی بووە. لێرەدا زۆرتر بەرژەوەندی خۆیانە و بە ئاکام گەیشتنی ئەو پرۆسەیە. ئێمە نازانین درووست بوونی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور بۆ ئێمە چۆن دەبێ با هیچ بە پەلە قەزاوەت نەکەین بەڵام دەزانین ئەوە حەقی ئەو میللەتەیە. ئەو میللەتە ئەگەر بەو مافە بگا هیوایەکی گەورە دروست دەکا کە لە پارچەکانی دیکە بەتاییەت لە کوردستانی ئێران ئەو هیوایە بەهێزتر دەبێ کە ئیدامەی خەبات و تێکۆشانی ئێمەش ئەگەر بەو شێوەیەی ئەوانیش وا بە ئاسانی بە نەتیجە نەگا بە شێوەیەکی دیکە بە نەتیجە دەگا. جا ئێمە ئەو ماوەیە هەوڵمان داوە بە لەبەرچاوگرتن و زەق کردنەوەی ئەو کەمایەسییە کە یەکگرتوویی ئەوان بوەتە موشکلە، هاندەر بین لە قسە کردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کە بەرەو ئەوە بچن نێو ماڵی کوردی یەکگرتووتر بێ.

تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە دیسان بە خۆشییەوە حیزبی ئێمە سیاسەتێکی فرەڕەهەند و متنەوعی هەیە ویشک و چەقبەستوو بە بۆچوون و بە حەلێک و بە گوفتمانێکەوە نەنووساوە. بۆیە ئەوە دەستی حیزبەکەی ئێوەی ئاواڵە کردووە لە ڕەوتی ڕووداوەکان دا

> ‹‹جیاواز لەوانە پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە و رابردووی پێشمەرگایەتی کە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتدا بووە، هەوڵمان داوە لە حەدی توانای خۆماندا حزووری پیشمەرگە و دیار بوونی پیشمەرگە بە هەر شێوەیەکی بۆمان بکرێ لە زەینی خەڵکدا بمێنێ و ون نەبێ››

بێتەفاوەت نەبێ و بەئیجبار بێتە نێو گەمە و شت بلێ و شت بکا. بۆیە هەر لەو پەیوەندییەش دا هەوڵمان داوە ئەوەندەی لە توانامان دا بووە ئەو بازییە سیاسییانەی کە لە تاران بووە بە جۆرێک لێی بێتەفاوت نەبین. ئەو بازییە سیاسییانەی کە لە تاران هەیە نابێ ئاوای چاو لێبکەین بڵێین ئەوە شەڕی خۆیانە. ئەوە شتێکی باشە بەرامبەر بە رووداوەکان لە تاران بێتەفاوت نەبین مادام ئێمە حەلەکە لە چوارچێوەی ئێران دا دەبینین. بەڵام ئەوەی گرینگە بەلای ئێمەوە بۆوەی لەوێ بێ تەفاوت نەبین دەنگمان باش بێ، مەبەست دەنگی حیزبی دیموکرات بە تەنێ نییە، بەڵکوو دەنگی کوردی ئێرانە لەوێدا بە هێز کردنی جم و جۆڵ و فەعالیەتی جۆراوجۆر و کۆمەک بە یەکتر بکەین کە خەڵک یەکگرتوو بێ لە دەوری یەک بهاڵێن، دەنگەکان لە کوردستان بە قووەت بن تاران لێی بێدەنگ نابێ ئەگەر لێی بێدەنگیش بێ بزانێ ئەو دەنگە لە کوردستان هەیە، بە جۆرێک هەست بکا کە ئەو مەوزووعە لە کوردستان ئاوا بە راحەتی ناکرێ خەفە بکرێ بۆیە ئێمە بە دوو شێوە، شێوەیەکیان کاری رێکخراوەیی پەیوەندی لەگەڵ فەعالینی مەدەنی، ئەدەبی، فەرهەنگی، ژنان، پیاوان، لاوان، خوێندکاران، لە دێ، لە شار، هەوڵمان داوە کە جێشوێن و جێپێی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوێ ببێ و بە شیوەی نەهێنیش باش تێکۆشاوین کە کاروانی ئێمە لە رەوتی ئەو رووداوە وەدوا نەکەوێ بە جۆرێک لەگەڵی دا بێت.

جیاواز لەوانە پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە و رابردووی پێشمەرگایەتی کە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتدا بووە، هەوڵمان داوە لە حەدی توانای خۆماندا حزووری پیشمەرگە و دیار بوونی پیشمەرگە بە هەر شێوەیەکی بۆمان بکرێ لە زەینی خەڵکدا بمێنێ و ون نەبێ. ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە ئێمە لە حاڵی ئێستا دا چارەسەری کێشەی خۆمان لە کوردستانی ئێران لە توانایی و ئیقداماتی سیرفی نیزامیدا دەبینین بەڵام بە تەبەعییەت لەوەی کە نازانی ئەو ناوچەیە چی لێدێتەوە حزووری پێشمەرگە و مانی پێشمەرگە و ئامووزشی پێشمەرگە و راگرتنی حەماسەت و هێماکانی پێشمەرگە هەمیشە سەعیمان کردووە دیار بێ و بەرچاو بێ و لە داهاتووش دا ئەوە دەکەین.

ئەوە بە گشتی مەجمووعەیەک شت بوون شتێکی دیکە کە بۆ خاڵێکی سەرەکی باسەکە جێگای خۆشی بوو کە حیزبی ئێمە لێی بێتەفاوت نەبێ ئەویش ئەوە بوو بەدوای ئەو رووداوە ناخۆشەی کە لە شەوی یەڵدا دا بۆ ئێمە هاتە پێشێ و چەند هاوریمان شەهید بوون و شۆکێکی قورسی رەوانی و ئەمنیەتی بوو لەسەر ئێمە، لە تەنیشت ئەوە دا دروست کردنی دەرفەتێکی بەربەرینیش بوو بۆ حیزبی ئێمە کە لە میدیاکان دا و لە کۆر و کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان و کورد بە گشتی و بەتاییەت ئێرە بۆ جارێکی دیکە مەترەح بێتەوە و بێتەوە سەر زاران. هاودەردی و هاوخەمی ئەندامانی حیزب بە دەرەجەی یەکەم لێرەو لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە و هەروەها هاوخەمی دۆستانی حیزبی و هەموو لایەنە سیاسییەکان هی هەر چوارپارچە قووەتی قەلبێکی گەورە بوو بۆ حیزبی ئێمە، نەفسی رووداوەکە، ئەو تەقینەوە جیاواز لە رووداوی ناخۆش و زەرەر و زیانەکانی ئەو پەیامەی دا بە ئێمە ئەو پەیامەی دا بە دەوروبەرەکەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران کاتێک خۆی لە گەڵ کێشەی کورد پێناسە دەکا ئەدرەسی هەن یەکێک لە ئەدرەسە بە قوەتەکان حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەو تەقینەوەیە دەقیقەن هەدەف گرتنی ئەو ئەدرەسە بووە و بۆوەی کە ئەو ئەدرەسە توانیوێتی بە جۆرێک ببێ بە هەدەفی کۆماری ئیسلامی لە راستیدا دەگەرێتەوە سەر کار و هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەکمان بە هەموو شێوە بەو عەقڵییەتە متنەوعە فرە رەهەندە کە ئێمە جەمهووری ئیسلامی پێ ماندوو دەکەین. جەمهووری ئیسلامی بەرهەمی ئینقلابە و بەرهەمی شەڕی ئێران و عێراقە، بەرهەمی شەڕی نێوخۆیە لەگەڵ هەموو حیزبەکان لە مەیدانی شەڕدا و لە هەمووی ئەوانە گرینگتر لە ناوچەکەش دا لە کێشە دایە. بۆیە سەرەڕای خراپی و ئەوەی کە حکوومەتێکی سەرەرۆیە، بەڵام لە شەڕدا جەمهووری ئیسلامی وڵاتێکی بێ تەجروبە نییە. ئێمە لە شەڕدا چەندی ئەزییەت بکەین لە خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی مەدەنی و ئەوەی کە لە نێوخۆی وڵات لە ئوستانەکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵک لەگەڵی رووبەروو بێتەوە. لەوێیە جمهووری ئیسلامی حیساب و کیتابەکەی برێک تێک دەچێ لەوێیە نیگەران دەبێ دەنا ئەوان موتەخەسیسینی شەڕن، موتەخەسیسینی کوشتنن موتەخەسیسینی تیرۆرن، موتەخەسیسینی دروست کردنی نائەمنین. بۆیە هیوادارم ئێمەش لەوە بەدوا ئەهەمییەت بەوە بدەین دەنگی بە هێز و گەورەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات گووشی شنەوای هەبێ. لەوێیە ئێمە دەتوانین دەورێکی زۆرمان هەبێ و لەوێیە دەتوانین زۆرتر کۆماڕێ ئیسلامی ئەزییەت کەین. بۆیە ئەو رووداوە پلنیۆم هەڵسەنگاندنی لێ کرد. پێی وابوو سەرەڕای ناخۆش بوونی رووداوەکە لە راستی دا حیزبی ئێمە توانی لەو ماوەیە دا بە هیممەتی هەموو لایەک باش خۆی لە عەواریزەکەی بە لەحازی جۆراوجۆر بپارێزێ و کەڵکی باشی لێ وەرگرێ. ئێمە هەمیشە ئارەزوو دەکەین و ئارەزووشمان کردووە کە قەت لەسەر خوێنی شەهیدانمان موزایدەی سیاسی بۆ حیزبی خۆمان نەکەین، بەڵام رەوتی خەبات و تێکۆشانی ئێمە جۆرێکە رەنگە لە داهاتووشدا تووشی رووداوی ئاوا ناخۆش بینەوە و کاتێک تووشی رووداوی ناخۆش دەبین موهیم ئەوەیە لە نەفسی لایەنی عەتف و پێناخۆش بووندا گیر نەکەین و زوو بیکەین بە مەجالی سیاسی و درفەت بۆ شتەکەی خۆمان ئێمە ئەوجار ئەوەمان باش کرد.

مەوزووعێکی دیکە کە من لەکۆتایی دا پێم خۆشە باسی بکەم کە هەر لە پلنیۆمیشدا باسم کرد ئەویش ئەوە بووە ئەمن کە لە پۆستی سکرتێری وازم هێنا و ئەندامی دەفتەری سیاسی نەماوم و بوومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لەسەر تەعەهوداتێک کە لەبەرامبەر بە کۆنگرە هەمبووە دەمێنمەوە و لەو ماوەیەش دا تێدەکۆشم لە حەدی توانا و گونجانی خۆمدا کۆمەک بکەم بە کار و تێکۆشانی حیزبەکەم، بۆ کار کردن ئەوە شان بەشانی ئێوە دەبێ و لەگەڵ ئێوەدا دەبێ. ئەو حیزبە حیزبی هەموو لایەکمانە ئەوەی کە ئینسان لە پۆستێک لا دەچێ بە مەعنای ئەوە نییە لە حیزبایەتییەکەی لابچێ، ئەوە غەدرێکی گەورەیە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان تەغیرێک لە پۆستی حیزبیمان هاتە پێشێ هەست بکەین کە دەبێ لەو حیزبەش ئاوا واز بێنین. لە روانگەی خۆمەوە ئێستاش دوای ٧١ ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان باشترین ئاڵترناتیوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ئێران و حیزبێکە سەرمایەیەکی گەورەی هەیە ئێمە چۆن لەو سەرمایە کەڵکمان وەرگرتووە ئەوە شتێکە. لەمەوبەدوا دەبێ چۆنی کەڵک لێ وەربگرین ئەوە دەبێ زۆرتر هەموو لایەکمان بە یەکەوە کاری بۆ بکەین.

لە ماوەی سکرتێری مندا بێگومان من هەوڵم داوە شت لە ئێوە فێربم، بەڵام رەنگە نەمتوانیبێ شتێکی زۆر فێری ئێوە بکەم. بۆیە ئەو شتانەی کە لە ئێوە فێریان بووم سەعی دەکەم لە ژیانی سیاسی و شەخسی خۆمدا بە کاریان بێنم و لە هەمان کاتیشدا کەسێک مەسئول بێ و بڕیار بدا و هەڵوێست بگرێ و قسە بکا و روو بە میدیاکان و روو بە دنیای دەرەوە و لە بواری جۆراوجۆر دا بێتە گۆرێ و خەڵک رووی لێ بێ و مەترەح بێ، بێگومان لە کار و کردەوەکان و هەڵوێست و بۆچوونەکاندا رەخنەشی دێتەوە سەر. سیاسەتمەدارێک قەت نابێ لە رەخنە بترسێ، ئەگەر لە رەخنە ترسا یانی خۆ لە گۆشەیەک دەهاوێ ناتوانێ لەگەڵ رووداوەکان بڕوا و ناتوانێ سیاسەت بخولڵقێنێ. بۆیە من هەولم داوە لەو ماوەیەدا سەرەڕای زەرفییەت و تواناکانی حیزبی ئێمە لە پرۆژە گەورەکان دا رەنگە مەحدوود بووبێ دەربکەوین. چونکە حیزبی دیموکرات وەک حیزبێک بۆیە دامەزرا، ڕێبەری بە ئاکام گەیشتنی کورد لە ئێران بکا تا بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگا. ئێمە بۆیە دامەزراین ببین بە دەسەڵات لە نێوخۆی وڵات قازی محەممەد بۆ ئەو مەبەستە چووە سەردار. ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دیموکراتیش دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی تیرۆر کران. دەیان کادر و هەزاران پێشمەرگە گیانیان لەو پێناوەدا داناوە بەڵام حیزبی دێموکرات هەر بە دەسەڵات نەگەیشت. ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە ئێمە کەممان کردووە نەخێر مێژووی خەباتی ئێمە دەڵێ ئێمە لە حەدی توانای خۆمان دا زۆر زۆریشمان کردووە، زۆریش گیانسەخت بووین دەنا بەرگەی ئەوهەمووە بەسەرهاتەمان نەدەگرت، هەر ئەو گیانسەختییە قوەتی قەلبێکی گەورەیە. منیش لەو باوەڕەدام ئەگەر لە ئێران ئازادی و دیموکراسی هەبێ خەڵکی ئێران رێگا چارەی دیکە پێشنیهاد دەکەن جا تا ئەو حکوومەتە هەبێ رەنگە ئاوا بە ئاسانی مەجال نەدا خەڵک قسەی خۆیان بکەنو بڕیاری خۆیان بدەن تا دەسەڵاتێکی مەسئول و موتەعەهید لە تاران بێتە سەر کار. بۆیە حیزبی ئێمە لەو بوارەدا وێرای رێزدانان بۆ هەموو رابردوو و قوربانیانی خۆی، تێدەکۆشێ لەو بوارە بێتەفاوت نەبێ تێدەکۆشێ کۆمەک بەو دەنگانە

> ‹‹سیاسەتمەدارێک قەت نابێ لە رەخنە بترسێ، ئەگەر لە رەخنە ترسا یانی خۆ لە گۆشەیەک دەهاوێ ناتوانێ لەگەڵ رووداوەکان بڕوا و ناتوانێ سیاسەت بخولڵقێنێ. بۆیە من هەوڵم داوە لەو ماوەیەدا سەرەڕای زەرفییەت و تواناکانی حیزبی ئێمە لە پرۆژە گەورەکان دا رەنگە مەحدوود بووبێ دەربکەوین››

بکا لە نێو خۆی وڵات. هەر وەک کوتم ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە ودەترسێ. لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە بە کورتی دەسەڵاتەکان لە ناوچەکەدا ناتوانن وا بە ئاسانی بەرامبەر بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک بێتەفاوت بن. کەنگێ لە ئێران ئەوە بە قوەتتر دەبێ ئاڵ و گۆڕەکانی ناوچەکە چی لێدێ قورسایی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتە. جا بۆیە دیسان تەواوی هەوڵی ئێمە نێوخۆی وڵاتە جا هیوادارم ئێمە کاتێک هەڵوێست دەگرین و قسە دەکەین هەست بکەین لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ قسە دەکەین، هەست نەکەین لە واشینگتۆن و ستوکهۆڵم و ئۆستورالیا قسە دەکەین، ئەگەر ئاوامان قسە کرد پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکەکە زۆرتر دەبێ باشتر لێک حاڵی دەبین هەست دەکەین هەموومان بەشێکین لە کاروان و لەناو کەشتیەکە.

بۆ جارێکی دیکەش زۆر سپاس بۆ هەموولایەکتان داوای ساغ و سڵامەتی بۆ هەموو لایەکتان دەکەم، هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە ئەرک و وەزیفەکانی حیزبی بەرینە پێشێ و هەموو لایەکمان بە یەکەوە بە ئیحساسی مەسئوولییەتەوە بە دوای چارەسەری کێشەکان دا برۆین لە خەباتو تێکۆشان ناوەستین هەر میلەتێک هەوڵ بدا بۆ خەبات و تێکۆشانی خۆی سەرکەوتنی تازە بەدەست دێنێ؛ حیزبێکی سیاسییش دەبێ هەر لەو بوارەدا پێناسە بکەین بەڵام ئیدی حەوسەلەی دەوێ و پشوودرێژی دەوێ و زەمانی دەوێ.

بۆ جارێکی دیکەش سپاسی هەموو لایەکتان دەکەم کە لەو ماوەیەدا تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە منەوە هەبووە خۆم نەتەنیا هەر بە بێگانە نەدیوە کە نابێ وا بێ، کاتێک لە نێوتان دا بووم و لەگەڵتاندا بووم وەلەو هات و چۆشم زۆر بووە بەڵام ئیحساسی ئارامش و ئیحساسی ئیعتمادی زۆرم کردوە و ئەو خەڵکەی کە لێرە دانیشتوون و هەموو ئەو خەڵکەی بۆ حیزبی دیموکرات کاریان کردوە چ لە ژوورەوە و چ لە دەرەوە، لە راستیدا بۆ من هیچیان فەرقیان نییە. نەگەیشتن بە ئارەزووەکان لە ئێران رەنگە خاریج لە ئیرادەی ئێمە دابێ بەڵام گەیشتن بە ئارەزووەکان و سالم کردنی ئەو حیزبە بە ئیرادەی ئێمە دەکرێ.

دوازدە سەربازی ئەمریکایی لە جەزیرەیەکی ژاپۆن مابوونەوە با بڵێم گیریان کردبوو، دەبایە ژیانیان تێپەر کردبایە دەبایە کێشەکانیان چارەسەر کردبایە دەبایە لەگەڵ بێ ئاوی و بێ نانی و تەهدید و بۆمباران و تۆپباران راهاتبایەن. رۆژانە دەیاندیت کە رفیقەکانیان شەهید دەبن بە قەولی خۆیان کەم دەبوونەوە، دمەچەقەیان دەبوو لەسەر شتی رۆژانە. رۆژێکی کوتیان با قەراردادێک ببەستین رەنگە ئێمە هیچمان بە سڵامەتی نەگەینەوە ئامریکا بەڵام ئەو ماوەیەی کە بەیەکەوە لێرەین موناسیباتێک دانێین. لانیکەم بە ژیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ یەکتر بوون‌دا کە رۆژێک یەکێک لە ئێمە غایب دەبێ یان بە هەر دەلیلێک بتوانین بە خاترەیەکی خۆش ئاوڕی لێ بدەینەوە و بیگێرینەوە. ئێرە کەمپی ئەو دوازدە سەربازە نییە ئێرە جەمعی حیزبی دیموکراتە بە هەزاران کەس بەڵام ئەو تەجروبەیە دەتوانێ بۆ ئەو حیزبەش بە کار بێ.

هەر ساغ و سڵامەت و سەرکەوتووبن.

درێژەی

### وتەکانی کاک مستەفا:

پێمخۆشە بە ناوی ئێوەوە سپاس بکەم لە کاک خالیدی عەزیزی خۆشەویست بۆ ئەو ماوە زۆرەی کە وەک سکرتێر، وەکوو کەسێکی خاکی ومتوازیع سوکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گرتە دەست و سەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وجودی کاک خالید بەڕاستی لە نێو سەران دابوو. ئەوە هەموومانی خۆشحاڵ، هەموومانی سەربڵیند و هەموومانی والێکردبوو شانازی بکەین، شاییمان بە خۆمان و بە حیزب و بە کارەکە بێ و ئومێدوار بین بە داهاتوو.

بە هەر تەقدیر کاک خالید وەزیفەی سکرتێری ئیدامە نەدا. ئەمە بۆ هیچ کاممان خۆش نەبوو، هەموومان دۆستان و خەمخۆرانی حیزبی دێموکراتیش لەو پەیوەندییەدا کەمیان پەیوەندی بە کاک خالیدەوە نەکردووە بە ئیرادەی خۆی تەسمیمێکی گرت کە ئەو تەسمیمە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر قورسیش بوو بەڵام لانیکەم قابیلی تەحەمول بوو.

ئەو ماوەیە ئەمن پێموایە هەموومان زۆر لە کاک خالید فێر بووین کاک خالید زۆری داوە بە حیزبی دێموکرتی کوردستان و هەموومان دەتوانین وەکوو دەرس ئیستفادەیان لێ بکەین، بۆ ئایەندەی یەکێتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئایەندەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات سەری لە نێو سەران دا بێ و ئەدرەسێک بێ، کاک خالیدی بەڕێز لە فەرموودەکانیدا باسی کرد.

ئێمە هەموومان و کاک خالیدیش دەتوانین بە یەکەوە ئەو گۆڕانە بە جۆرێک لە جۆرەکان بکەین بە ئەزموون و دەرسێکی دیکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەویش ئەوەیەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی تێکۆشانی سیاسی خۆیدا دەتوانێ ،بە لەبەرچاوگرتنی هەموو حاڵەتە تایبەتەکانی کە لە بزووتنەوەی سیاسی کورد و لە مەنتەقەدا هەیە ،پرۆسەیەکی ئاوا بکا بە پرۆسەیەکی تەبیعی تەشکیلاتی کە ئاڵوو گۆڕی سکرتێری حیزبی دێموکرات، ئەگەر لە کۆنگرەکان جاران بە جۆرێک لەجۆرەکان بە زەحمەت بوون یان قسەی لەسەر دەکرا، ئێستاکە لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دا بە پێی ئەرکێک کە کومیتەی مەرکەزی یا حەقێک کە دراوە بە کومیتەی مەرکەزی لە تەرەف کۆنگرەوە کومیتەی مەرکەزی زۆر تەبیعی ئاڵوگۆڕی وەزیفەی نەفەری یەکەمی حیزبی دێموکرات بکا. تەشکیلاتیش هەم قەدر لە زەحمەتی رفیقەکەی پێشووی بگرێ و هەمیش هاوکاری ئەو کەسە بکا کە تەشکیلاتی حیزب و کومیتەی مەرکەزی حیزب دەورو وەزیفەی پێدەسپێرێ.

ئەوە ئەگەر کاک خالید هەر وەکوو بۆخۆی فەرموویەتی و درێژەی بدا لەو زەمینەیە و لەو بەستەرەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و بە خۆشییەوە زۆرە و ئەو تواناییەی بە کاک خالیدە و کە بە خۆشییەوە بێسنوورە، دەتوانین ئەوەش بکەین بە ئەزموونێکی باش لە مێژووی تەشکیلاتی و سیاسی حیزبی دیموکراتدا بۆیە بە ناوی هەمووتان ،سپاس لە زەحمەتەکانی دەکەم ئارەزوو دەکەم وەکوو مامۆستا و برا و گەورەیەک لە نێومان دا بێ بۆ ئەوەی زۆرتری لێ فێر بین تا هەموومان کار و تێکۆشانی حیزبی جوانتر بەرینە پێشێ.

خۆشەویستان حیزبی دێموکرات ٧١ ساڵە تێکۆشانی هەیە لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵە مەسەلەیەک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون بە پرنسیپ و حیزبی دیموکراتیان پێ دەناسرێتەوە. هەر هاورێییەکی وەزیفەیەک وەرگرێ، ئەوە بۆی پرنسیپ و قانوون وعورفێکی نەگۆرە. هەر وەک دوێنێ وا بووە لەوەش بەدوا هەر وادەبێ. بەڵام هەر وەک کاک خالید لەم قسە جوانانەی کە چەند دەقیقە پێش ئێستا فەرمووی، حیزبی دیموکرات بەسیاسەتی، هەڵوێستی، ئیستفادە کردن لە دەرفەتەکان و تواناکانی نیشانیداوە سیاسەتێکی دوگم و ویشک و موتڵەقی نیە. بەڵکوو سیاسەتێکی قابلی گۆڕان و شناوەری هەیە. ئەوەش حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم بە قانوون هەم بە تەجروبە بۆ ئێمەی داناوە وئێمە دەتوانین لەم شێوازە ئیستفادە بکەین.

من ناچمە سەر ئەو مەوزووعانەی کە کاک خالید باسی کردن و لە ئاخرین کۆبوونەوەی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتدا باسیان لێ کراوە. ئەوانە خوێندنەوە و تێروانین و موازیعی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، بۆیە وەخت ناگرم دەچمە سەر چەند وردە شتێکی دیکە کە لازمە ئەورۆ لەگەڵ یەکتری باسی بکەین و لە جەریانی کار دا بەشێک لە بەحس و کاری ئێمە بوون. حیزبی ئێمە بە کار و تێکۆشانی هەموو ئەندامەکانی لەو ٧١ ساڵەدا گەیوەتە ئێرە. کە وایە هێز و ئینرژی و تواناي هەموویان حیزبی دێموکراتی کردووە بە حیزبێکی خۆشەویست و مەسئول، بە حیزبێک کە دۆست و دوژمن چاوی لێیەتی. ئێمە دەبێ بەو دیدەوە کە دۆستانمان دەڕواننە حیزبی دێموکراتی کوردستان کار بۆ حیزبی دێموکرات بکەین زۆر جارخۆمان لە تەشکیلاتی حیزبیدا لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا باسمان کردووە کە حیزبی ئێمە بەخۆشییەوە لە دیپلۆماسیدا، لە تەبلیغات و ئیعلامدا، لە کۆڕ و کۆمەڵی نێو نەتەوەییدا سەری دیارە و باش کاری کردووە. لەو پەیوەندییەدا تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان رازی بووە و ئەوە زەحمەتی هەمویان و نەقش و دەوری کاک خالیدی زۆر پێوە دیاربووە.

ئێمە دەبێ لەو تریبوون و ئەدرەس و مەجالانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیبووە و کاک خالید ئیستفادەی لێ کردووە، لەوەش بە دوا بە هاوکاری هەموومان و بە بە تایبەت کاک خالید کاری لەسەر بکەین و زۆرتریشی ئیستفادە لێ بکەین .کەوایە بۆ ئەوەی مودیریەتێکی کاراتر و جدیتر و هەڵسوورتر و ئەهلی بەدواداچوون و لێپرسینەوە هەبێ دەبێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەمووان بەیەکەوە کار بکەین.

خۆشەویستان کۆمەڵە مەوزووعێک هەیە کە لێرە دا پێم خۆشە ئیشارەیان پێ بکەم. لە نێزیک بە دە ساڵی تێکۆشانی رابردوومان‌دا، حیزبی ئێمە بەخۆشییەوە زۆر بایەخی بە تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆ داوە و لەو پەیوەندییەدا، رابتەیەکی موناسب و مەعقوولی لە نێوان تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و چالاکانی مەدەنی و خەمخۆرانی بزووتنەوەی کورد و حەرەکەتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتدا درووست کردووە. ئەوە بە قازانجی حیزبی دێموکرات و بە قازانجی بزووتنەوەی کورد تەواو بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ ئەوە درێژە بدا و لەو پەیوەندییەدا ئەگەر کەسێکیش، لایەنێکیش، حیزبێکیش، تێبینی لەسەر مەبەست و موازیعی حیزبی دێموکرات هەبێ، حەقی خۆیەتی وئیختیار بە خۆیەتی. بەڵام لە نەزەر منەوە ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئێرە لەو پەیوەندییەدا کردوویەتی پێویستە درێژەی پێ بدا. ئەوە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە

‹‹حیزبی ئێمە بەخۆشییەوە زۆر بایەخی بە تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆ داوە و لەو پەیوەندییەدا، رابتەیەکی موناسب و مەعقوولی لە نێوان تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و چالاکانی مەدەنی و خەمخۆرانی بزووتنەوەی کورد و حەرەکەتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتدا درووست کردووە››

رۆژهەڵات بە قازانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە قازانجی چالاکانی مەدەنی لە نێو خۆی وڵاتە.

تەشکیلات نەقشی گرینگی لە چوونە پێشی کار و فەعالییەتی حیزبیدا هەیە، وەزیفە و کارەکەشی بەربڵاوە. لەو پەیوەندییەدا هێز و پتانسییەلێکی زۆری هەیە کومیسیوونی تەشکیلات ئەگەر بەرنامەیەکی وردترو جدیتری هەبێ، ئەو پتانسیەلە دەتوانێ زۆر موئەسێر بێ بۆ چوونەوە پێشی وەزیفەکانی حیزبی. لێرەدا نوقتەیەک هەیە پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم. ئەو کاتەی دوکتوور سەعید رووحی شاد بێ سکرتێر بوو لای وابوو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان مومکینە بە جۆرێک بێ بە هۆی شەرایتی سیاسی ،ئەمنیەتی و جۆری کاری نیزامی یان کۆمەڵە وەزیفەیەکی کە دەکەوێتە سەر شانی ئەندامانی حیزب، ویدەچێ هەموو کەس نەتوانێ قەبووڵی ئەو مەسئولییەتە بکا. بەڵام ئێمە دەتوانین لە بازنەیەکی گەورەتر لە بازنەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، ئەم کەسانەی تەئیدی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی دەکەن یا خۆ بە دۆستی حیزبی دێموکراتی دەزانن یان دەیانەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکاریی حیزبی دێموکرات بکەن، لەو بازنەیەدا کۆ بکەینەوە. ئەمە دوای کۆنگرەی چاردە و لە هێڵە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاتووە. من پێم وایە ئەگەر تەشکیلاتی ئێمە بتوانێ بازنەیەکی گەورەتر لە بازنەی تەشکیلاتی دروست کات زۆر کەس، زۆر رووناکبیر، زۆر نووسەر، زۆر خەمخۆر، لە دەرەوەو لە ژوورەوە هەیە دەیهەوێ یاریدەدەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. لەو پەیوەندییە دا ئێمە دەتوانین هەم تەشکیلاتەکەمان ئەکتیوتر کەین هەم لە تواناو هێزی دۆستانی دیکەی خەڵکی وڵاتی خۆمان کۆمەک وەرگرین.

زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە یەکێک لە کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لێک نزیک نەبوونەوەی هێزە سیاسییەکان یان هاوکاری نەکردنی بە عەمەلی هێزە سیاسییەکانە، یا نەیانتوانیوە پلاتفۆرمێکی هاوبەش پێک بێنن یا لەوە بۆ سەرتر بەرو پێکهێنانی بەرەیەکیش بروا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ١٠ ساڵە دا بۆ ئەو پرسە زۆری هەوڵ داوە و زۆریش بە توازوعەوە عەمەلی کردووە و لەو رابتەیە دا قەتیش ماندوو نەبووە.

بۆ ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کاری کردووە ماندوو نەبووە لەوەش بەدوا کار دەکا و ماندوو نابێ. چوون ئەوە یەکێک لە کارەکانە کە لە بەر رێگای ئێمەدایە مومکینە ماندوومان و وەختمان لێبگرێ بەڵام لە نیهایەت‌دا پێویستییەکە کە بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات دەی هەوێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پەیوەندییە دا دەبێ بە وەزیفەی خۆی عەمەل بکا. ئەگەر باس لە گلەیی بکەین لام وایە حیزبی ئێمە کەمترین گلەیی لەسەرە چوون لەم رابتەیەدا نە مەحدوودیەتێکی داناوە نە بەربەستێکی داناوە، نە ئەگەر مەوزووعەکە رووی لە حیزبی دێموکرات کردبێ حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵبوونەوە و سەهلەنگاری و تەنبەڵی تێدا کردووە،

بەحسێکی دیکە کە بۆ ئێمە موهیمە مەسەلەی دوو دیموکراتە. ١٠ ساڵە دیموکراتەکان لە دوو دێموکرات دا یا لە دوو گرووە دا یا لە دوو بەش دا کار دەکەن. ئەوە ئەگەر لە هێندێک بارەوە دەرفەتی خوڵقاندبێ رقابەتی سەلیمی دروست کردبێ کە هەر دوولای دێموکرات بە پرۆژە و بەرنامەی خۆیان کاری خۆیان کردبێ، بەڵام راستییەکە پرسێکە لە زەینی خەڵکی وڵاتی ئێمە ،لە زەینی ئەو کەسانەی دێموکراتیان خۆش دەوێ، لە زەینی ئەوانەی پێیان‌وایە دیموکرات هێزێکە ناکرێ دابەش بێ، دەبێ بەسەر یەکەوە بێ تا بە یەکەوە بتوانێ کاری گەورە، سیاسەتی گەورە و نەقش و دەوری جیدی و گەورەتری هەبێ لە بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا. داوای وەسەر یەک خستنی دێموکراتەکان دەکەن. حیزبی ئێمە یان ئەو بەشە لە دێموکرات، راستییەکەی جوابی موسبەتی بەو داوایە داوەتەوە. ئەم داوایە هەر داوای خەڵک نییە داوای ئەندامانی حیزبیشە لە هەردووک لا، داوای دۆستانی حیزبیشە لە هەردووک لا، مەوزووعەکە لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێوخۆی وڵات، لە نێو کادر و پێشمەرگەو لە دەرەوەی وڵاتیش مەترەحە کە وایە مەوزووعەکە موهیمە بۆیە ئەوەندە مەترەحە. حیزبی ئێمە لەمێژە هەستی بەو زەروورەتە کردووە بۆ ئەوە زەروورەتەش کاری کردووە. لەو رابتەیەش دا لەگەڵ ئەوەی قەتعەن ناکرێ هەموو باشیەکان لای ئێمەبن، بەڵام بە نیسبەت ئەم پرسە حیزبی ئێمە دروستی عەمەل کردوە و دەبێ ئەوانە ئیدامە بدا. بۆ ئیدامە دانیش رێگا تەنیا بەیەکەوە دانیشتن و قسە کردن و دیالۆگە. بەڵام پێموایە لەوە بەدوا دیالۆگ بۆ ئەوە نییە رەوابتەکەمان عادی کەینەوە دیالۆگ بۆ ئەوە نییە بەیەکەوە قسان بکەین و بڵێین جا لە رەوابتی ئیجتماعی و کۆمەڵایەتی و رۆژانەمان دا بە یەکەوە بەشدارین. باشە لە کۆڕ و کۆمەڵەکان لە گەڵ یەکتر دادەنیشین و جارجار یەکتریش دەبینین لە نەزەرمنەوە دیالۆگ و دانیشتن و قسە لەگەڵ یەکتر کردن بۆ ئەوەیە پرسەکە بەجیدی مەترەح کەین بۆ ئەوەی هەرچی زووتر جوابێکی موسبەت بە نیازێکی خەڵکی خۆمان لەو سەردەمەدا بدەینەوە بەڵام ئەوە ئەو کاتەی کە زۆر جارمان گوتووە دەبێ لەو پەیوەندییە دا هەموو دیموکراتەکان براوە بن.

هاورێیانی خۆشەویست، من وەزیفەیەکم پێ سپێردراوە. ماوەیەک پێش ئێستا گوێم لە رەوان پزیشکێک بوو باسی دەکرد بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێ خاوەنی ئیرادەی خۆی بێ، دەبێ بۆخۆی بێ و نابێ کەسی دیکە بێ. بۆ ئەوەی بتوانم خاوەنی ئیرادەی خۆم بم، بۆخۆمم وەک مستەفا مەولوودی. زۆر تەبیعییە رەمز و چرای تێکۆشانی ئێمە پێشەوا قازی محەممەدە، من پێمخۆشە لە دیپلۆماسی دا ئیلهام لە گەورە پیاوی وەکوو دوکتور قاسملوو وەرگرم، لە تیزهووشی دا بچمەوە سەر گەورە پیاوی وەک دوکتور سەعید، لە وردبینی دا مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە بم، لە گرژی و کار و هەڵسووڕان دا کاک جەلیلی گادانی بم، لە خۆشفکری دا کاک حەسەنی رەستگار بم، و لە جوان قسە کردن و لە پوخت قسە کردنیش دا کاک خالیدی عەزیزی بم. بەڵام ئەوە بە جەمع قەتعەن بۆ من مەحاڵە. چونکە ئەوانە، هەموویان رۆژێک لە رۆژان سوکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە دەستەوە بووە و بە هاوکاری هەموو لایەک هێناویانە. بە جەمع بۆ من مەحاڵە یان ئەگە مەحاڵیش نەبێ زۆر بە زەحمەتە. بەڵام لام وایە بە هاوکاری هەموو لایەک و ئیلهام وەرگرتن لە هەموو توانای ئەو گەورە پیاوانە ،بۆ حیزبی دیموکرات و بۆ رێبەری حیزبی دیموکرات نە مەحاڵە و نە غەیری عەمەلییە. بەو شەرتەی یەک مەجال بدەین و وەخت بدەین. حیزبی ئێمەو تەجروبەی ٧٠ ساڵی بە ئێمە دەڵی، بە قانوون وختی بە کومیتەی مەرکەزی بە دفتەری سیاسی بە نەفەری یەکەمی حیزب داوە کە بەو زەمانە پرۆژەکانی حیزبی بەرێتە پێش و مەخسووسەن بڕیار لە حیزبی ئێمە دا بڕیاری جەمعییە. ئەگەر سەیری ئەساسنامە بکەین چەند وەزیفەی موشەخەس و مەحدوودی بۆ نەفەری یەکەم داناوە ماباقی دیکە بریار جەمعییە کار جەمعییە و مەسئولییەت جەمعییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەجروبەی ٧١ ساڵەی، پڕە لە هاوکاری وهاوخەباتی و دەستی یەک گرتن و یاریدەی یەک کردن و بە هەرەوەز کار کردن، کە من ئێستاش ئەو هێز و توانایە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا دەبینم. ئینرژی و کار و ماندوو نەبوونی. لە هەمووی موهیمتر لە سیاسەتیش دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان قەت بە خەیاڵ سیاسەتی نەکردووە و واقعبینانە سیاسەتی کردووە و هەوڵی‌داوە شەرایەتێکی کە تێشی دایە ببینێ.

خەڵکی ئێران و وەزعیان لە سایەسەری کۆماری ئیسلامی ئێران، نەقش و دەوری خراپی جمهوری ئیسلامی ئێران هەم لە ئێران دا و هەم لە دەور و بەردا، شەرایت و هەل و مەرجی سیاسی کە لە مەنتەقەکەدا هەیە کە قەتعەت تەئسیریشی هەیە لەسەر سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر سیاسەت کردنی بە باش و بە خراپ جۆرێک سیاسەت مومکینە وابی بەربەست لە پێش حیزبی دیموکراتی کوردستان دروست کا، نەتوانێ وەک پێویست مانور بدا بەڵام جۆرێک لە سیاسەتیش مومکینە دەرفەت و دەرەتان بێ بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هونەری ئیستفادە کردن لە دەرفەت و دەرەتانەکانیشی هەیە و لە هەموو مومکینە زەرفیەتی خۆشمان حیزبێکین مێژوویەکی پرشنگ دار خەبات و قوربانییەکی زۆر توانا و قوربانی زۆر لە مۆقابیل حەوادیس دا ئەوانەی کاک خالید فەرمووی و لە هەمووی موهیمتر بە دەستدانی یەکتر دەتوانین بە سەر موشکلە دا زاڵ بین پەس کەوایە وەخت و هاوکاری و کار کردن بە یەکەوە لام وایە ئەو پرۆسەیە ئەگەر بە زەحمەتیش بێ حیزبی دیموکراتی کوردستان و قەتعەن دەتوانین لەو پرۆسەیەش بە سەرکەوتوویی دەرچین.

من قەولێک دەدەم هەموو تواناو ئینرژی و هێزی خۆم بە هاوکاری هەموو هاورێیانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندام، کادر، پێشمەرگە، رێبەرایەتی، هاورێیانی دەفتەری سیاسی بەکاربەرم، چاوەروانی هاوکاریشم لە هەموو لایەک هەیە. ئەوانە وەختێک دێنە دی بە هەموومان کار بکەین بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کار بکەین بۆ هەدەفە پیرۆزەکەمان. کار، نەقش ودەوری گەورەی دەبێ لە چوونە پێشی پرۆژەکانمان‌دا، لە چوونە پێشی کارەکانمان‌دا و لە سەرکەوتنەکانمان‌دا ئەگەر ئێمە بە جیدی کار بکەین بەڵام لە موقابیل وەزعێکی سیاسی کە دروست دەبێ، هەر وەک لە تاریخی حیزبی دێموکراتیش دا هەیە پێی نەوەستاین، ئەو وەختە نە خۆمان گلەیی دەکەین نە دۆستان گلەییمان لێ دەکەن و نە چاوەڕوانییەکی سەیر و سەمەرەشمان لا دروست دەبێ. بەڵام ئەگەر کار نەکەین لە دوایە دا خۆمان و خەڵکی دیکەش سەرزەنشتمان دەکەن، بۆ لە دەرفەتەکە ئیستفادەیان نەکرد بۆ لە ئیمکاناتەکە ئیستفادەیان نەکرد. من ئەو توانایە دەبینم بۆیە دڵخۆشم بە سەر کەوتن.

جارێکی دیکە سڵاو لە خەڵکی کوردستان درووود بۆ حیزبی دێموکرات و سەرکەوتن بۆ ئێوەی خۆشەویست

درێژەی

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کارەساتی مرۆیی گیان‌لەدەستدانی کۆڵبەرانی کوردستان

سیاسەتی دەیان ساڵەی هەڵاواردن و جیاوازی‌دانانی دەسەڵاتی ناوەندی لەڕووی گەشەسەندنی ئابووری و دروستکردنی دەرفەتی کار لە کوردستان بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانە کە لەدیدی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەستیاریی ستراتژی و ئەمنیەتییان هەیە.

ئەگەر خودی دروستبوون و درێژەکێشانی هەر ساڵ زیاتری ئەو دیاردەیە بە مانای کەمتەرخەمی و بگرە پێشێلکاریی بەئەنقەستی ڕێژیم لە جێبەجێکردنی برگە پێوەندیدارەکانی خودی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم و دەرووەستییە نێودەوڵەتییەکانی لەو بوارەدایە بەتایبەتی پەیمانی مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوورییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٦٦)، لەلایەکی دیکەوە چۆنیەتیی مامەڵەی کاربەدەستان و هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەو دیاردەیە بەرپرسیارێتیی ڕێژیم لەو بوارەدا چەند قات زیاتر دەکا و دەیخاتە ڕەهەندێکی بێئەملاوئەولای جینایی‌یەوە. لەحاڵێکدا کە بە دانپێدانانی خودی بەرپرسانی ڕێژیم لە ئاستی هەرە بەرزدا، ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار کاڵای قاچاغ بە سوودی مافیای سووپا و دامودەزگا ئەمنی و نیزامییەکانی دیکەی ڕێژیم بە کەناڵە ڕەسمی و گومرگییەکان‌دا دێتە نێو بازاڕەکانی ئێران، کەچی بەبیانووی خەبات بەدژی ئاڵوویری قاچاغ و هەروەها پاراستنی ئەمنیەتی سنوورەکان و لەڕاستیدا بەمەبەستی زاڵکردنی کەشی قورسی ئەمنیەتی و چاوترسێن کردنی خەڵک دەستی هێزە ئینتزامییەکانی بۆ تەقەکردن و کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەران ئاوەڵا کراوە. بەپێی ئامارەکان تەنیا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٥وە تا ئێستا زیاتر لە ٧٠ کەس لە کۆڵبەرانی کورد بەمجۆرە کوژراون یا بریندار بوون. لە هیچ کام لەو حاڵەتانەشدا کەمترین لێپرسینەوە و بەدواداچوونی قەزایی لە بەرپرسیاران و بەڕێوەبەرانی ئەو جینایەتانە ئەنجام نەدراوە. ئەو کارەسات و جینایەتکارییە ڕێکخراو و بڕیارلەسەردراوە تەنیا بە بەربوونە گیانی مرۆڤە لێقەوماوەکانیش ناوەستێ، بەڵکوو ژینگە و ئاژەڵەکانیش دەکاتە ئامانجی خۆی و هیچ ساڵێک نیە دەیان سەر ئەسپ و ماڵات لەلایەن چەکدارانی ڕێژیمەوە نەکوژرێن و ئەمەش بە جۆرێک چێژی کوشتن و وەحشیگەری و پەرەپێدانی زێهنیەتی توندوتیژی و بێڕەحمی لە کۆمەڵگادا و لە پەراوێزی دیاردەی کۆڵبەری دەگەیەنێ. ئەوە کە قوربانییانی ئەمجارەی دیاردەی کۆڵبەری بەهۆی رنووی بەفرەوە گیانیان لەدەستداوە شتێک لە بەرپرسیارێتیی تاوانکارانەی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا ناگۆڕێ، بەپێچەوانەوە کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم لەبواری بەهاناوە هاتنی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانەی قوربانییان لەو جۆرە حاڵەتانەدا بگرە بەرپرسیارێتیی ڕێژیم قورستریش دەکا.

ئێمە واژۆکەرانی ئەم بەیاننامە هاوبەشە، وێڕای سەرەخۆشی لە خانەوادەی قوربانییان و مەحکوومکردنەوەی هەموو ئەو سیاسەت و ڕەفتارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەی دروستبوون و هۆکاری کارەساتبار بوونی دیاردەی کۆڵبەریی لە کوردستانن، کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بەرەوڕووی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دەکەینەوە و هاوکات داوای سەرنج و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتایی هێنان بە ئاکامە ئینسانییەکانی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان دەکەین.

هەرلەوکاتەدا مادام خەباتی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتێکی دێموکراتیک و شوناسخوازانەیە، ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان لە کۆمەڵگاشدا لەبەرچاو دەگرێ و گرینگی بە پرسەکانی مافی مرۆڤ دەدا، لەو باوەڕەداین کە پێویستە وزە و پۆتانسیەلی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دروستکردنی فشاری جەماوەری بۆ سەر ڕێژیم و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لەبواری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا یەک بخرێن و بەدەر لە بابەتە سیاسی و حیزبییەکان ئەم پرسە ئینسانییانە کە کارلەسەرکردنیان ئۆرژانسە، بکرێنە بوار و بەستێنێک بۆ کاری هاوبەش.

**لایەنەکانی واژۆکار**
**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی**

درێژەی

# بەرپرسیاریەتی و رۆحی دێموکراسی

بیرکردنەوە لە ئاڵووگۆر و هەنگاونان بەرەو جێبەجێ کردنی بەوەختی گۆڕانکارییە ویستەکان، یەکێک لە مەیدانەکانی تاقیکردنەوەی حیزبی‌یە بۆ هەڵسەنگاندنی فەزا و بوونی رۆحی دیموکراسی لە نێو هەر حیزب و رێکخراوێک‌دا. هێنانە بەرباسی پێویستییەکانی ئاڵووگۆر لە بەرزترین پۆستەکانی حیزبی‌دا و وەرگرتنی ئەم بیرۆکە لە لایەن ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب و خۆماندووکردن بە چۆنیەتی جێخستنی فیکری ئەم بیرکردنەوانە و چۆنیەتی جێبەجێ‌کردنی، نیشانەی بوونی فەزای پێویستی دیموکراسی حیزبی و، لەولاشەوە دەرخەری زیندوویی و خەمخۆری ئەندامانی ئەو حیزبەیە لە چۆنیەتی مامڵەکردن لەگەڵ پرسێکی گرینگی حیزبی، وەک رەچاوکردنی دروستی پرینسیپەکانی دیموکراسی، و بەرزڕاگرتنی رۆحی دیموکراسی‌یە لەناو حیزبێکدا کە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی بە یەکەوە گرێداوە و لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا گونجاندوویەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بوارەدا حیزبێکی بە ئەزموونەو لەزۆر قۆناغی تایبەت‌دا کە زەروورەتی گۆڕانکاری هەست پێکردووە، سەربەرزانە لەم تاقیکردەوانە دەرچووە. کونگرەکانی ئەم دواییەی حیزب و گۆڕانکاری‌یەکان لەئاستی هەرەبەرزی پلەکانی حیزبی‌دا دەرخەری ئەو راستییەن کە بوونی دیموکراسی حیزبی،لەنێو حیزبی دیموکرات‌دا چ گرینگی‌یەکی تایبەتی پێ دەدرێ.

لە تێکۆشانی ئەم چەند ساڵەی دوایەی حیزبدا و، لە هێندێک بواری جیاجیادا گۆڕانکاری لە ڕێبەری و بەتایبەت لەنێو بەرپرسان و کەسایەتییە ناسراوەکانی‌دا، جێبەجێ‌کراوە. ئەم ئاڵووگۆڕانە لەهەر بوارێک‌دا بووبێ و پێوەندی بەهەر کەسایەتییەکەوە هەبووبێ، نەتەنیا گرفتێکی لە نێو حیزب‌دا دروست نەکردووە، بەڵکوو بە رۆحێکی گەورە و شۆڕشگێڕانەوە وەرگیراوە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی حیزب، لەنێو حیزب و لەدەرەوەی بازنەی ئەندامانی ڕێبەری‌دا، کە هەرکام بەجیا بەشێک لە مێژووی حیزبی دیموکراتن،ئەم رۆحە بەرزەی روانینی ئەوانی بۆ خزمەت و دەسەڵات نیشان داوە. ئەم جۆرە روانینەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە، داهاتووی ژیانی حیزبەکەمان بەستراوەتەوە بە گرێدانی ژیانی سیاسی و حیزبی نەسلە یەک لەدوای یەکەکانی تێکۆشەرانی ناو ریزەکانی حیزب. لەم رێگەوەیە کە جیلەکانی دواتر دەتوانن بەبوونی ڕێبەران و پێشڕەوانی پێشوویان کە هاوشانیان درێژە بە تێکۆشان دەدەن و بە پشت بەستن بە ئەزموون و بیرۆکە زیندووەکانیان درێژە بە خەبات بەرەو سەرکەوتن بدەن. هەر لەم رێگەشەوەیە کە دەکرێ بە دەرکەوتنی کەسانی خاوەن فکر لە نەسلی نوێی حیزب لە پلە بەرزەکانی حیزبدا،دڵنیابین لە درێژەدانی بیری نوێخوازانەی حیزبی دێموکرات و سیاسەتی سەردەمیانەی بەپێی پێویستییەکانی خەباتی رەوای نەتەوەکەمان. کارێک کە ڕێبەریی لە ئێستاوە بۆ داهاتووی حیزب دەبێ خەمی زیاتری لێ بخوا و لەهەر کاتێکی پێویست و گونجاودا ڕێگەخۆشکەربێ بۆ گۆرانکاری زیاتر.

# کۆماری کوردستان لە نێوان پرسیاری سەربەخۆییخوازی و خودموختاریدا



عومەر باڵەکی

لە سەرکۆماری کوردستان هەتائێستا لە زۆرلاینەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، وەک ئەوە کە چۆن پێک هات، دستکەوتەکانی چ بوون و هۆکارکانی رووخانی چ بووە. چارە نووسی ڕێبەرانی کۆمار و شێوەی پارێزگاری لە خۆیان لە بێ دادگاکانی پاشایەتی دا چۆن بووە.بەڵام کەمتر باس لەوە کراوە ڕێبەرانی کۆمار ئامانج و هەدەفیان لە پێک هێنانی کۆمار چ بوو خۆ ئەگەر باسیش کرابێ نۆسەران وتوێژەرەکان لە سەر ئەو بابەتە کۆک نین. بە واتایەکی دیکە و پاڵپشت بەو وتارو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحالی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ڕێبەرانیی کۆماری کوردستان لە دووشێوە سیاست کردن پێرەوییان کردوە واتە دەبینین کە سەرەتای دەستبەکاربوون و راگەیاندنی کۆمار دروشمەکان و بابەتە نوسراوەکان و وتاری وتاربێژان باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بە تێپەربوونی کات ئەو شێوە نوسین و ئاخاوتنانە دەگۆردرێن وبە جۆرێک لە جۆرەکان باس لە خودموختاری میللی لە چوارچێوەی ئێران دادەکرێ بە واتایەکی دیکە، زمانی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە نێوخۆی کۆماردا زمانی بەرێوەبەریی، سەربەخویی‌خوازی بووە، بەڵام لە تاران زمانی مانەوە لەگەڵ ئیران بەکار هاتووە.پێشەوا لە نوتقێک دا لە ورمێ کەباس لەوتووێژی خۆی لەگەڵ قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران دەکا، بەوجورە ئیشارە بەو بابەتەی کە ئێمە وەک پرسیار لامان درۆست بووە دەکا کە خۆی دەتوانێ وڵامێک بێت بۆ ئەو پرسیارە. ئەو بابەتە لە ژمارە ۷۲ی ڕۆژنامەی کوردستان ۱۳۲۵دا بڵاو بووەتەوە. «بۆخۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جۆرێک داوای تەجزییەی ئێرانمان نەکردووە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دیموکراسی بووە بەڵام لەپێش‌دا کاربەدەستانی ئێران بێجگەلەوە جوابیان نەداوینەوە، شۆخیشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچاربووین حکوومەتی میللیمان دامەزراند و هێزی خۆمان بە رامبەر بە ئەوان تاقی کردەوە. ئەوان ویستیان لەمە بێنەپێش ئێمەش لەوان چووینەپێش. ئێستاش ئەوان حازربوون پاشەکشە بکەن ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە....»

هەرئەو لێدوانەی پێشەوا بە روونی دەرخەری ئەوراستییەیە کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئاواتی هەرکوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بووە، دژکردەوەیەکی ئازایانەو بوێرانەش بووە بە دژی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی لە تاران و وتەکانی پێشەوا سەڵمێنەری ئەوراستییەن کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەی باڵادەست مافی بڕیاردانی لە سەرچارەنووسی خۆی هەیە و هەرکات هەست بەوە بکا لەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتدارە و بەڕێوەبەری وڵاتە، بە پێی ماف و حەقی خۆی لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا بە مافی یەکسان بەشدارە و هاووڵاتی دەرەجە دوو نییە، ئامادەیە بچێتە پێش و بۆدابین‌کردنی ژیانێکی بەختەوەرانە و سەردەمیانە هەنگاو بنێ بەڵام کاتێک هەست پێدەکا کە لە لایەن دەسەڵات دارانەوە دەچەوسێتەوە و مافی پێشێل دەکرێ دژکردەوەی دەبێ و لە هەر فورسەتێک کە بۆی هەڵبکەوێ بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، هەروەک پێشەوا لە نموونەی سەرەوەدا فەرموویەتی.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جگەلەوە دستکەوتێکی سیاسی گرینگی جووڵانەوەی رزگاری خوازیی نەتەوەی کوردبوو، نیشاندەرەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیش بوولەرۆژهەڵاتی کۆردستان ولەهەمان حاڵدا کۆماری کوردستان درێژکراوە و بەرهەمی هەمان هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووکە (ح.د.ک) لە سەری دامەزرابوو. بۆیە دەبینین کۆماری کوردستان لە نێۆخوی ئێراندا وەکوو کۆمارێکی خودموختار لەگەڵ حکوومەتی تاران لە پەیوەندی‌دایە بەڵام لە کار و کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی هەڵس وکەوت دەکا بۆ سەلماندنی ئەوبابەتە دەتوانین چەند نموونە باس بکەین :

ـ داگرتنی ئاڵای ئێران لەسەر دام ودەزگای ئیداری سەر بە دەوڵەتی ناوەندی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە جێگای ئەو، کاتێک ئاڵای دەوڵەتێک یا وڵاتێک دەهێندرێتە خوارێ و بە جێگای ئەو ئاڵایەکی دیکە کە نوێنەرایەتی سیستمێکی دیکە لە حوکمڕانی دەکا نیشانەی ئەوەیە کە سیستمی نوێ بەشێک نییە لە سیستمی پێشوو و خۆی سەربەخۆیە .

ـ زمانی کوردی زمانی رسمی کۆماری کوردستان بووە.

مامڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووە و تەنانەت بە فەرمانێکی رەسمی ناوی تەواوی ئەلقاب و عینوانەکانی نیزامی لە فارسی و تورکییەوە کراون بە کوردی .

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە دەتوانری باس بکرێ کە نییەت و ئامانجی ڕێبەرانی کۆمار سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی هەمووخاکی روژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵام قەت لەوە غافڵ نەبوون کە ئیحتمالی ئەوە هەیە کە رووسەکان و ئێرانیەکان لەسەر بەرژەوەندیەکانیان ڕێکبکەون و بەرژەوەندی وابکا کە رووس وەک دەوڵەتیکی ئامادە لە ناوچەکە پشتی کۆماری کوردستان چۆڵ بکا



„دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە جگەلەوە دستکەوتێکی سیاسی گرینگی جووڵانەوەی رزگاری خوازیی نەتەوەی کوردبوو، نیشاندەرەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیش بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەهەمان حاڵدا کۆماری کوردستان درێژکراوە و بەرهەمی هەمان هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە (ح.د.ک) لە سەری دامەزرابوو“

ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە سەربەخۆیی‌خوازی کۆماری کوردستان چونکە زمانی فەرمی ئەو کاتی ئێران فارسی بووە. بەڵام لە هیچ بەڵگەیەکی کۆماری کوردستاندا نابیندرێ کەبگوترێ زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی رەسمی وڵاتی ئێران دەخوێندرێ بەڵکوو هەموو خەمی بەرێوەبەرانی کۆمار بەتایبەتی پێشەوای مەزن ئەوەیە کە پەرە بدرێ بە زمانی کوردی و لە هەموو ئاستەکانی تەمەن‌دا و، دەخوێنینەوە بێجگە لە منداڵانی کچ و کوڕ بۆ ژن و پیاوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان خوێندنی زمانی کوردی ئیجباری کراوە.

بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان سنوور کرایەوە ودەبینین لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە چین و توێژی جۆراوجۆردا وەک «ئەفسەران، ماموستایان، نوسەران، و شاعیران و... روویان لە کۆماری کوردستان کردووە وتەنانەت بوونە بەشێک لە بەرێوەبەرانی ئیدارەی روژانەی دام و دەزگای کۆمار و لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئێران لە گەڵ حکوومەتی ئازەربایجان پەیمانی سنووری وسەربازیی ئیمزا دەکەن و وەک دوو حکوومەت پێکەوە هەڵس و کەوت دەکەن ولەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت خەتی بازرگانی دەکەنەوە.

ـ پێکهینانی سپای میللی «هیزی پێشمەرگە»، لەلایەن بەرێوەبەرانیی کۆماری کوردستان. ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە ئیرادەی سەربەخۆیی‌خوازی کۆمار، چونکە بە پێی یاسای بنەرەتی ئێران پێک هێنانی هێزی چەکدار و ڕێکخستنی هێزی ئەمنی لە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندی‌یە. بەڵام دەبینین دەسەڵاتی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگەی ڕێکخستووە و مووچە و مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە و تەنانەت چەند جارێکیش لەگەڵ سپای ئێران تووشی شەڕ و پێکدادان بووە و لە هەڵس‌وکەوت لەگەل ئەرتەشی ئێران وەک دوو سپای جیاواز

و یا لە نێوخۆی کۆماردا کەس یا کەسانێک لە ژێرناوی عەشیرە و تایەفە بەدوای بەرژەوەندی‌یەکانی خویانەوە بن و خەیانەت بە کۆماری کوردستان بکەن.هەر دەرکی ئەو راستیەیە وای لە ڕێبەرانی کۆمار کردبوو کە لەو مەجال و فورستە کە هاتووەتە پێش ئەوەندەی دەکرێ بۆ سەقامگیریی و بەرەوپێش‌بردنی ئەوحکوومەتەی پێکیان هێناوە کەڵک وەربگرن و لە هەمان کات‌دا هەوڵیان داوە لە بەر هەر ئەگەرێک کە مەترسی بخاتە سەرکۆمار دەرگای وتووێژ و دیالۆگ لەگەڵ تاران والابێت واتە ئەگەر هەل‌ومەرج یارمەتیدەر بوو بتوانن سنووری کۆمار دەسەڵاتەکەی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە پێ‌بدەن و ئەگەر هەل‌ومەرجەکە بە جۆرێک بوو دەسەڵاتی تاران بە هێزبوو هەوڵیان ئەوە بێت ئەوی پێکیان هێناوە لێ‌یان تێک‌نەچێ.

کۆماری کۆردستان ئەگەرچی تەمەنی کەم بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کۆرددا یەکەم‌جار بوو کە ئۆرگانێک یا دام‌ودەزگایەک لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەی ئاشکرا دەنگی متمانەی پێ‌دراوە و نوێنەرایەتی کەسایەتی قانوونیی گەلی کوردی لە پارچەیەک لە کوردستان‌دا دەکرد. واتە کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێک چ لە نێوخۆ چ لە دەرەوەی خۆی‌دا نوێنەرایەتی چین‌وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکرد بە واتایەکی دیکە نوێنگە و ناسێنەری گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بوو لە هەڵس‌وکەوتی سیاسی، ئابوری و دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و ئەو گەلانەی کە هاوسنووری کۆمار بوون. بەکورتی دەتوانین بڵێین لەرووی قانوونی‌یەوە سەردمی کۆماری کۆردستان بە سەردەمی بڕیاردان لە دیاری کردنی مافی چارەنووس پێناسە بکەین.

## چەند چالاکی‌یەکی حیزب

### کۆبوونەوەی تاووتوێی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پێنجەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ڕێبەندان، کۆبوونەوەیەکی سیاسیی تەشکیلاتی بۆ ئاگادارکردنەوەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات لە باس و بڕیارەکانی پێنجەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی، لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پێکهات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر بابەتە تەشکیلاتی و سیاسییەکانی پلینۆمی پێنجەمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بەتایبەتی چۆنیەتی گۆڕانکاری لە پۆستی سکرتێریی حیزبدا باسێکی پێشکەش کرد.

باس لە هەڵویست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئاڵوگۆرە سیاسییەکان لە ئێران، کوردستان و ناوچە و باسێک لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە ڕووداوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا و دەرکەوتەکانی چەند تەوەری دیکەی باسەکەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری نوێی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لەسەر بابەتە سیاسیی و تەشکیلاتییەکانی حیزب باسێکی بەپێزی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەور و ڕۆڵی کاک خالید لە بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی بەرز نرخاند و گوتی: کاک خالید زۆر بابەت و بەرنامەی نوێ و جوانی هێنایە نێو حیزب کە بەهەق هەموومان زۆری لێ فێر بووین و دەتوانین بۆ داهاتووی حیزب کەڵکی پێویستیان لێوەربگرین.

### بەڕێوەچوونی سمینارێک تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان سیمینارێک لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو سمینارەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ٩٥ی هەتاوی بۆ بەرێزان جەلیل گادانی، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزبی دێموکرات و، عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتبوو، دوو بابەتی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان پێشکێش کران.

لە بڕگەی یەکەمی ئەم سمینارەدا کاک جەلیل گادانی بابەتێکی لە ژێر ناوی «ئاوردانەویەک لە کۆمەڵەی «ژکاف» و مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان» پێشکێش کرد و هەروەها بەستێنەکانی دروستبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد بوو.

لە بڕگەی دووهەمی سمینارەکەدا کاک عومەر باڵەکی ئەندامی، دەفتەری سیاسیی حیزب، باسێکی لەبارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبەری و ئیدارەی کۆماری کوردستان و پرنسیپە قانونییەکانی کۆماری کوردستان، پێشکەش کرد.

شیوەی قانوون‌دانان لە سەردەمی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان و لایەنە قانونییەکانی ئەو دەوڵەتە کوردییە تەوە سەرەکییەکانی باسەکانی بەڕێز عومەر باڵکی لەو سمینارەدا بوون.

### یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەولێر و زۆر لە وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا بەرز ڕاگیرا

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتان و ناوچەکان لە ئورووپا و ئەمریکا بەبۆنەی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕیاد و ڕێوڕەسمیان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمانەدا یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی کۆماری پڕشکۆی کوردستان بەرز ڕاگیراوە و لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەڵێن و پەیمانی وەفا نوێ کراوەتەوە.

ئەو وڵاتانە بریتی بوون لە کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد، کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری کۆڵن، کۆمیتەی حیزب لە تڕۆندهایمی نۆڕویژ، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند، کۆمیتەی ئەمریکای حیزبی دێموکڕات لە ناوچەی واشنگتۆن، کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بلژیک لە شاری ئانتوەرپن و کۆمیتەی ناوچەی "رۆگلاند"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆڕویژ.

لە شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستانیش یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی شایان‌دا یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسم و کۆڕیادانەدا بە وتار و پەیام باس لە فەلسەفەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەسکەوتەکانی کۆمار و چۆنیەتیی درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە کرا و بروسکەی پیرۆزبایی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کۆڕیادانە خوێندرانەوە.

### لە کانادا، بریتانیا، نۆڕویژ، سویس و ئۆسترالیا کۆڕیادی وەفا بۆ نەمر فەتاح کاویان ڕێکخرا

کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتانی کانادا بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی نەمر فەتاح کاویان بە بەڕێوەبردنی چەند کۆڕیادێک یاد و بیرەوەریی ئەویان بەرز راگرت.

باسکردن لە کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرزی نەمر فەتاح کاویان و ڕۆڵ و دەوری بەڕێزیان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئیدارە و بەڕێوەبەریی حیزب تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە بوون.

ئەو ڕێوڕەسمانە لە تۆرێنتۆی کانادا، کۆمۆنی شیسمۆ لە وڵاتی نۆرویژ، لەندەن لە بریتانیا، بێل لە وڵاتی سویس، ترۆندهایم لە وڵاتی نۆرویژ ولە شاری ئادلایدی ئوسترالیا بەرێوەچوون.

# لە پەراوێزی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ڕێبەریی حدک دا



**قادر وریا**

٣ مانگ لەمەوبەر کە هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، بڵاو بووەو ڕێبەریی حیزب بەرەوڕووی پرسی هەڵبژاردنی سکرتێرێکی نوێ ببووە، لە نێوخۆو دەرەوەی ئەم حیزبە، پرسیارو نیگەرانیو لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەخرانە ڕوو. هەر ئەو کات لە وتارێک لە ژێر ناوی «حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادەو وزەی نوێ»دا کە ئامانجە سەرەکییەکەی ڕەواندنەوەی نیگەرانیو گومانەکان بوو، وێڕای ئاماژە بە دوو ئەزموونی جیاواز لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە مێژووی حیزبی دیموکراتو دەرکەوتەو ئاکامەکانیان، نووسیم: «بە سەرنجدان بەم ڕاستیيەو بە بوونی ئەزموونە باشو خراپەکانی رابردوو، کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لێیان چاوەڕوان دەکرێ سەربەرزو سەرکەوتوو لەم تاقیکردنەوەیەی بەردەمیان بێنە دەر. ئێستا کە بە تازەیی شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چووەو ئەم پلینۆمە وێڕای جێبەجێکردنی کۆمەڵێک کارو ئەرکی دیکەی، توانیویەتی سکرتێرو جێگری سکرتێرێکی نوێی لە ڕەوتی ڕەقابەتێکی دۆستانەو هەڵبژاردنێکی سالمو دیموکراتیکدا دیاری بکاو ئاکامەکانیشی لە گەڵ پێشوازیو پشتیوانیی سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بەرەوڕوو بووە، جێگای خۆیەتی لە سەر دوو پرسی گرنگ لەم پێوەندییەداهەڵوێستە بکەین.

نەریتی هەتا هەتایی بوونی پۆستی یەکەم تا کەنگێ؟

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە نێو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو خەڵک بە گشتیدا، زۆر جار گوێمان لێ بووە، نەگۆڕانی دەموچاوەکانی کەسی یەکەمی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بووە. زۆر جار بیستوومانە مردن نەبێ هیچ ئیرادەیەکی دیکە نەیتوانیوە ببێتە هۆی گۆڕانی کەسی یەکەمی زۆر لە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. حیزبی دیموکرات ئەم پێشەنگایەتییەی هەیە کە لە کۆنگرەی یازدەیەمی خۆیەوە ئەسلی دانانی بەربەستی دوو دەورە یا دوو کۆنگرەی لە سەر ڕێی هەڵبژێرانەوەی کەسی یەکەمی خۆی پەسند کرد. ئەم ئەسلە یا جێبەجێکردنی ئەم ئەسلەی پێڕەوی نێوخۆ، کێشەو باسی جۆراوجۆری لە نێو حیزبی دیموکراتدا بەدواوە بووو موخالیفی خۆشی هەبووە بە جۆرێک کە کۆنگرەی شازدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ئەسلەی لە پێڕەوی نێوخۆ لابرد. بەو حاڵەش ئەم ئەسلەو جێبەجێکردنەکەیو دواتر مانەوەی لە پێڕەوی نیوخۆدا هەتا کۆنگرەی ١٦ی حیزب- دانی پێدابنرێ یان نا- ڕۆڵی هەبووە لە فەرهەنگسازیو پەرەپێدانی بیری دەستاودەست کردنی پۆستی یەکەم لە حیزبی کوردیدا. ئەمەش بە مانای نەدیتنی هەمان سونەتشکێنی لە نیو حیزبێکی وەکوو حیزبی شیوعیی کوردستاندا نیە.

مەسەلەکە ئەوەیە کەسی یەکەم بە هەر ڕادەیەکیش لە پۆستەکەی خۆیدا سەرکەوتووو خاوەن ئەزموون بێ، هەتا پتر لەم پۆستەدا بمێنێتەوە، ڕێکخراوەکەی زیاتر بەو دەبەسترێتەوەو لە ئاکامدا، هەر کات لەم پۆستە لابچێ، جا بە دڵخواز بێ یا بە ڕووداوی نەخوازراو، ڕێکخراوەکە تووشی قەیرانی نێوخۆیو داکشان دەبێ. ئەمەش لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە کەس یا کەسانێکی دیکەی نێو ڕێبەریی ئەو ڕێکخراوە بە هۆی کۆبوونەوەی سەرنجەکان لە سەر کەسی یەکەم، هەتا ئەو کاتە لە پەراوێزدا دەبنو کەمتر دەناسرێن. ئەزموونێک کە حەق وایە حیزبی کوردی لەم بارەیەوە وەری بگرێ ئەوەیە، لە جیاتی هێشتنەوەی یەک کەس بۆ ماوەیەکی زەمانیی چەندین ساڵە لە پۆستی یەکەم داو، چڕکردنەوەو ڕاکێشانی هەموو سەرنجەکانی بەردەنگەکانی خۆی بۆ لای ئەو یەک کەسە، لەلایەکەوە کولتوورو میکانیزمی دەستاودەستکردنی پۆستی یەکەم، بگرێتە بەرو ماڵاوایی لە نەریتی «ڕێبەر»ێک بۆ هەتا هەتایە بکا، لە لایەکی دیکەوە، هەموو سیماکانی خۆی لە پێناوی بەرجەستەکردنەوی



سیمای کەسی یەکەمی خۆیدا، نەشارێتەوە. حیزبێکی ئەمڕۆییو دیموکرات لە جیاتی یەک ڕێبەر، دەبێ ڕێبەریی بە کۆمەڵو، لە جیاتی یەک سیما(یەک دەموچاو) بۆ دەرکەوتن لە هەموو بوارو مەجالێکدا، پێویستە لە هەر بوارو مەیدانێکدا چەندین سیمای هەبێ کە یەکتر تەواو دەکەنو بە یەکەوە، چاوەڕوانییەکانی دڵسۆزان و دۆستانی حیزبەکە وەدی بێنن. ئەمە هەم لە گەڵ سیاسەتو حیزبایەتیی بە شێوەیەکی عەقڵانیو مودێڕن سازگارە، هەم لە درێژخایەندا ئاکامی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوەو بۆ داهاتووی خۆدی ڕێکخراوەکە بە سوودە، چونکە لە کولتوورو فەزایەکی ئەوتۆ دا، ڕێبەرانێکی زۆر بۆ حیزبەکە پەروەردە دەبنو حیزب لە سەر کەسی گونجاو بۆ پۆستی یەکەم پەکی ناکەوێ.

دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سێبەری «بەرپرسیاریەتیو دەروەستی»دا

زۆر لە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانو وەفدەکانی حیزبو لایەنە جیاوازەکان کە لەم چەند حەوتووەی دوایی دا، بۆ پیرۆزبایی لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵوگۆڕە نوێیەکانی نێو ڕێبەریی حدک، یا بۆ هاوخەمی بە دوای تەقینەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلداو کۆچی دوایی نەمر فەتاحی کاویان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردوە، خۆیان وتەنی بە شتێک «موعجیب» بوونو سەرسوڕمانو خۆشحاڵیی خۆیان لەو بارەیەوە نەشاردۆتەوە. کاتێک دەیان بیستودەیاندیت:

– دووکاندیدا کە پێکەوە لە سەر پۆستی سکرتێری ڕەقابەتیان کردوە، لە جیاتی ئاکامی هەڵبژاردنەکە ساردی بخاتە نێوانیان، هاوکاری لە نێوانیانیدا بەهێزتر کردوە،

– سکرتێری پێشوو کە دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ئاست سکرتێرو جێگری سکرتێری نوێ، نەک هەر بێخەمو بێتەفاوت نیە بەڵکوو هاوکارو پشتیوانیانەو سەرەڕای ڕێزو جێگەو پێگەی تایبەتی لە لای ئەوانو دەفتەری سیاسیو سەرجەم ڕێبەریو کۆی حیزبەکە، وەک ئەندامێکی بە دیسیپلینی ڕێبەری لە گەڵ سەرووتری خۆی هەڵسوکەوت دەکاو بەم جۆرە نموونەیەکی جوان لە چۆنیەتیی تەعامول لە گەڵ ئالوگۆڕی دیموکراتیک لە نێو ڕێبەریی حیزب دەخاتە ڕوو،

– ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە هەر کامێک لەوان دەیانتوانی کاندیدایەکی مەقبووڵی پۆستەکانی یەکەمو دووهەمی حیزب بنو شانسی گەیشتن بەم پۆستانەشیان هەبووە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە حسێبانە، هاوکاری سەمیمیی سکرتێری نوێنو تەنانەت ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی هاوڕێیەکیان لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندییەوە بێتە نیو دەفتەری سیاسیو هاوکاریش بوون بۆ ئەوەی دەسبەجێ بە جێگری سکرتێری گشتی هەڵ بژێردرێ،

– کۆمەڵێک کەسایەتی لە ڕیزی پشتیوانانو هاوکارانی نزیکی ڕێبەریی ئەم حیزبە دان کە هەر کامێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژان سکرتێرو جێگری سکرتێرو ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بوونو پلەو بەرپرسایەتیی بەرزیان لە حیزبی دیموکراتدا هەبووە. ئێستاش بێ ئەوەی لە ڕێبەریی حیزب دابن، وەک پێشمەرگەو سەربازێک لە خزمەت حیزبەکەیانو ڕێبەریی ئەو حیزبە دانو لە هیچ هاوکاریو دڵسۆزییەک درێغی ناکەن!!

ئەم دیاردانە لە ناوچەیەکو لە نێو کولتوورێکی سیاسیدا کە هەتا ئێستاش شایەدی زۆر دژکردەوەی نەخوازراو لە کاتی ململانێیەکانی هەڵبژاردنو لە جەنگەی هەوڵدان بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە نێو کۆمەڵو تەنانەت لە نیو حیزبەکانیدا بووە، حەق وایە نرخی خۆیان بدرێتێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، خاوەنی ئەو ناوەرۆکو پوتانسیەلەیە کە توانی کەسایەتییەکی وەک بەڕێز خالید عەزیزی بێ ئەوەی پێشینەیەکی لە دەفتەری سیاسیی حیزبەکەیدا بووبێ، بگەیەنێتە لوتکەی ڕێبەریو دەسەلاتی ئەم حیزبەو، لە تواناکانی ئەو کەسایەتییەو زەرفیەتەکانی حیزب، جۆرێکی نوێ لە سیاسەتکردنو حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕوو. ئەم حیزبە هەر وەک لە دەستاودەستکردنی سەرکەوتووانەی پۆستە یەکەمەکانی لەم ڕۆژانە دا نیشانی دا، توانای دەرچوون لە زۆر تاقیکردنەوەی دیکەش لە خۆی دا بەدی دەکا. حیزبێک بەم ئەزموونو زەرفیەتانەوە، هەتا ئەو کاتەی لە ئاڵوگۆڕە نیوخۆییەکانیدا، «بەرپرسیاریەتی»و «دەروەستی» ڕێنوێنو ڕێنیشاندەری ڕێبەرانو تێکۆشەرانو ئەندامانی بن، دەتوانێ بە سەر ژانو ئێشی گرتنە پێشی ڕچەشکێنیو کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی نوێو بوێرانەدا سەر بکەوێ.

# چەند چالاکییەکی دیکەی حیزب

## وەڵامی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نامەی لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست

کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نامەیەکدا وەڵامی نامەی پیرۆزبایی لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستی دایەوە کە بەبۆنەی هەڵبژێرانی بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ناردبوو.

دەقی ئەو نامەیە بەمجۆرەیە:

بەڕێز لوئیس ئەیالا!

سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستو دۆستی خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزت بە بۆنەی هەڵبژاردنم بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێگ شاد خۆشحاڵ و دڵگەرمی کردم.

هیوادارم بە هاوکاریی ئێوە لە ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا بتوانین زۆرترین و باشترین دۆست بۆ بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیدا بکەین و لەو ڕێگایەشدا دۆستە سۆسیالیستەکانمان هاوکار و یاریدەدەرمان بن؛ هەروەها ناوەندی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست ببێ بە مەکۆی ئەو دۆستە خۆشەویستانە.

ئەمن دۆستانی خەڵکی کورستانو حیزبی دێموکرات لە ئینتێرناسیونال سۆسیالیست دڵنیا دەکەمەوە بە هەموو تواناوە کار بکەم بۆ ئەوەی لە ئەرکو بەرپرسایەتیی تازەمدا بە هاوکاریی هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکرات تێبکۆشم بۆ جێخستنی پڕەنسیپە مرۆییو دێموکڕاتیکەکانو دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو دێموکراسی و وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستانی ئێران.

به هیوای دیدارو بەردەوامیی پێوەندییەکانمان
بەرێزەوە

**مستەفا مەولودی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ ی ژانویەی ٢٠١٧**
**٥ ی ڕێبەندانی ١٣٩٥**

---

## سەردانی شاندێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان

پێش‌نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ١٠ ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌یان کرد و لەلایەن کاک مستەفای مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزب و چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا بەڕێز کاکەمین نەجار وێڕای گەیاندنی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی سکرتێری نوێی حیزبی دێموکڕات، پەیامی برایەتی و دۆستایەتیی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دووپات کردەوە و جەختی لەسەر بەردەوامی و قووڵکردنەوەی پێوەندیی هاوکاریی و دۆستایەتیی نێوان دوولایەن کردەوە.

---

## سەردانی شاندێکی یەکگرتووی ئیسلامی لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢ی ڕێبەندان شاندێکی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی بە سەرپەرستیی مامۆستا ئەبووبەکر عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکگرتوو سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێڕی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو تەوەرێکی باسەکانی ئەو دیدارەدا مامۆستا ئەبووبەکرعەلی لەو پێوەندییەدا بە ستایشو قەدرزانییەوە باسی لە پڕەنسیپ و بنەما دێموکڕاتیکەکانی حیزبی دێموکڕات لە گۆڕانی پێکهاتەی ڕێبەری، بە تایبەت گۆڕینی سکرتێرەکانو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی کرد و هیوای خواست کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وەک بایەخێک سەیری ئەو گۆڕانکارییە بکەن.

---

## سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی ڕێبەندان هەیئەتێکی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرستیی کاک شۆڕش حاجی، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان‌یان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو یەکێک لە تەوەر و باسەکانی ئەم دانیشتنەدا باس لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کرا و بە لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆیی هەر کام لەو دوو بەشەی کوردستان، دوو لایەن لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کلیلی سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگەکان و پاراستنی دەسکەوتەکان و سەرخستنی دۆزی کورد لەو هاوکێشانە تەنیا لێکتێگەیشتن، سازان و ڕێککەوتنو یەکبوونە.

# خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە ڕۆژەڤ

## (بەشی سێهەم و کۆتایی)



ئاسۆ حەسەنزادە

### پێوەندیی نێوان خەباتی چەکداری و شێوەکانی دیکەی خەبات

بابەتێک کە هەمیشە لەنێو بژاردە سیاسی و مەدەنییەکان چ لە ئێران و چ بەتایبەتی لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان زۆر جێگای مشتومڕ بووە، کاریگەریی خەباتی چەکداری و مێتۆدە سەختەکانی تێکۆشان لەسەر خەباتی مەدەنی و مێتۆدە نەرمەکانە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە تیئۆریی خەباتی چەکداری لە مێژووی نوێی ئێران‌دا زۆرتر لە کەناڵی فکری مائۆ و لەسەر دەستی چەپی شۆڕشگێری ئێران هاتۆتە نێو فکری سیاسیی نەیارانی ڕێژیمی شا. لەحاڵێکدا کە بەپێی ڤێرژنی ئەسڵی و یەکەمی ئەم تیئۆری‌سازییە خەباتی چەکداری ڕێگایەکە بۆ ئەوەی هێزێکی پێشڕەو خەبات بە جەماوەری بکا و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەدەوری ئامانجێکی سیاسی ئەرکدار و چالاک بکا(١)، لەو سەردەمەدا کە کورد و حیزبی دێموکڕات بەشێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام خەباتی چەکداری‌یان بەڕێوەبرد، واتە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەلەبەرچاوگرتنی باڵادەستی و پڕڕەنگبوونی کارزاری چەکدارانە لە کردەوەی سیاسیی حیزبی ئێمەدا، هێندێک لە فکرسازە چەپەکان کە کێشەی بنەڕەتی‌یان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد هەبوو، حیزبی دیموکراتیان بەوە تاوانبار دەکرد کە جگە لە شەڕ شتێکی دیکە نازانێ و کارکردی نەریتگەرایانەی پێشمەرگە ئەنجامێکی نیە جگە لە پاسیڤ کردنی چین‌وتوێژەکانی تری کۆمەڵگا و پشت‌گوێ خستنی هەر چەشنە جەهانبینی‌یەکی نوێ بۆ کۆمەڵگا.(٢)

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وەک لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا باسمان کرد، باڵادەستی و پڕڕەنگبوونی مێتۆدی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات بەتایبەتی لە دەهەی شەستی هەتاوی‌دا پێش ئەوەی ئاقاری هەڵبژێردراوی کوردەکان خۆیان بووبن، حاڵەتێکی داسەپاو و بەرهەمی سیاسەتی خودی ڕێژیم بوو؛ هەروەک کە لە سەردەمی ئێستاشدا پڕڕەنگنەبوون و باڵادەست نەبوونی مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات لە بیرکردنەوە و بەرنامەڕێژیی تێکۆشەرانی کورد لە ئێران‌دا لەبەر ئەوە نیە کە کوردەکان بۆخۆیان حەز نەکەن پرسی ماف و داخوازییەکانیان تەنیا و پێش هەموو شتێک لەم بەستێنەدا ببەنە پێش. بەڵام ئەگەر واشی دابنێین کە هێزێکی سیاسیی بەرپرسیار دەبێ لەو ڕێژەیە لە یاریی سیاسی کە لە کۆنترۆڵی خۆی‌دایە بۆ دروستکردنی بوار و بەستێنە نوێ و کەم تێچووترەکان تێ‌بکۆشێ، زۆر بەر لە دەستپێکردنی خەبات یان خۆڕاگریی چەکداری بەشێوەی سیستماتیک لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بایەخ و پێویستیی مێتۆدە سۆفتەکانی تێکۆشان لە ئەدەبیات و کارکردی سیاسیی ئەو حیزبەدا جێیان بۆ کراوەتەوە. بۆ نموونە لەو ڕاپۆرتەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بۆ کۆنفرانس و کۆنگرەی سێهەمی حیزب کە پێشتر پشتمان پێ بەست هاتووە: «ئێمە ئەوەندەی پێمان بکرێ تێدەکۆشین هێندێ دروشمی ڕۆژ وەک بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی و ئازادیی زیندانییانی سیاسی هەر لە چوارچێوەی ڕێژیمی شادا بەسەر ئەو ڕێژیمەدا بسەپێنین. ئەوە دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی گشتیی خەبات نیە کە لابردنی ڕێژیمی شایە بەڵکوو خەباتی ڕۆژە. خەبات بۆ داخوازەکانی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگا بۆ خەباتی درێژخایەن و توندوتیژ خۆش دەکا و تاقیکردنەوەی نوێ دەداتە دەست کۆمەڵانی خەڵک و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر قانیع‌یان دەکا کە بە خەباتی ڕێکوپێک دەتوانن هێندێک لە داخوازەکانیان بەسەر ڕێژیمی شادا بسەپێنن».

ئەگەر لە مەودایەکی مێژوویی‌دا چاو لە دیاردە و ڕووداوەکان بکەین و ئەم ڕاپۆرتە پێوەند بدەینەوە بە دوایین ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدەهەم، دەبینین کە جیا لەوە کە لە بنەماکان‌دا حیزبی ئێمە لەسەر هەمان ئەو ڕێچکە باوەڕی و ڕەفتاری‌یە ڕۆیشتووە؛ جیا لەوە کە هەرگیز لەو دەرفەتانە کە بۆ کاری سیاسی و خەباتی جەماوەری هاتوونە پێش غافڵ نەبووە (بۆ نموونە مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتییەکانی زستانی ١٣٧٧ و هاوینی ١٣٨٤ی خەڵکی کوردستان، هەڵوێستمان لەگەڵ هێندێک لە هەڵبژاردنەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، ڕوانگەمان بۆ چالاکانی مەدەنی، ... هتد)؛ جیا لەوەش کە خیسڵەتی بەکردەوە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی حیزبی دیموکرات ئەو حیزبەی هان‌داوە کە لەگەڵ ئەوەدا کە پرسی شوناس بە دەلیلی وجوودیی خۆی بزانێ سەرنج و بایەخی گەورە بە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بدا، هاوکات هەڵکشان و گۆڕانێکی کەیفیەتیشی لە ڕوانینی خۆی بۆ مێتۆدە غەیرە چەکدارییەکان‌دا پێک هێناوە. بەتایبەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەدا کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لەنێو خاک و خەڵکی خۆی‌دا حزوور و تێکۆشانی تەشکیلاتیی هەبووە، حیزبی ئێمە ئەو لایەنە سیاسییەی ڕۆژهەڵات بووە کە لە گوتاری سیاسی و بەرنامەڕێژیی ڕێکخراوەیی خۆی‌دا زۆرترین شوێنی بۆ مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات کردۆتەوە و بەهۆی ڕاستوێژی و تابووشکێنیی لەو پێوەندییەدا تەنانەت حازر بووە تێچووی سیاسییش بدا.

لەهەرحاڵدا باوەڕی ئێمە ئەوە نیە کە خەبات، خۆڕاگری یا حزووری چەکدارانەی پێشمەرگە بە خودی خۆی هەڕەشە یان بەدیل بۆ مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیشدایە. بەڵکوو هەردووکی ئەم ئاقار و شێوازانەی خەبات پێویستە لە چوارچێوەی تێکۆشانێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە هەماهەنگ و تەواوکەری یەکتر بن. بەرزی و نزمی و ڕێژەی هەر کام لەو مێتۆدانەش دەبێ لەژێر ئامانجێکی سیاسی و بەپێی قۆناغەکان و هەلومەرجی ڕۆژ و ڕەفتاری دەوڵەتی ناوەندی دیاری بکرێن.

### فاکتەری هەلومەرج بۆ بردنەپێشی خەباتی چەکداری

لە کاردروستایی تێکۆشەرانی هەر گەلێکدا بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی سروشتی ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆ وەها کردەوەیەکی گەورە و پڕ دەرەنجام لە هەموو ڕوویەکەوە (چ بۆ سەر گیانی ئەنجامدەرانی ئەم شێوازە لە خەبات و چ بەگشتی بۆ سەر ژیان لە کۆمەڵگادا و بەستێنی سیاسی و گشتی) کامە فاکتەر و پێداویستییانە دەبێ لەبەر چاو بگیرێن و پێوەندی و ڕیزبەندی نێوان فاکتەر و پێداویستییەکان دەبێ چۆن و بە چ شێوەیەک ڕێک بخرێ. لێرەدا لەگەڵ ئەوە کە هەمیشە هەلومەرج وەک فاکتەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ مامەڵە و ساغبوونەوە لە وەها پرسێکدا چاو لێ کراوە، فاکتەری زەینی واتە ئیرادەش هەمیشە وەک دیاریکەرێکی بەرجەستە لە بەرامبەر فاکتەری هەلومەرجدا قوت بۆتەوە و تەنانەت لە بیری تیئۆریسیەنە مەیدانییەکانی خەباتی چەکداریی گەلان لە جیهاندا بۆ نموونە خودی چەگوارا وا دەردەکەوێ کە ئەوەی گرینگتر و بڕیاردەرترە فاکتەری دووەمە.(٣)

ڕاپۆرتە پێشتر ئاماژەپێکراوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بۆ کۆنگرەی سێهەمی ئەو حیزبە لەو پێوەندییەدا هێندێک شتی باس کردووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا دەکرێ وەک ئاکسیۆمێک(ئەسڵێک کە بنەمای بیرکردنەوەمانە) بۆ کار و کردەوەی ئەو حیزبە و بەگشتی تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لێ بکرێ. لەم ڕاپۆرتەدا دەخوێنینەوە : «ئێمە خەباتی چەکدار بە شێوەی ئەساسیی خەباتی خۆمان دادەنێین و پێمان وایە کە تاقە شێوەی مومکین بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی شایە. بەڵام هەتا هەلومەرجی پێویست بۆ دەستپێکردنی ئەم خەباتە پێک نەیە، خەباتی چەکدار بە دروشمی ڕۆژ دانانێین. ئەوە ڕێگای حیزبێکی شۆڕشگێڕە. ڕێگای ڕێکخراوێکە کە هەست بە مەسئوولییەت دەکا. بە بڕوای ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەباتی چەکدار لە کوردستانی ئێران پێویستە گەلی کورد ئامادە بکرێ، لانی کەمی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری ئەوتۆ کە باس کرا پێک بێ، یەکێتیی کردەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی ئێرانی کە لە خەباتی چەکداردا بەشدارن دابین بکرێ، ئەو گیروگرفتانەی کە پێوەندییان بە کوردستانی عیراقەوە هەیە بە قازانجی خەباتی چەکدار لە کوردستانی ئێران حەل بکرێن و یارمەتیی دەرەوە بۆ ئەو خەباتە ڕابکێشرێ. ئێمە ناتوانین هیچ یەک لەم شەرتانە لەبیر بەرین، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەش نابین کە هەموو ئەم شەرتانە وێکڕا سەدی سەد جێبەجێ بن جا ئەودەم خەباتی چەکدار دەست پێ بکەین».

شتێکی گرینگ کە پێویستە لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە بەهۆی وێکچوونی هەلومەرجی ئێستای خەباتی کورد لە ئێران لەگەڵ ئەو هەلومەرجە کە نزیک بە چل و پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەم ڕاپۆرتەی سەرەوەی تێدا نووسراوە، لە ساڵانی دوایی‌دا ئەوە کە ئایا هەلومەرج بۆ دەستپێکردنەوەی کردەوە یا لانیکەم حزووری بەرچاوتری چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارە یا نا، دیبەیتێکی گەرم و زۆر جار ناسالمی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێ کەوتۆتەوە. ئەوە کە پێویستییەکانی خەباتی چەکداری لە سەردەمی ئێستادا چین و ئەوە کە ئایا بەڕاستی مێتۆدە باوەکانی سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بۆ سەردەمی ئێستاش دەگونجێن، لە دەرفەتی ئەم وتارە و شارەزایەتیی نووسەرەکەی بەدەرە. تەنیا شتێک کە دەکرێ لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە هەر هێزێک کە بەرپرسیارانە لەگەڵ هەلومەرج و دەرفەتەکان مامەڵە بکا و هاوکات ڕیسالەتی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی خۆیشی لەبیر نەچێتەوە، پێویستە لە مامەڵە و بڕیار و هەڵوێستی لەو بوارەدا هاوکات هەم واقعبین بێ، هەم نەترس. بە دیوی یەکەمدا، واقعبینی لەو پێوەندییەدا یارمەتیمان دەکا کە ئەگەر باسکردن لە خەباتی چەکداریمان بۆ لە خودی بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری گرینگتر نیە، پێویستە ڕێک بەو مێتۆدە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکەین کە لە ڕاپۆرتە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوەدا باس کراوە. ئەگەریش هات و لایەنێک یان چین و توێژێکی نێو کۆمەڵگا لەو پێوەندی‌یەدا ڕەخنە و تێبینیی هەبوو، نابێ پێمان وابێ ئەو لایەن یان چین و توێژە لە ئێمە کەمتر دڵسۆز و نیشتمانپەروەر یان لە ئێمە کەمتر خەباتگێڕ و وڵاتپارێزە بۆیە شتی وا دەڵێ. بە دیوەکەی تردا، هەر لایەنێک (جا ئەو لایەنە بۆخۆمانین یان لایەنێکی دیکە) کە بە پێشکەشکردنی تێچووی زۆر گەورە لە بارەگای میللەت‌دا لە فکری دەرچوون لە دۆخی نادڵخوازی ئێستا و لە هەوڵی بووژاندنەوەی زیاتری خەبات و تێکۆشان لە بەستێنی شۆڕشگێڕی‌دا بێ، دەبێ کاری ئەو لایەنە بە ئیحترامەوە چاو لێ بکرێ. هاوکات هەروەک کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم دروست نیە هیچ لایەنێک بە تاقی تەنیا ئەو کارە بکا، گرتنەوەبەری مێتۆدی چەکدارانەش ئەو کاتە بەڕاستی بەبەرهەم و کارساز دەبێ کە ئەو کارە بەرهەمی پێکەوە کارکردن و لێکگەیشتنی زۆربەی لایەنە سەرەکی و مەیدانییەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

ڕوانینی لایەنەکانی ئێرانی بۆ خەباتی چەکدارانەی کوردەکان

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پارچە پارچە و لە واقعییاتی کۆمەڵگای ئێرانی دوور کەوتۆتەوە و گرفتاری کۆمەڵێک باس و خواس و سنووربەندیی بێ‌کەلک و سەردەم بەسەرچووشە. سەرباری هێندێک گەشەسەندنی پۆزەتیف و هەڵوێستی جێگای ستایشی هێندێک لایەن و کەسایەتیی سنووردار، لە جەوهەردا ڕوانینی لایەنە ئێرانییەکان بۆ پرسی نەتەوایەتی و پێکەوەژیان لە ئێران‌دا لەچاو ئەوە کە سی و پێنج ساڵ پێش ئێستا هەیانبوو ئەگەر خراپتر نەبووبێ، زۆر باشتر نەبووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بابەتەکەمان، بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بڵێین بەهۆی هەلومەرجی ناوچە و تا ڕادەیەکیش لە ئەنجامی فرتوفێڵ و کارلەسەرکردنەکانی پشتی پەردەی خودی ڕێژیم، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەسەریەک سەبارەت بە ئایندەی ناسنامەی ئێرانی و تەواوەتیی ئەرزیی وڵات و چۆنیەتیی هێنانەدیی ئەلترناتیڤی سیاسی، ئەمڕۆ زیاتر لە پێشوو لە ڕوانینەکاندا مەزنیگەرا و لە شێوازەکاندا کۆنسەرڤاتیڤ بووە. بۆ نموونە لەو شوێنەدا کە لە زەمانی شادا ڕووناکبیران و سیاسییەکانی چەپی نزیک لە «جەبهەی میللی» لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیی سیاسی و یارمەتیی لۆژیستیکیان بۆ ئەو بڕە کەمە لە جووڵەی چەکداریی چریکەکان بۆ تێکدانی «دوورگە ئارامەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست» کۆ دەکردەوە، هەمان ئەو کەسانە ئەمڕۆ لەپێوەندی لەگەڵ حزووری مەیدانی و چەکدارانەی کورددا بەبێ دوودڵی ئەم ئاقارە مەحکووم دەکەن و بە قەولی خۆیان بە هۆکاری لەباربردنی دەرفەتی گۆڕانی نەرم و بە سوریە کردنی ئێرانی دەزانن. نووسەری ئەم دێرانە لەو باوەڕەدایە کە وێڕای ئەوە کە هاوخەباتی و لێکگەیشتن لەگەڵ ئێلێمنتە بەوەزنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یەکجار زۆر گرینگ و پێویستە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکا و نابێ هیچ پارچەیەکی کوردستان ئاجێندای خەبات بۆ پارچەیەکی دیکە بۆ دیاری بکا، ئەو وتە و باوەڕە دەبێ چەند قات قایمتر و ڕاشکاوانەتر لەپێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا جێبەجێ بکەین (لانیکەم تا کاتێک کە حازر بە دانپێدانانی بەکردەوەی جەوهەری پرسی کورد لە ئێران دەبن). لە سەردەمی ئێستادا سەرکەوتن و هەستانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، بە مەرجێک بە یەکگرتوویی ئەو کارە بکا، لە بەهێز کردنی هەرچی زیاتری ڕەهەندی مەیدانی و قائم بە زاتی خەباتەکەی خۆیدایە.

ئەنجام : خەباتی چەکداری، فاکتەری ترازێنەر یان سازێنەری نێو بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات

لە سەرەوە و لەپێوەندی لەگەڵ فاکتەری هەلومەرجدا باسی ئەوەمان کرد کە بەداخەوە لە ساڵانی دوایی‌دا پرسی خەباتی چەکداری لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ یەکخستنی گوتار و کرداری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بۆتە فاکتەرێکی نوێ و «مزید بر علت» بۆ دڕدۆنگی و لێکدوورکەتنەوەی ئەو هێز و لایەنانە. لەلایەک، ئەو هاوبەشییە لە ڕوانین‌دا کە لەپێوەندی لەگەڵ ئەم پرسەدا لەنێوان بەستێنی شۆڕشگێڕی و بەستێنی مەدەنی‌دا زەروورە، بەو جۆرەی پێویستە کاری بۆ نەکراوە. لەلای دیکەش،لەنێوان خودی هێزەکانی بەستێنی شۆڕشگێڕی‌دا هێشتا لێک حاڵیبوونێکی بەکردەوە و بەرهەمدار کە هاوهەنگاویشی لێ بکەوێتەوە نەهاتۆتە دەست. هەربۆیە زۆر گرینگە بژاردە و لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لەسەر هەردوو بەستێن و لەنێوان هەردوو بەستێندا بە دووربینی و دڵئاوەڵایی و حەوسەلەیەکی زۆرترەوە کار لەسەر ئەو پرسە بکەن و نەک هەر لە ڕوانیندا بەڵکوو لە مەیدانی کردەوەشدا لەسەر نەخشەڕێگایەکی هاوبەش یا لانیکەم هەماهەنگ ڕێک بکەون.

ساڵی ١٩٨٨، کاتێک پاش پەسندکرانی بڕیارنامەی ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕی عیراق و ئێران کۆتایی پێ دێ، ئەو نیگەرانی‌یە لە دڵی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا زیندوو بۆوە کە ڕەنگە ئاشتیی ئەمجارەش لەسەر حیسابی بزوتنەوەی کورد بێ و سیناریۆی ساڵی ١٩٧٤ ی کورد لە عیراق ئەمجار بەدژی کورد لە ئێران دووبارە بێتەوە. لە هاوین و پاییزی ئەوساڵەدا دوکتور قاسملوو نامەیەک بۆ گزاڤیە پێرێز دیکویلار سکرتێری گشتیی ئەودەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێ و لە ئەنستیتۆی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەمریکای لاتین‌یش لە مادرید وتارێک پێشکەش دەکا. ناوبراو وێڕای ئەوە کە ڕەتی دەکاتەوە کە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەیەکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاپیتولاسیۆن (خۆبەدەستەوەدان)ی کورد و حیزبی دێموکڕاتی لێ بکەوێتەوە، دڵنیایی دەدا کە هەتا کاتێک کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەرنج نەداتە پرسی کورد لە ئێران و هەتا کاتێک وڵامی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا نەدرێتەوە، ئەو گەلە بە هەر ڕێگایەک کە لەبەردەستی بێ (بخوێنەوە بە خەباتی چەکداریشەوە) خەباتی خۆی هەر درێژە دەدا.

(١) امیر پرویز پویان، ضرورت مبارزه مسلحانه و رد تئۆری بقا، انتشارات چریکهای فدائی خلق ایران، ١٣٥٠.

(٢) منصور حکمت، مصاحبه با «کمونیست»، شماره ٦٠، بهمن ماه ١٣٦٩.

(٣) Guevara, Ernesto: Guerrilla Warfare, Souvenir Press, ISBN ٩٧٨-٠-٢٨٥-٦٣٦٨٠-٤.

---

# چەند هەواڵی ئێران

### سەدی ٢٨ی بنەماڵەکانی ئێران هەژارتر بوون

سەدی ٢٨ی ئابووریی بنەماڵەکانی ئێران دابەزیوە و بێکاری گەیشتۆتەی ئاستی مەترسیدار.

ئەحمەد مەیدەری، جێگری وەزیر تەعاون، کارو خۆشبژیویی گوتی، بنەماڵەکانی ئێران لە ماوەی ساڵەکانی ٨٤ بۆ ٩٢ لە بواری ئابوورییەوە سەدی ٢٨ هەژارتربوون. بە قسەی ناوبراو زیاتر لە یەک لە ٤ی بنەماڵەکان بۆ گرووپەکانی خوارووی هەژاریش دابەزیون.

ناوبراو دابەزینی داهاتی بە هۆکاری سەرەکیی هەژاریی بنەماڵەکان زانی و گوتی کە دابەزینی داهاتی سەدی ٧٩ بنەماڵەکانی ئێران بۆ نەبوونی کار و کاسبی دەگەڕێتەوە. ئەو سەدی ٤٥ی ئەو بنەماڵانە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بێکاربوون و لە هەژارەوە بۆ هەژارتر ڕۆیشتوون.

### زیاتر لە ١٢ هەزار کەس بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ئێران گیانیان لەدەست دا

ڕێکخراوی پزیشکی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ٩ مانگدا ١٢ هەزار و ٧٥١ کەس بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەست داوە.

پزیشکی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ لە هەمان کاتی دیاریکراودا ٢٦٣ هەزار و ٩٠٤ کەس بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیانیان بەرکەوتووە و بریندار بوون.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە تەنیا لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ ١١٤٠ کەس بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کوژراون و ٣٧٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون و زیانیان بەرکەوتووە.

ئامارەکان دەڵێم بڕی زیانەکان بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ئێران ٢٥ بەرابەری وڵاتی ژاپۆن و ٣ بەرابەری وڵاتی بریتانیایە.

### یەکیەتیی ئورووپا، سەبارەت بەبەرنامەی مووشەکی ڕێژیمی ئێرانی وریا کردەوە

یەکیەتیی ئورووپا داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە لەوە زیاتر پەرە بە بەرنامەی مووشەکیی بالستیکی وڵاتەکەی نەدا و، لەوە زیاتر جیهان سەبارەت بە خۆی بێ متمانە نەکا.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە هەواڵدەرییەکان، فیدریکا موگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لەمبارەیەوە گوتی: یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە بەرنامەی مووشەکی بالستیکی ئێران زۆر نیگەرانە و، داوای لەو وڵاتە کرد کە لەوە زیاتر خۆی بێ متمانە نەکا و مووشەکی بالستیک تاقی نەکاتەوە.

لەلایەکی دیکە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە لە هەمبەر قسەکانی یەکیەتیی ئورووپا ڕایگەیاند کە بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشێلکردنی بڕیارنامەی شووڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی نییە.

هەر لەو پێوەندییەدا، محەممەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ئامریکای وریاکردەوە "کە ئەم وڵاتە لە بیانوویەک دەگەڕێ کە ئاڵۆزیی نوێ لە وڵاتەکەماندا دروست بکا."

چڕبوونەوەی گرژ و ئاڵۆزی لە نێوان تاران و واشنگتۆن لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەدوای بڕیاری دۆناڵد ترامپ بۆ قەدەغەکردنی ٩٠ڕۆژ هاتنی خەڵکی٧ وڵات کە یەکیان ئێرانە بۆ ئامریکا، دەستی پێکردوە.

### ئێرانیش لە لیستی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دایە

ڕێکخراوی ڕوونبێژیی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٦، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو لیستی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دایە و لە چاو ساڵی پێشوو پلەیەک دابەزیوە و لە پلەی ٣١مین وڵاتی جیهان دایە.

وتی دانماڕک لە بواری ڕوونبێژی لە پەلەی یەکەمی جیهاندایە و نیوزلەند، فینلاند، سۆئێد، سۆئیس، نۆڕوێژ، هولەند، کانادا و ئاڵمان لە پلەکانی خوارتری ئاستی جیهان دان و هەروەها لە قاڕەی ئاسیاش سەنگاپور، هەنگکۆنگ، ژاپۆن و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە پلەی ٢٤ لە باشەکانی ئەم قاڕەیەن.

ڕێکخراوی ڕوونبێژیی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیی و سەبەخۆیە و مەقەڕەکەی لە وڵاتی ئاڵمانە کە ساڵی ١٩٩٣ دامەزراوە و ڕێژەی گەندەڵییەکانی وڵاتانی جیهان هەڵدەسەنگێنێ.

# دواڕۆژی کورد لە هەناوی قەیرانەکانی ناوچەدا



عەزیز شێخانی

کوردەکان زیاتر لە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتوونەتە بەردەم پاڵەپەستۆ و قوربانییەکی زۆریان لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان پێشکەش کردوە. کوردەکان لە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر بێڕەحمانە کەوتنە بەر تیغی زلهێزە ناوچەیی و جیهانیەکان. ئەوان ئەو کات هاوتای نەتەوەکانی دیکە تەیار و شارەزا نەبوون و خاوەنی گەڵاڵە و چوارچێوەی کاری تێکرایی بۆ ڕۆژانی کۆتایی شەڕ نەبوون. کوردەکان وەک ئەمڕۆ لە نێو هێزە جیاوازەکاندا پەرتەوازە و لە قۆرت و پێچەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی هێزە باڵادەستەکاندا سەرگەردان بون. ئەمڕۆ ناوچەی کوردان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو ئاکامی نەرێنی بەدوای خۆیدا دێنێ و قەرەبووکردنەوەی شکان و کەوتنە مێژووییەکان کارێکی ئاسان نییە.

لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا جیهان بە شێوازێکی سەرسووڕهێنەر گۆڕاوە. کوردەکان بە بەراوەرد بە کوردەکانی سەردەمی سایکس–پیکۆ و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی گۆڕاون، بەڵام هێشتا وەک ڕابردوو گیرۆدەی پەرتەوازەیی و دابڕانن. ئەوان لە ماوەی سەدەیەکدا بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی مۆدێرنیان وەرگرتوە، بەڵام لە بەستێنی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا وەک جارانن. ناوچەگەرایی، زاراوە و عەشیرەت بە سیاسیی کراون و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانی بە ناو کوردایەتیدا وەک ئامراز کەڵکیان لێوەردەگیرێ. هەستی کوردایەتی لە کوردستاندا زیاتر لە پرسی جۆغرافیادا کۆکراوەتەوە و تاریف کراوە. ئەو ڕەوتە ئەگەرچی ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام هێشتا ویستی زۆرایەتی و تاکی کورد بۆ فێربوونی زمانی دایک، ئەدەب و وێژە و ڕامان لە ڕابردوو و پێناسەی خۆ لاوازە. ئەمڕۆ زۆرایەتی گەلی کورد نە تەنیا بە زمانی دایکی ناتوانێ بنووسێ، بەڵکو ناتوانێ مێژوو و سەربردەی هەمەلایەنیی نەتەوە و نیشتمانەکەی بخوێنێتەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی بە لاوازی دەرکەوتوە و لە بەستێن و بازنەی بەرگریکردندا شکڵی گرتوە. ئەو ناسیۆنالیزمە کولتور، زمان و گەلی خستۆتە پاشەوەی سیاسەت. لە ئاکامدا دابڕانیکی گەورە لە نێوان تاک و کۆی کوردەکاندا خوڵقاوە. کوردەکان خاوەنی زمانیکی هاوبەشی نووسین و خوێندنەوە نین، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ئاسانی بتوانن لە دەرد و مەرگی یەکتر تێبگەن و هەستی کوردایەتیی و یەکبوونیان بگاتە ئاستی پێویستی پراگماتیسم و کردار. ناسیۆنالیزمی کوردی لە پاشخانی بەهێزی کولتوریی و زمانەوانی سوودمەند نەبوە، بۆیە بزوتنەوە و ڕاپەڕینەکان بەردەوام لە بازنەیەکی دیاریکراودا ماونەتەوە و خەڵکێکی زۆر بە زانیاریی و تێگەیشتنەوە لە پرسەکاندا بەشدار نەبوون. کارکردن لە سەر کولتور و زمان ڕێگاخۆشکەری خەباتی سیاسیی و دواتر خۆئیدارەکردنە و دەلاقەی دەرفەتەکان بە ئاسانی بە سەر نەتەوەدا دەکاتەوە. پاش تێپەڕینی ١٠٠ ساڵ هێشتا پەرتەوازەیی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی، کولتوری، زمانەوانیی و تێکۆشانی کورداندا دەبیندرێ.

ناسیۆنالیزمی کوردان لە بازنەی ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکاندا جێدەگرێ. ناسیۆنالیزمی نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان بە ڕێژەیەک لیبراڵ و کراوە نەبوون و نین، کە دەرفەتی بوون، گەشەکردنی ئازاد و هاوتا بۆ هەموو لایەک بخوڵقینێ. لە ئاکامدا ناسیۆنالیزمی کوردان لە بازنەی جۆغرافیای عوسمانییەکان یان ئێرانییەکان و دواتر چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیە، عێراق و سوریەدا سرووشتی کەمایەتی بەخۆوە گرتوە. ناسیۆنالیزمی کوردی، لە ژێر دەواری ناسیۆنالیزمی ڕەق و هێرشبەرانەی دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکاندا زۆر دەرفەت و هەلی لەباری لەدەست چووە. ئاڵوگۆڕی سیستم و دەسەڵاتەکان لەو وڵاتانەدا کەمتر دەرفەتی دیالۆگی ئازاد و کراوەی لەو بەستێنەدا خوڵقاندوە و کولتور و دەربڕینەکان بەرامبەر بە پرسی مرۆڤ، گەلان، ئازادییەکان و هتد زۆر نەگۆڕاون.

داهاتووی کوردەکان بە داهاتووی دەوڵەتە سەردەست و جۆری ڕێکخستنەوەی گرێبەستی سیاسی نێوان ئەکتەرە سیاسیی و ئابورییەکانی ناوچە و جیهانەوە گرێدراوە. فاکتەرەکان وەک جاران ڕەنگاوڕەنگن و کوردەکان وەک جاران فاکتەری لاوەکین. کوردەکان بۆ ماوەی چارگە سەدەیەکە، کە لە باشووردا خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرین و، بەشێکن لە عێراقێک، کە چارەنووسی بەستراوەتەوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی. عێراقی تازە، لە سێ زۆنی شیعە، سوننە و کورددا درێژە بە ژیانی سیاسی دەدا.

کوردەکان ئەگەرچی خاوەنی ستاتوسی دێفاکتۆن، بەڵام پرسەکەیان یەک لا نەبوەتەوە. دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکان بە پڕش و بڵاوی ئیدارەی کەیسی کورد دەکەن. ئەوان لە نێوخۆدا وەک ڕابردوو ناکۆک و لە بەغدا خاوەنی سیاسەتی چەند ڕوخسارین و بە کردەوە وەک سەردەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان زلهێزە ناوچەییەکاندا پەرتەوازەن.

کوردەکان لە باشوور بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان هاودەنگ و خاوەن نەخشەڕێگای نیشتمانی نین و هەر لایەنە دەخوازێ بە جۆریک چارەسەری دۆخەکە بکرێ. ئەوان لە جیاتی کارکردن بۆ لەبەریەک هەڵوەشانی عێڕاق و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ سەربەخۆبوون، سیاسەت و دیپلۆماسی ناسەرکەوتوویان گرتەبەر. چاوخشاندنێکی لۆژیکی بە ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە دەیسەلمێنێ، کە ئەوان بە کردەوە خۆیان بۆ دواڕۆژی ڕووداوەکان ئامادە نەکردوە. ئەگەرچی گەورەترین دەرفەتی زێڕین و مێژووییان بۆ ڕەخساوە، بەڵام بەکردەوە کەمترین کەڵکیان لێوەرگرتوە. ڕوانگەی هێز و لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت خەڵک وەک جاران نارێکخراو و ئیرادەیەکی یەکلاکەرەوە نابیندرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە سەر مانەوە و جیابوونەوە لە عێڕاق هاوڕا نین، بۆیە درێژە بە بارودۆخی هەنووکەیی دەدەن، کە بەرێگاچارە ناژمێردرێ. ئەوان چاوەڕوانن، کە دۆخەکە یەکلابێتەوە و دواتر داوای پشکی خۆیان بکەن، کە لە گەڵ کرۆکیی سیاسەتی گەلان ناتەبایە.

سوریە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە هەناردەکەری سیاسەت بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەناسرا، بەڵام چەند ساڵی ڕابردووی بە دژوارترین قۆناخی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتە ئەژمار دەکرێ. خاکی ئەو وڵاتە کراوەتە مەیدانی زۆرانبازی بەرەی سوننە، شیعە، ڕۆژئاوا و ڕووسیە. کوردەکان و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە جەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بە قۆناغێکی دەگمەن و هەستیاردا تێدەپەڕن. ئەوان لە ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕین و شەڕی نێوخۆیی لە سووریەدا ڕێگای سێهەمیان هەڵبژارد. لە ئاکامدا نەبوونە دژبەری ڕێژیمی ئەسەد و تێکەڵ بە هێزە نەیارەکانی ئەسەدیش نەبوون. هێزە کوردە ڕۆژئاواییەکان وەک هێز و ڕێکخراوی پارچەکانی دیکەی کوردستان یەکدەنگ و یەک ئامانج نین و ناسیۆنالیزم و هەستی کوردایەتی لەو پارچەیەش فرە ڕەهەند گەشەی نەکردوە. ئەوان لە ژێر کارتێکەری هێزە کوردییەکانی باکوور و باشوور و دۆخی دژواری ناوچەکەیان خاوەنی سیاسەتێکی سەربەخۆ نەبوون. شایانی باسە، کە شەڕی هێزەکانی داعش دەلاقەی زۆرتری بە سەر کورد لە ڕۆژئاوا و باشووردا کردەوە وپاڵپشتی ڕۆژئاواییەکانی بۆ ئەوان تا ئیستا دەستەبەر کردووە .

هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بە هۆکاری جیاواز لە لایەن هێزە نەیارەکانی ئەسەد، ڕێژیمی بەعس و بەشێک لە دەوڵەتە کاریگەرەکان لە ڕەوتی وتووێژ بۆ ئاگربەستی درێژخایەن و هتد پەراوێز دەخرێن. تورکیە بە سەرکەوتنی کورد لە ڕۆژئاوا شاد نییە، بۆیە تێکۆشاوە ڕۆژئاوا لە بازنەی دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا ستاتوسێکی سەربەخۆ وەرنەگرێ. کوردەکان لە ڕۆژئاوا بە هێنانەگۆڕی دروشمی تازە و هەڵبەزدابەز لە ڕێباز و ئامانجەکانیاندا وتار و ڕوانگەی تەم و مژاویان بڵاوکردۆتەوە. ئەوان لە دواڕۆژی سووریەدا و لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی گەورەشدا ڕەنگە پشکێکی زۆریان بەرنەکەوێ، چوونکە پێناسەی نەتەوەیی و سروشتی سیاسەتکردنیان درێژەی جوڵە و گەشەی بزووتنەوە نێوخۆییەکان نییە. ئاشکرایە، کە ڕێژیمی ئەسەد تێکۆشاوە کەڵکی تاکتیکی لە کوردەکان وەرگرێ و ئامادە نین ویست و داخوازی کوردەکان قبوڵ بکەن. کوردەکانی ڕۆژئاوا لە ئەگەری پەراوێزخران دەتوانن لە بارودۆخی ناوچەکە سوود وەرگرن و بە پشت بەستن بە سنووره ئازادەکان زیاتر لە جاران خەباتی مافخوازانەیان چڕتر بکەنەوە و لە گەمەی وشە و درووشمەکان ڕزگاریان بێ. ئەوان دەتوانن لە مێژووی کورد لە پارچەکانی دیکە لە ڕەوتی شەڕ و ئاشتیدا سوود وەرگرن و بە چاوکراوەیی لە گەڵ ئەکتەرە بەهێزەکانی ناوچە هەڵسوکەوت بکەن. کاتەکان بەپەلە تێدەپەڕن و دەرفەتەکان ئەگەر نەخوێندرێنەوە، بە ئاسانی دووپات نابنەوە.

باکووری کوردستان و بزووتنەوە فرە ڕەهەندەکەی ڕۆژانێکی دژوار تێپەڕدەکات. تورکیە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکست و نائومێدیی بەرامبەر بە سیاسەتی یەکێتی ئورووپا، دەرکەوتنی کودەتا و هەروەها شکستی تورکیە و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە سیاسەتی زەبروزەنگی لە نێوخۆدا گرتەپێش. کوردەکان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خەباتی پارلەمانیی و فرەڕەهەندیان بەشێوەیەکی گونجاو بەرەوپێش دەبرد. یەکێتی ئورووپا لە پێوەندی لە گەڵ تورکیەدا گرینگی زۆری بە پرسی کورد و مافەکانی دەدا. شایانی باسە، کە کوردەکان لە باکوور بە هۆی سیاسەتی داپڵۆسین و تواندنەوە لە تورکییەی نوێدا، یەک پارچە لە گەڵ ناسینەی خۆیان ئاشنا نین. ئەوان لە دەنگدان و پڕۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیاندا پەرتەوازەن و لە سەر دیاریکردن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان هاودەنگ نین.

دەسەڵاتدارانی وڵات تێدەکۆشن پڕۆسە و ڕەوتی چاکسازی پرسی کورد لە وڵاتدا بەلاڕێدا بەرن. ئەوان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی، شارەزای هاوئاهەنگ کردنی تاکتیک و ستراتیژی خۆیانن. بەرپرسانی وڵات بۆ سەرکەوتن لەو سیاسەتەدا لە گەڵ کورد و دەوڵەتەکانی ئێران، سوریە و عێڕاق بە ستایلی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن. تورکەکان لە دیپلۆماسی خۆیاندا شارەزان و ئەگەر لە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا تووڕە و جاڕز بوون بەرەو ڕووسیا دەکشێن. ئەوان لە ڕۆژانی پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیە سیاسەتی خۆیان لە سەر هێڵی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکەیان داڕشتوە و بەڕێوەبردوە. کوردەکان لە بەرامبەر تورکەکاندا بێجگە لە ڕەوایەتیی خەباتەکەیان زۆر کارتی کارایان لەبەردەستدا نییە. ئەگەرچی بە بەراورد لە گەڵ ڕابردوو بزوتنەوەیەکی بەربڵاویان وەڕێخستوە، بەڵام بۆیان نەلواوە ڕەوتی خەبات بۆ ئەستاندنی مافەکانیان بەرین، قوڵ و یەکدەست بکەن. بۆ تێپەڕاندنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە، بزوتنەوەی کورد لە باکوور پێویستە سیاسەتێکی هاوتا و هاوسەنگ لە گەڵ تورکیە و دەرەوەدا بگرێتەبەر. سیاسەتی ڕۆژ، تاکتیک و ستراتیژی ناکرێ لەوە زیاتر لە گەڵ یەکتردا ناتەبا بن. باکووری کوردستان زیاتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکێتی ئورووپا سەرمایەگوزاری لەسەر کراوە و ناکرێ سوود لەو دەرفەتانە وەرنەگیرێ.

ئێران، بە ڕێویە پیرەکەی ناوچە و پرسی کوردان دەناسرێ. ئەو دەوڵەتە زیاتر لە هەموو دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا خۆی لە پرسی کورد دزیوەتەوە. بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە کۆنەوە داد و هاواریانە، کە کێشەیەک بە ناوی کورد و گەلانی دیکە لەو وڵاتەدا بوونی نییە . کوردەکان لەو وڵاتەدا وەک خزم و سنوورپارێز ناسێندراوان و هەوڵدراوە، لە ڕێگای ئەو وشە و دەستەواژانە سۆزی کوردی پارچەکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕاکێشن. کوردەکان لەو وڵاتەدا بە شێوازی جیاواز چەوساونەوە و سیاسەتی ئێران بۆ دژایەتی کورد ترسناک و دوورمەودایە. بەرپرسانی ڕێژیمی ئەمڕۆ و تەنانەت دواڕۆژی ئێران، بیری چارەسەرکردنی پرسی کوردیان لە بەرنامەدا نییە. کولتووری سیاسەت و خوێندنەوەی نەتەوەی باڵادەست بە جۆرێک داڕێژراوە، کە توانای دیتنی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان نییە. ئەوان بە شیری چەوسانەوەی کورد و گەلانی دیکە فرچکیان گرتووە و بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو سیاسەتە نابن.

کوردەکانی ڕۆژهەڵات کەوتوونە ژێر ڕکێفی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تاران و کولتووری نەتەوەی سەردەست. لە ئاستێکی بەریندا ئەوانیش لە گەڵ زمانی دایک و ناسنامەی خۆیان نامۆن و شارەزای مێژووی کۆن و نوێی خۆیان و ئەوانی دیکە نین. کوردایەتیی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان نەبوەتە کولتووری ڕۆژانە و ئەو ئەرکە بە هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان سپێردراوە. هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان وەک خەڵکی نێوخۆ دابڕاو و خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی کاری هاوبەش نین. لە نێوخۆدا جووڵە و تێکۆشان لە پێناو گەشەپێدانی زمان و کولتوردا کەمە و ڕێژەیەکی کەم لە کوردەکان دەگرێتەوە. خۆ بە ئێرانی ناساندن و قسەکردن بە زمانی نەتەوەی سەردەست لە نێو بەشێک لە کوردانی ڕۆژهەڵاتدا بۆتە کولتوور و بەمجۆرە کوردایەتی و ناسنامەی خۆیان پوشبەسەر دەکەن. تاکی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا نەکەوتوەتە سەر ڕێچکەی خۆناسین، هەرچەندە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا خوێن و قوربانییەکی زۆر دراوە.

ئێران خاوەنی خەڵکێکی سەرکزە و بە ئاسانی دژ بە دەسەڵاتدارە زاڵمەکان ڕاناپەڕێ، بەڵام درەنگ یان زوو ئەو نیزامە دەکەوێ. کورد و هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە بۆ شکاندن و دەرچوون لە بازنەی شکستەکان پێویستییان بە نەخشەڕێگای تازە و هەنگاوی کردەیی‌یە. شۆڕبوونەوە بە ناخی کولتوور، زمان، مێژوو و گەشەپێدان و ساغکردنەوەی هێڵ و ڕێبازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پڕۆژەیەکی درێژخایەن و کراوەیە. چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قسەکردن لە سەر ئەو بابەتە لە هەموو گۆڕەپانەکاندا پێویستی بە پاشخانێکی پتەوی شوناس و کوردایەتییە. ڕێگای ئازادی و گەیشتن بە ئامانجە مرۆیی و نەتەوەیی‌یەکان تەنیا بە هێز و وزەی پارتە سیاسیی و ڕێکخراو و چالاکانی کورد خۆش ناکرێ. کارکردن لە سەر کەسایەتی کورد و ڕاستکردنەوە و گەڕاندنەوەی شکۆ و کەرامەت بۆ کۆمەڵگا بە هەنگاوی یەکەم دەژمێردرێ. شەڕی کوردان لە دواڕۆژی کوردستاندا پێویستی بە تاکی باوەڕدار و کۆی خاوەن هەڵوێست و یەکدەنگە. گەلی کورد لەو پارچەیەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ڕەق و نەرمی ڕێژیم و تەنانەت دەستوپەنجە نەرمکردن لە گەڵ دژوارییەکانی سبەینێ، پێویستی بە کولتوورێکی تۆکمە و داڕێژراو، هێز و شارەزاییە. بۆ دەستبەرکردنی دواڕۆژ و بوونی داهاتوویەکی بەختەوەر دەبێ بەرەی دیپلۆماسی، ئابوری، کولتوری، زمان و وێژە، زانست و ڕاگەیاندن، خۆپاراستن و بەرنگاریی و بە تایبەت ناسنامەی سیاسی بەهێز بکرێن.

تەوژمی جوڵەی ناسیۆنالیزمی کوردان ئەوەندە بە بڕشت و کارا نییە، کە کەند و کۆسپە نێوخۆییەکان ببڕێ و لە سنوورە داسەپاوەکان بپەڕێتەوە. هێزە سیاسییەکان لە جاران زۆرترن و خاوەن بەرنامە و پڕۆگڕامی دیاریکراوترن، بەڵام بەربەستە کۆنەکان لە گۆڕەپانەکەدا چالاکن. کوردەکان بە کردەوە لە نێوخۆی پارچەکانی کوردستاندا لە یەکتر دابڕاون و لە ئاستی گشتییدا خاوەنی تێگەیشتنی هاوبەش و ڕاشکاو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکەیان نین. زمان، کولتوور، ژینگە، کەسایەتی کورد و زۆر سەرمایەی کوردان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا زەبری کاریگەریان لێدراوە و بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە. کوردەکان وەک جاران لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا لاوازن وەک گەلانی دیکە بە شێوازی مۆدێرن و ئەمڕۆیی کار ناکەن. ئەگەر کوردەکان و بزوتنەوە سیاسییەکانیان لە ڕابردوو وانە وەرنەگرن، ڕەنگە وەک ڕابردوو بەهێواشی پەراوێز بخرێن و بە گوێرەی ویستی هێزە باڵادەست و ئەکتەرە بەهێزترەکان پشتگوێ بخرێن.

کوردەکان خاوەنی وزە و هێزێکی شاراوە و نارێکخراون، کە ئەگەر لە ڕایەڵکەی خۆناسین، کوردایەتیی و نیشتمان خۆشەویستیدا یەکبگرنەوە چارەنووسی خۆیان دەگۆڕن. گەلان لە قەیرانە گەورەکاندا تاقی دەکرێنەوە و متمانەی گشتیی لە سەنگی مەحەک دەدرێ. کوردەکان پێویستییان بە هزری خۆئیدارەکردنە و هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنن، کە لەو پێوەندییەدا لاوازن. کوردەکان و هێزە سیاسیی یەکانیان لە بەردەم بژاردەیەکی دژواردان و بە بیانوی جیاواز ناکرێ گەمە بە چارەنووسی خاک و خەڵک بکرێ. ئەوان یان ڕێچکەی کۆن دەپێون و لە کۆتاییدا دەکەون یان ئەوەی بە شێوازێکی نوێ بەرەو دواڕۆژ هەنگاو هەڵدەگرن. ئەگەر کوردەکان خۆیان نەبن، کەس و لایەنی دیکە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەیان ناکا. کوردەکان هەتا ئەوکاتە بە زمانی خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ شکست و سەرکەوتن، هزر و بیری ئازادیخوازی، ناسینەی خۆ و ئەوانی دیکە نەکەن زۆر ئەستەمە بتوانن خاوەنداریەتی خاک و خۆیان بکەن. ئەوەی کە، کوردەکان لە نێوخۆدا کۆک نین و بەشێکی بەرچاو لە گەڵ کولتوور و دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە، دەیسەلمێنێ، کە دابڕانێکی گەورە لە جیهانبینی و تێگەیشتنی تاک و کۆی کورداندا هەیە. گەلانی ئازا و متمانەبەخۆ لە قەیرانەکاندا چۆک دانادەن و لە پێناوی ئازادژیان و ژینێکی سەربەستدا ئامادەی فیداکاریی و خۆڕاگرین.



# وێستگەکانی سپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



نووسینی:ڕەسووڵ سێڵەکە
وەرگێران: سمایل شەرەفی

ڕۆژی ٢٦ی نوامبری ٢٠١٦ پارلمانی عێراقبە زۆرینە، دەنگی بە پرۆژەی بەیاسایی کردنی «حەشدی شەعبی»دا و دوای دووساڵ لە دروستبوونی، ئەم گرووپە چەکدارە وەک هێزێکی ڕەسمی لە ریزی هێزە چەکدارەکانی عێراق و بە ئیمتیازی تایبەتیی وەک؛ بوودجەی تایبەت و پڕچەککردن و ڕاهێنانانەوە جێی گرت.

ئەم گرووپە لە هاوینی ساڵی ١٠١٦ و دوای پاشەکشێ و شکستەکانی ئەرتەشی دەوڵەتی عێراق بەرانبەر بە هێزەکانی داعش لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە، بە فتوای ئایەتوڵڵا سیستانی، مەرجەعی شیعەکانی عێرا ق و بە مەبەستی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکان پێک هات. لە ڕۆژەکانی سەرەتای پێکهاتنی ئەم گرووپەدا پۆل پۆل لە لاوان و خەڵکی دیکە بە شێوەی خۆڕسک بە بێ‌ڕاهێنانی سەربازی پێیەوە پەیوەست بوون و دواتر لە ژێر چاودێری سپای پاسدارانی ئێران‌دا سازماندران و بەهاوکارییەکانی ئەرتەشی عێراق و پڕچەککردنیان بە چەک و چۆڵی ئەم ئەرتەشەو، بڕینەوەی موچەو بوودجەی تایبەت بۆیان، توانیان خۆ بگرن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر بن. بە شێوەیەک کە زۆر جار پێش ئەرتەشی عێراق دەکەوتن. ئەم گرووپە چەند جارێک لە لایەن دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەوە بە تاوانی کوشتاری بێ‌بەزییانەی خەڵکی سڤیل و مەدەنی تۆمەتبار کراوە.

دامەزرانی حەشدی شەعبی زۆر وەک دامەزرانی سپای پاسداران لە ئێران دەچێ و تەنانەت چەند جارێک بەرپرسانی عێراقی ڕایانگەیاندووە کە ئەم گرووپە لە سەر بنەمای ئەزموونی سپای پاسدارانی ئێرانی دامەزراوە. ئێران جیا لە یارمەتیدانی حەشدی شەعبی لە بواری سازماندەیی و ساختاری‌یەوە، لە بوارەکانی لوژێستیکی و چەک و چۆڵی سەربازی‌یەوە، یارمەتییەکی بەرچاوی بە حەشدی شەعبی داوەوتەنانەت زۆرێک لە بەرپرسانی حەشدی شەعبی یش ڕاستەوخۆ ئەندامی سپای پاسدارانی ئێرانن.

پرسیارێک کە لەم پێوەندییەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە بۆچی سپای پاسداران و حەشدی شەعبی بەش و لقێک لە ئەرتەشی وڵاتەکانیان نین و وەک هێزێکی سەربەخۆو هاوتەریب لە لەگەڵ ئەرتەش دەجووڵێنەوە و خۆ پێناسە دەکەن.

ئەرتەشەکان لە دوو ڕێگای «کودەتا» و ڕاگەیاندنی «بێ‌لایەنی»یەوە ڕۆڵێکی بەرچاو لە شۆڕشەکان و لادانی ڕێژیمەکان و ڕێبەراندا دەگێڕن. لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا ئەرتەشی ئێران ڕێگای دووهەم( بێ‌لایەنی)ی هەڵبژاردو خێرایی بە ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی بەخشی. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و بە دەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵڵا خومەینی، بەشێک لە ئەرتەش لێک هەڵوەشابۆوە و لە هێندێک شوێن و ناوچەی ئێران‌دا، بۆشایی ئەمنیەتی و نیزامی چێ ببوو. گرووپی جیاجیای وەک؛ «سازمانی مجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی»، «گاردی ئینقلاب» و «گاردی زانکۆکان» بە شێوەی خۆبەخش و خۆڕسک بەناوی پارێزگاری لە «انقلاب» دامەزرابوون. ئەمە دەرفەتێکی بۆ خومەینی خولقاندبوو کە هاوکات لە گەڵ ساغکردنەوەی ئەرتەشی وڵات، بە تێکەڵکردن و لێکدانی ئەم گرووپە خۆڕسک و خۆبەخشانە، سپایەکی نوێی هاوتەریب لە گەڵ ئەرتەش دابمەزرێنێ کە ئەندامانی ئەم سپایە زیاتر لە ڕووی ئیدئۆلۆژی‌یەوە بەستراوە بە خودی خومەینی بن.

خومەینی بە دوو ئامانج ئەم سپایەی دامەزراند: ئامانجی یەکەم بریتی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەو لە کۆتایی‌دا لادانی تاقم و گرووپەکانی ڕەقیب و چەکدار کە لە سەرەتاکانی شۆڕش دا دامەزرابوون. هەرچەند ئەم گرووپە سەرەڕۆیانە لە لایەن خومەینی‌یەوە پشتیوانی‌یان لێ دەکرا، بەڵام ناوبراو بە تێکەڵکردن و توانەوەیان لە سپایەکدا دەیهەویست ڕێگاکانی بەدەسەڵات گەیشتن و بەهێزبوونیان لێ بگرێ. ئامانجی دووهەمی خومەینی لە دامەزرانی سپای پاسداران بێ‌بڕوایی و بێ‌متمانەیی بە ئەرتەش بوو. شارەزاییەک کە خومەینی لە ڕۆڵی ئەرتەشەکان و لایەنگرییەکانی ئەوان لە ئێران و زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیبوو، بەو ئاکامەی گەیاندبوو کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سناریۆی ئەرتەشی ئێران لە داهاتوودا بە نیسبەت دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیەوە هەر لە ئارا دایە. ناوبراو پێی وابوو بە دامەزراندنی سپای پاسداران دەتوانێ پێش بەم هەڕەشەیە بۆ سەر دەوڵەتێک کە لەوانەیە نەتوانێ وادەو بەڵێنی‌یەکانی بە جێ بگەیەنێ، بگرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە ناوبراو بە دامەزرانی سپای پاسداران نە تەنیا وەک هێزێکی هاوتەریب، بەڵکو وەک جێگرەوەیەکی ئەرتەش، هێزێکی پێک هێنا کە نەتەنیا لە ڕووی سیاسی و یاسایی‌یەوە، بەڵکوو لە ڕووی فکری و ئیدئۆلۆژی‌یەوە بەتەواوەتی بەستراوە بە ڕێبەری مەزهەبیی ئێران بوو. بەم شێوەیە خومەینی ڕۆڵی ئەرتەشی لە داهاتوودا لاواز کردو ڕۆڵی ئەم هێزەی لە هەر شێوە کودەتاو بێ‌لایەنییەک لە داهاتوودا لە نێوبرد.

شەڕی ئێران و عێراق بۆ سپای پاسداران دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی هێزێکی زۆر بگرێتە خۆ و بنەماکانی خۆی بەهێز بکات و تەنانەت ئەولاتریش بڕوات و پەل بۆ بەشە دەوڵەتی‌یەکانی بهاوێژێ. بە شێوەیەک کە ئەمڕۆ سپای پاسداران هەر تەنیا باڵێکی سەربازی نیە، بەڵکوو وەک باسکێکی بەهێزی سیاسی و ئابووریش لە معادلەکانی ناوخۆیی و دەرەکی‌دا ڕۆڵ دەگێڕی و زۆر جاریش قسەی یەکەم دەکات و نەتەنیا ڕۆڵی ئەرتەش، بەڵکوو ڕۆڵی دامودەزگا ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەوڵەتی سڕ کردووە و بۆتە بڕیاردەرێکی بەهێز و سەرەکی لە تەواوی کاروبارەکانی ناوخۆو دەرەکی‌دا.

بە دامەزران و پێکهێنانی سپای قودس وەک باسکی دەرەوەی سنووری سپای پاسداران، ڕۆڵی ئەم دامەزراوە سەربازی‌یە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پڕڕەنگتر بوو. لە سەردەمی شەڕی ناوخۆیی لوبنان لە دەیەی هەشتای زایینی‌دا، باسکی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانی سپای پاسداران، بە شێوەی خۆی کۆمەڵێک هێزو تاقمی ئیسلامگەرای شیعەی لێکداو «حیزبوڵڵای لوبنان»ی لێ‌پێکهێنان و لە ڕووی ماڵی و چەک و چۆڵەوە لە ئەرتەشی ئەم وڵاتەی وەک هێزێکی سەربەخۆ جیا کردەوە. حیزبوڵڵای لوبنان هەر وەک سپای پاسداران و، ڕاست بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ژێر چاودێری ڕێبەری ئێران‌دا بوو بە هێزێکی بەتوانای سیاسی و چەکداری لە دوو وڵاتی سووریەو لوبنان. بە شێوەیەک کە باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە سووریە، ڕابێرت فۆرد، ڕۆڵی حیزبوڵڵای لوبنانی بۆ ئێران بە وێستگەیەکی ئاسمانی شوبهاند لە ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانەدا. لە ڕاستی دا شەڕی ناوخۆیی لە لوبنان دەرفەتێکی گرینگ بوو بۆ سپای پاسدارانی ئێران بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە سنوورەکانی ئیسرائیل.

> ”دامەزرانی حەشدی شەعبی زۆر وەک دامەزرانی سپای پاسداران لە ئێران دەچێ و تەنانەت چەند جارێک بەرپرسانی عێراقی ڕایانگەیاندووە کە ئەم گرووپە لە سەر بنەمای ئەزموونی سپای پاسدارانی ئێرانی دامەزراوە“

هێرشی داعش بۆ سەر عێراق لە ساڵی٢٠١٤ و پاشەکشەو شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ئەرتەشی عێراق کە لە هەڵوەشانەوەی یەکجاری نزیک ببووەوە، دەرفەتێکی دیکەی بە سپای پاسدارانی ئێران بەخشی کە بتوانێ پرۆژەیەکی نوێی دیکەی لە ناوچەکەدا بەڕێوەبەرێت. ئەوەیش دامەزرانی هێزێکی دیکە بوو لە عێراق لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی‌دا. لەوانەیە ئەگەر هێرشی داعش بۆ سەر عێراق نەبا، دامەزراندنی ئەم هێزە بۆ ئێران هەروا ئاسان نەبا و،کاتی زۆر زیاتریشی ویستبا. پێش لە هاتنی داعش بۆ عێراق، هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئێرانی ژێر چاوەدیڕی سپای پاسداران، ئەوە نەبوون کە وەک هێزێکی سەرانسەری و پۆشتە بێنە ئەژمار. بەڵکوو لە چوارچێوەی گرووپ و تاقمی چووکە و بەستراوە بە مەلایەکی شێعەدا کۆمەڵە جموجۆڵێکیان هەبوو. هەرچەند زۆربەی پێکهاتەی حەشدی شەعبی لە خەڵکی شیعە مەزهەب پێک هاتوون، بەڵام کەمینەیەکی بەرچاویان لە سوننی‌یەکان، مەسیحی‌یەکان، تورکەمەنەکان و ...هتدی لە خۆ گرتووە. بەشێوەیەک کە لە ڕۆژی ٢٦ی نوامبری ساڵی ٢٠١٦دا زۆربەی نوێنەرانی شیعەو هێندێک لە نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی دیکە لە پارلمان بە دەنگ پێدانیان، ئەم هێزەیان وەک هێزێکی عێراقی بە فەرمی ناسی. ئەمە گرینگترین هەنگاوی حەشدی شەعبی یان هەمان سپای پاسدارانی ئێران لە عێراق بوو کە، سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی داعش لە بەئاکامگەیاندنی ئامانجی کۆماری ئیسلامی‌دا خێرایی پێ بەخشی. هەرچەند هەنگاوی داهاتووی حەشدی شەعبی لە عێراق دیار نیە بەرەو کام ئاراستەیە، بەڵام بە پێی شارەزایی و ناسینێک کە لە کاروکردەوەو نیەتی سپای پاسدارانی ئێران لە بەردەست دایە، دەکرێ پێشبینی بکرێ کە ئەویش لاوازکردنی ڕۆڵی ئەرتەشی عێراقە کە ئێستا لە ژێر چاودێری ئامریکا دایە. بە سەرنجدان بەوەیکە ئامانجی ئێران لە عێراق لاوازکردنی ڕۆڵی بەرەی ڕۆژاوا ئەمریکایە، بەهێزکردنی حەشدی شەعبی و لاوازکردنی ئەرتەشی عێراق دەتوانێ لە بە ئاکامگەیاندنی ئەم ئامانجەدا یارمەتی بە ئێران بگەیەنێ.

دوای لوبنان و عێراق وێستگەی دواتری سپای پاسدارانی ئێران لە ناوچەکەدا بە ڕوونی دیار نیە کوێ دەبێ. بەڵام بە سەرنجدان بە حزووری ئێران لە دوو وڵاتی سووریەو یەمەن و ئەو جموجۆڵانەی کە سپای پاسداران لە شەڕە ناوخۆییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا هەیەتی، لەوانەیە پرۆژەی داهاتوو، پێکهێنانی سپایەکی نوێی دیکە بێت لەم دوو وڵاتەدا.

ئیسلامی سیاسی

[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی پازدەیەم)



حەسەن حاتەمی

چەخماخەی ڕاپەڕین

لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٨) لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات دا، وتارێک لەژێر سەردێڕی « ئێران وئیستیعماری سوور و ڕەش» بە قەڵەمی کەسێک بە ناوێکی خوازراوی «احمد ڕەشیدی مطلق» بڵاوکرایەوە؛ کە ناڕەزایەتیی توند و خۆپێشاندانی حەوزەی عیلمییەی لە قوم لێکەوتەوە. هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی شا، هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و ژمارەیەک کوژران و بریندار کران و کەسانێکیش گیران. ٤٠ ڕۆژ دواتر لە مانگی ڕێبەندان دا، لە تەورێز خۆپێشاندانێکبەڕێوەچوو. سەرنێزەی نیزامییەکان و زنجیری تانکەکان ناڕازیانی خۆپێشاندەری شەقامەکانی ناوەندی شاریان بەتوندی سەرکوت کرد، کە ڕادەیەکی ئەوتۆی ڕووحانی(ئاخوند) لەگەڵ نەبوو. دواتر چلە گەیشتە تاران و شارە گەورەکان. لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٥٧ دا، خۆپێشاندانەکان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و بەربەرین بوون و شەقامەکانیان داگیر کرد.

سەرکوت و حکوومەت ی نیزامی و گرتن و زیندانی، ئەشکەنجە و ئازاری پتر هاتە ئاراوە. بەڵام کارلەکار ترازا و خەڵکانی وەزاڵە هاتوو لە دەسەڵاتی کوودێتایی شا و ناعەدالەتی و خۆبەزلزانی یەکانی کاربەدەستان وکردەوە دزێوەکانی ئەو ڕێژیمە، لەژێر دروشمەکانی» خودا، شا، نیشتمان» ، « چە فەرمانی یەزدان، چ فەرمانی شا» و...دا، بێ منەتی لەخەڵک دوای دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیز لە ساڵی ١٣٥٥(١٩٧٦) دا، و ناڕەزایەتی پەنگ خواردووی خەڵکانی بەرایی لە ئێران دا، ڕاپەڕینێکی گەورەی لێ دروست بوو.

– لە کوردستان خۆپێشاندان لە ١٥ ی جۆزەردان دا، لەکاتی ناشتنی تەرمی عەزیز یۆسفی – تێکۆشەری دیموکڕات کە پاش ٢٥ ساڵ زیندان ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو– و بەتایبەت سێیەمین ڕۆژی لە مەهاباد دەستی پێکرد و پاشان شارەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە. مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی لەسەر قەبران قسەی باشی کرد کە وزەی زۆری دا بە خۆپێشاندەران–.

ئەو چەخماخەی ناڕەزایەتییە پەنگ خواردوویە بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی کوودێتایی، پتر لە ١٣مانگی خایاند و دەسەڵاتی پاشایەتی بەمێژوو سپێردرا. ئەو وتارەی بوو بە هۆی ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینە بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیی شا، بەم شێوەیە نووسرابوو:

ئێران و ئیستیعماری سوور و ڕەش

«ئەو ڕۆژانە بە بۆنەی مانگی محەڕەم و عاشووڕای حوسێنی، جارێکی دیکە فیکرەکان هەستیان بە ئیستیعمار( داگیرکەر) ی ڕەش و سوور یا بە واتایەکی دیکە یەکیەتیی ئیستیعماری کۆن و نوێ کردوە. ئیستیعماری سوور و ڕەشە کۆنە و نوێیەکە، ڕووحی هێرش و دەسەڵات و تاڵانیان هەیە و بەو هۆیەی کە نێوەرۆکی زاتییان وەک یەکە، کەم واهەبوە ئەو دوو ئیستیعمارە ناسراوەی مێژوو لەگەڵ یەک هاوکاری بکەن، مەگەر لە بوارگەلی تایبەتی دا، کە یەکێک لەو هاوکاری نزیک و سەمیمانە و سادقانەیەی هەردوو ئیستیعمار لە بەرانبەر شۆڕشی ئێران بەتایبەتی بەرنامەی پێشکەوتوانەی دابەشینی زەوی لە ئێران دایە. سەرەتای شۆڕشی شا و میللەت کە ڕۆژی شەشەمی ڕێبەندانی ٢٥٢٠ شاهنشایی[ (١٣٤٠) هەتاوی و (١٩٦١) زایینی بوو]؛ ئیستیعماری سوور و ڕەشی ئێران کە بەڕواڵەت هەر یەکەی لە وڵاتی ئێمە بەرنامە و نەخشەی تایبەتییان هەبوو، یەکتریان گرت. کاکڵی ئەو هاوکارییە سەمیمانەیە لە گێرەشێوێنی ڕۆژەکانی ١٥ و ١٦ ی جۆزەردانی ٢٥٢٢ [(١٣٤٢) (١٩٦٣)]، لە تارانێ ئاشکرا بوو.

دوای گێرەشێوێنی شوومی ١٥ ی جۆزەردان کە بە مەبەستی ڕاگرتن و ناکام کردنی شۆڕشی درەوشاوەی شا و میللەت داڕێژرابوو، سەرەتا کەسانێک کە ئەو ڕووداوەیان موتاڵا دەکرد، تووشی سەرئیشەیەکی سەیر دەبوون. چونکە جێ پەنجەی ئیستیعماری سوور و ڕەش، هەریەکەی بەشێوەیەک، لەو گێرەشێوێنییە دا، بە ئاشکرا دەبینرا. لە لایەک کەسانێک کە بەئیجراکردنی بەرنامەکانی چاکسازی زەوی، هەموو ئۆمێدەکانی خۆیان بۆ فریودانی وەرزێڕان و دروست کردنی ئەنجومەنەکانی وەرزێڕان بە شکست خواردو دەزانی و لەبەرانبەر شۆڕش دا، هەوڵی گێرەشێوێنیان دا. لەلایەکی دیکە خاوەن زەوی‌یە گەورەکان کە ساڵانێکی زۆر بوو چەند میلیون جوتیاری ئێرانیان تاڵان کردبوو و بەئومێدی شکاندنی ئەو بەرنامەیە و گێڕانەوەی هەلومەرجی پێشوو، پووڵیان دا بە بەکرێ گیراوانی توودەیی و شکست خواردووەکانی دیکەی سیاسی. سەیر ئەوەیە ئەو کەسانەی باوڕیان وابوو کە دەتوانن، گەڕی شۆڕش ڕاگرن و زەوی‌یەکانی بە وەرزێڕان دراوە، لە دەستیان دەرێنن، دەست و داوێنی ڕووحانییەت بوون. چونکە بیریان دەکردەوە کە دژایەتی زانایانی ڕووحانی – کە لە کۆمەڵگای ئێران دا، حورمەتێکی تایبەتی یان هەیە–، دەتوانن نە تەنیاسووڕی شۆڕش تووشی گیروگرفت کەن، بەڵکوو وەکوو ملکدارێکی گەورە کە بیری کردبۆوە(« وەرزێرەکان زەوی‌یەکانیان وەک عەرزی داگیرکراو بدەنەوە بەخاوەنەکانیان!») بەڵام زانایانی ڕووحانی وشیارتر لەوەی بوون کە بەدژی شۆڕشی شا و میللەت هەستن کە لەگەڵ ئوسوول و فێرکاری ئیسلامی بە مەبەستی پێکهێنانی عەداڵەت و نەبوونی چەوساوەیی کەسێک بەدەست کەسێکی دیکە، کە لە لایەن ڕێبەری شۆڕشی ئێران گەڵاڵە کرابوو.

ملکدارەکان کە بۆ درێژەدانی دەسەڵاتی خۆیان هەمیشە لە ژاندرمە هەتا وەزیر، ڕەوزە خوێن هەتا چەقۆکێش یان لە ئیختیار دابوو، کاتێک لەگەڵ بێ هەڵویستی ڕووحانییەتی بەرجەستە بەرووڕوو بوون، لە ئاکام دا هەوڵیان دا، گیروگرفت بەدژی شۆڕش دروست کەن. ڕووحانییە پلە بەرزەکان ئامادە نەبوون هاوکارییان بکەن، لە بیری دیتنەوەی «ڕووحانی» یەک کەوتن کە پیاوێکی سەربزێو و بێ باوەڕ و بەکرێگیراوی ناوەندگەلی ئیستیعمار بێ کە بتوانێ، ئامانجی ئەوان وەدیبێنێ کە بەهاسانی پیاوێکی وایان دیتەوە. پیاوێک کە ڕابردوویەکی نادیاری هەبوو و لە دەمارگرژترین و کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی ئیستیعمار بوو. ئەو چونکە لەلایەن ڕووحانییەکانی پلەبەرزی وڵات بە هەموو جۆر پشتیوانی لێنەکراو سەرکەوتوو نەبوو، بەدوای هەلێک دا دەگەڕا کە بە هەرجۆرێک بێ خۆی بخزێنێتە نێو ڕووداوە سیاسییەکان و ناو و ناوبانگێکی هەبێ.

ڕووحوڵڵا خومەینی بەکرێگیراوێکی باش بوو بۆ ئەو مەبەستە و کۆنەپەرستانی سوور و ڕەش، ئەویان پێ باشترین کەس بوو بۆ دژایەتی شۆڕشی ئێران کە وەک خولقێنەری ڕووداوی قێزەونی ١٥ ی جۆزەردان ناسرابوو.

ڕووحوڵڵا خومەینی کە بە «سەیدی هیندی» دەناسرا. لەبارەی هیندی بوونی دا، هێشتا نزیک ترین کەسەکانی باسیان نەکردوە، بە وتەیەک ئەو بۆ ماوەیەک لە هیندوستان ژیاوە و لەوێ لەگەڵ ناوەندەکانی ئیستیعمار (داگیرکەر) ی ئینگلیس، پێوەندی هەبوو. هەربۆیە بە سەید- ی هیندی ناوبانگی دەرکردوە. بۆچوونێکی دیکە ئەوە بوو کە ناوبراو لەکاتی لاوی دا، شێعری ئاشقانەی گوتوە و ناوی هیندی بۆخۆی هەڵبژاردوە و بۆیە بە هیندی ناوبانگی دەرکردوە. کەسانێکیش بڕوایان وایە کە چونکە فێرگەکانی ئەو هیندوستان بووە و ناوبانگی هیندی لە وێڕا هەڵبژاردووە کە لە منداڵییەوە لەژێر فێرکاری مامۆستایەکی هیندی‌دا بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ناوبانگی ئەو لەگەڵ گێرەشوێنی ١٥ ی جۆزەردان لەبیر هەمووان ماوە. کەسێک کە بەدژی شۆڕشی ئێران و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی نەخشەی سوور و ڕەش هەستاوە و بەدەستی بەکرێگیراوانی تایبەتی بە دژی دابەشینی زەویەکان، ئازادی ژنان، میللی کردنی جەنگەڵەکان هەوڵی دا و خوێنی بێ تاوانەکانی ڕشت و نیشانی دا، هێشتاش کەسانێک هەن کە سادقانە ئامادەن خۆیان لە ئیختیاری پیلان گێڕان و کەسانی دژی میللیدا دابنێن.

ژینگە

# پیس‌بوونی ژینگەی ناوچەکە و هەرێم و هێندێک کێشە و چارەسەری سەرەتایی...

**ئومێد محەمەدی**

ژینگە بریتیە لەو دەوروبەرەی کە مرۆڤ و جۆرەکانی‌تری زیندەوەر و ڕووەکی تێدا دەژی. لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە تا ئەمڕۆش کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکار هەبوون کە وایان لە مرۆڤ کردووە وابەستەی دەوروبەرێکی گونجاو بێت. سیستەمی سروشتی کە بنچینەکەی لە ئاو و هەوا و خاکە، ناوەندێکی گونجاو و دوور لە کێشەی بۆ مرۆڤ و درەخت و هەر چەشنە زیندەوەرێک دروست کردووە کە ئەو ناوەندە پێی دەگوترێ ژینگە. ئەگەر فۆکۆسی بابەتەکەمان بخەینە سەر مرۆڤ زیاتر لە هەر چەشنە زیندەوەرێک، دەبینین ئادەمیزاد بە درێژایی چاخەکانی ژیانی بە دوای ناوەندێکدا گەڕاوە کە فاکتەرەکانی دەوروبەری لەگەڵ توانای ئینیرژی و بونیادی خۆی‌دا گونجاو بێت و کەمترین گیروگرفت و کێشەی لە ژیان‌دا بۆ دروست بکا. ئەوەندەی بۆی کرابێت لە ئاست پێشهاتە نەخوازراوەکان خۆی گونجاندوە و ئەگەر لە توانای‌دا نەبوبێ، ڕووی کردوەتە ناوچەی خوازراوتر.

لە دێرزەمانەوە کۆمەڵێک فاکتەری نەخوازراو هەبووە کە کاریگەریی نێگەتیڤی بەسەر بازنەی ژینگە هەبووە. هەموو ئەو هۆکارە نەرێنیانەش زیاتر سروشتی بوون، وەک تەقینەوەی کانە گڕکانەکان و لافاو و دەرچوونی گازی ژەهراوی و بەرکەوتنی نەیزەک و تەنی ئاسمانی، کە ئەمانە زۆر جار بوەتە هۆی لەنێو بردنی تەواوی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و گیانلەبەری. بەڵام کاریگەریی ئەو دیاردە سروشتی‌یە نەخوازراوانە کاتی بوون، دواتر بازنەی ژینگەی سەرلەنوێ ڕێچکەی ئاسایی خۆی گرتوەتەوە بەر؛ واتە ژیان ئاسایی بوەتەوە. بەڵام هەر ئەو ئەکتەرەی کە بەدوای ناوەندێکی ژینگەیی لەباردا دەگەڕا لە کۆتایی‌دا هەر خۆی بووە هۆی تێکدانی سیستمی ڕێک‌وپێکی ژینگە، کە هەڵبەتە ئەم ئەکتەرەی نێو شانۆی ژیانیش بریتیە لە مرۆڤ خۆی... بۆیە لە سەدەی بیستەم بە دواوە بە هۆی زۆر بوونی چالاکیی مرۆڤایەتی و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی لایەنی پیشەسازی لە بواری شارستانی وەک زۆربوونی کارگە و ناوچە پیشەسازییەکان و هۆکارەکانی ترانزێت و بە کارهێنانی سەرچاوە پترۆکیمیاییەکان و یۆرانیۆمی خاوکراو و دەیان کەرستەی‌تر و، هەروەها پێشکەوتنی پیشەسازی لە بواری سەربازی، وەک تاقیکردنەوە ئەتۆمی و چەکە دوورهاوێژەکان و چەکی شیمیایی و هەزاران چەکی کوشندەتر، وایان کرد کە زەربەیەکی گەورە لە بازنەی بێخەوشی ژینگەیی بدرێ و هەندێ هاوکێشەی یەکسان بەرەو نایەکسانی بەرن. ئەمە وایکرد درەنگ و زوو هەندێ لە وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ کەمکردنەوەی فاکتەرە نەرێنییەکانی سەر ژینگە و پاراستنی ژینگەی نێودەوڵەتی یان لانیکەم پاراستنی ژینگەی وڵاتی خۆیان، چەند کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بکەن. هەرچی سەبارەت بە ژینگەی کوردستانە تا ساڵانی کۆتایی و پێش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و تێکچوونی هاوسەنگیی ناوچەکە، کوردستان ژینگەیەکی زۆر لە بار و پاک و خاوێنی هەبوو؛ ئەمەش بە هۆی کەمیی هۆکاری ترانزێت و هەبوونی ژمارەیەکی کەم لە بیرە نەوتەکان و کەمیی کۆنکرێت و قیرتاو و، زۆری ناوچەی کشتوکاڵی بە بەراورد بە ئیستا. چەندین هۆکاری‌تر لە هەردوو سەردەمە جیاوازەکە کاریگەریی خراپیان کردوەتە سەر ژینگەی کوردستان و هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە گەورەیە لە ئاردا نییە. چەند خاڵێکی نێگەتیڤ لەجیهان و کوردستاندا بەرچاو دەکەون کە بوونە سەرچاوەی تێکدانی ژینگە، کە دەتوانین لە وانەی خوارەوەدا پۆلێنی بکەین:

یەکەم: پیسبوونی هەوا: مەبەست لەمە واتە بوونی تەنۆلکەی زیانبەخش کە زیان بە مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری دەگەیەنێ. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ساڵانە نزیکەی( ٥٠٠٠٠ ) کەس بە هۆی تەنۆلکە پیسکەرەکانی هەوا دەمرن کە دەکاتە نزیکەی(٢ ٪ ) ی تێکڕای گشتیی مردنی ساڵانەی مرۆڤ. ئەمە جگە لە دووکەڵی سیگار و توتن، کە ساڵانە نزیکەی(٣ملیۆن) کەس دەکوژێ. پێش‌بینی دەکرێ ئەم ڕێژەیە بەرز بێتەوە بۆ (١٠ ملیۆن) کەس لە چەند ساڵی داهاتودا. پیسبوونی هەوا ڕێژە و پێکهاتەی گازەکانی نێو هەوا تێکدەدا، کە ڕێژەی پێکهاتەی بنچینەیی بەم جۆرەیە(گازی نایترۆجی٧٨٪، گازی ئۆکسیجین٢١٪، گازی دووەم ئۆکسید٣,٠٪) وە جگە لەوانە بە گوێرەی هەندێ ناوچەی تایبەت چەند جۆرە گازێکی تر بەشداری لە پێکهاتەی هەوادا دەکەن وەک(هیلیۆم، ئامۆنیا، میسان... هتد). بۆیە هەر هۆکارێک بۆ زیادو کەمکردنی ڕێژەی ئەو گازانەو تێکەڵبوونی تەنۆلکەو گازی تری نامۆ بۆ ناوئەو کۆمەڵە گازە دەبێتە هۆی شێواندن و نارێک و پێکی لە بەرگە هەوای گۆی زەوی، کە هەڵبەتە ئەم دیاردەیەش بە پیس بوونی هەوا ناو دەبرێت.

کە دەتوانین سەرچاوەی پیس بوونی بەرگە هەوا بە چەند هۆکارێک دابنێین کە بریتین لە (تەنۆلکەو تەنی وردSuspended materials) کە ئەمانە چەند تەنێکی وردن کە قەبارەیان لە دەوری چەند (مایکرۆمەترێکە). ئەمانە زیاتر بریتین لە دەنکۆڵەکانی نێو خاک، کە بە هۆی ڕەشەباو گەردەلولی بیابانەوە هەڵدەستن و تێکەڵ بە هەوا دەبن، لەگەڵ خۆیاندا چەندین نەخۆشی دێنن وەک (شێرپەنجەی سیەکان و کۆکەو هەلامەت و ڕشانەوەو جیبووب و....هتد). چارەسەکردنی ئەم گرفتەش بە ئاوڕێژکردن و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە شوێنی دیاریکراو و گەیاندنی چەند لق و پۆپێکی ڕووبارەکانە بۆ ناوچەی بیابان و وشکەکان.جگە لەوە سەرچاوەی تری پیس بوونی هەوابریتیە لە( گازەکان) کە ئەمانەش زیاتر لە سوتانی چەندین مەوادی زیانبەخش وەک پلاستیک و نایلۆن و دووکەڵ سەیارەکان یان ئەوەی لەم دوایەدا لە عێراق بەرچاو کەوت سوتانی بیرە نەوتەکان وداگیرکردنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئاسمان بە دووکەڵی سوتانی پترۆکیمایی.چارەسەکردنی ئەم کێشەیە بە دانانی فلتەرە بۆ ئۆتۆمبێلەکان ولولەی دووکەڵکێشی کارگەکان ودوورخستەنەوەی ناوچە پیشە سازیەکان لە ناوچە نیشتەجێیەکان(population area) و سەوزکردنی دەوروبەریان بە ڕێژەی سەوزایی ستاندارد.

دووەم:-(پیسبوونی ئاو): ئەوەی کە زیاتر لێرەدا کاریگەری لە سەر مرۆڤ هەیە بریتیە لە پیس بوونی ئاوی شیرین . چونکە ئادەمی ڕاستەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئاوی شیرین دەکات. پیسبوونی ئاوی شیرین ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت.بە چەند هۆکاریکی نێگەتیڤ ئاوی شیرین سروشتی بێخەوشی خۆی لەدەست دەدات و پیس دەبێت. ئەو فاکتەرە نێگەتیڤانەش وەک(تێکەڵ بوونی ئاوی زیراب و پاشەڕۆ بە ئاوی خاوێن)(mixing sewage water with drinking water) ئەم دیاردەیەش بە زەقی لە کوردستان بەرچاو دەکەوێت. ڕاستەوخۆ ئاوی پیس بەبێ هیچ ناوەندێکی پاکەرەوە تێکەڵ بە ئاوی خاوێن دەکرێت، ئەمەش گۆڕان لە ڕێژەی ئۆکسجینی تواوەی نێوئاوەکە دروست دەکات، بۆ مرۆڤ و زیندەوەرە ئاویەکان کاریگەری خراپی دەبێت. زۆر جار دەبێتە هۆی لە نێوبردنی هەزاران گیانلەبەری ئاوی.ئەم تێکەڵبوونەش بۆ مرۆڤ ،چەندین نەخۆشی بە دووای خۆیدا دێنێت وەک(کۆلێرا،ڕشانەوە،بەلهاریزیا، نەخۆشیەکانی جگەر،حاڵەتی ژەهراوییبوون،مەلاریا و چەندین نەخۆشی تر).

ئەمە جگە لەوەی کەم و زۆر کاریگەری بەسەر کشتوکاڵەوە هەیە.پیسبوونی زەریا گەورەکان بە هۆی نەوت و سوتەمەنی پاپۆڕو کەشتیەکان دەبێتە لە دەستانی بڕێکی زۆری زیندەوری ئاوی و گواستنەوەی نەخۆشی پێست و ڕەوی باڵندەکان و بڵابوونەوەی مەلاریا.ئەوەی کە جێگای تێڕامانە لە کوردستان چەند سەرچاوەیەکی تری پیسبوونی ئاوی شیرین هەیە وەک بە کارهێنانی تۆڕی ئاوی ژەنگاویی و کۆن و بە کارنەهێنانی ڕێژەی پێویست لە کلۆر بۆ پاکژکردنەوە.

خاوین نەکردنەوەی تانکی ئاوی ماڵان کە پێوستە ساڵی دووجار خاوێن بکرێتەوە. چارەسەکردنی ئەم گرفتەش بەدانانی (ئاو پاککەرەوە)بۆ(Recycling water)پاکردنەوەی ڕاددەی پێویست لە ئاوە پیسەکەو پاشان تێکەڵکردنی بە ئاوی خاوێن و ناچارکردنی کارگەکان بە تایبەتیش ئەو کارگانەی کە مەوادی کیمایی زۆر بە کاردێنن وەک(کارگەی بلۆک و چیمەنتۆ و پلاستیک) بە فڕیدانی پاشماوەکانیان لە شوێنی دیاریکراو تێکەڵنەکردنی ئاوەڕۆکانیان بە ئاوی خاوێن. هەروەها لە ناوچە شارستانیەکان بۆری جۆری ( پۆلی ئەسیلین)بە کاربێت لە جیاتی بۆری کانزایی(گلڤانایز)، بەمەش دەتوانرێ ڕێگری بکرێت لە ژەنگهێنان و داخورانی دیوی ناوەوەی بۆریەکە. بەکارنەهێنانی ڕاستەوخۆی ئاوی بیر بەبێ تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی مەوادی پاقژکردنەوە، دوور کەوتنەوە لە هەڵکەندنی بیر لە خوار ئەو ناوچانەی ڕووبەرێکی فراوان لە ئاوی زێراب و پاشەڕۆی نەخوازراوی لێیە.لە پڕۆژەکانی تۆڕی ئاو زیاتر پشت بە تانکی هەڵواسراو(Elevated Tank) ببەسترێت باشترە نەک ڕاستەوخۆ ئاوی بیرەکان بۆ دانیشتوان بەڕێبکرێت، چونکە کەم و زۆر کۆنترۆڵکردنی کوالیتی ئاو بە تانکی و خەزانەکان(Reservoir) ئاسانترە وەک لە بیر.

سێیەم: ( پیسبوونی خاک)، خاک یەکێکە لە سەرچاوەکانی ژیان و کۆڵەکەی خۆراک و بژێوی مرۆڤ و بەشێک لە گیاخۆر و ملیۆنان مێرو و زیندەور بینراو و نە بینراوە. ئێستا ئەو خاکە بەرەو پیس‌بوون و لە دەستدانی خاسیەتە بنچینەیەکانی خۆیەتی و ڕووبەڕوی چەندان کێشە و پیسکەری نەخوازراو بوەتەوە لە هۆکارە h هۆکارە پیسکەرەکان وەک( سوێر بوونی خاک)

ل١١

روانینی دەرەکی

# لە ئێران شەڕێک لە ئارا دایە، لەسەر ئیمپراتۆریی ئابووریی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی

**واشیگتۆن پۆست – ئێریک لۆب و نادر حەبیبی**
**وەرگێڕان : کەمال حەسەنپوور**

هەندیک کەس پێیان وایە کە سوپای پاسداران بە هۆی کۆنترۆل کردنی ٢٥لەسەدی ئابووری وڵات، ئیمپراتۆرییەکی ئابوورییە. ئەوە لە پاش هاتنە سەر کاری حەسەن رووحانی لە ٢٠١٣ و سەرەڕای داواکاریی پەیتاپەیتای ناوبراو بۆ کەم کردنەوەی چالاکی ئابووریی و بازرگانیی سوپای پاسداران کە لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نەژاد دا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە.

هەوڵەکانی روحانی بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ئابووریی سوپای پاسداران دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بەرجام لە ٢٠١٥، کە سەرکۆمار هەستی بە پێویستیی راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکیی بۆ بەشە سەرکییەکانی ئابووری وڵات کرد، چڕتر بووەوە. توانایی روحانی بۆ بەستنەوە و هاوئاهەنگ کردنی چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران، بۆ زیندوو کردنەوەی ئابووری وڵات حەیاتییە و بە سووک کردنی ئابلۆقەکان و وەبەرهێنانی راستەوخۆ کە لە بەرجام دا وەبەرچاوگیراون و بەتایبەت لە ئەگەری پەسەند کرانی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئایەتوڵڵا خامنەیی یەوە، بە هێزتریش دەبێ.

سوپای پاسداران لە گوێڕایەڵیی تەواو بۆ هەوڵەکانی روحانی لەمەڕ کەم کردنەوەی دەوری ئابووریی ئەوان بەگومانە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستییە کە سوپا لە ژێر فەرمانی راستەوخۆی ڕێبەر دایە و بەرامبەر سەرکۆماری هەڵبژێراو وەڵامدەر نیە، زۆر جاران گوێی پێنەداوە یا خود بە پێچەوانەی هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ سنووردار کردنی تێوەگلانیان لە ئابووری دا جوڵاوەتەوە. ئەو شتە چەند مانگ لەوەپێش، کاتێک کە دەوڵەتی روحانی ڕێککەوتننامەیەکی راگەیاند کە سوپای پاسداران دەوری سەرەکیی لە چالاکییەکانی گەشەساندنی ئابووری لە ناوچە سنوورەکانی ئێراق و پاکستان پێ ئەسپێردراوە، ئاشکرا بوو. لە روانگەی هەندێک لایەنەوە ئەو ڕێککەوتننامەیە وەک سەرکەوتنێک بۆ سوپای پاسداران باسی لێوەکرابوو. بەڵام لەجیاتی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە وەک ڕێخۆشکەریی بۆ پەرەئەستاندنی رەهای ئابووریی سوپای پاسداران، دەبێ وەک بەشێک لە بەرنامەی سەرکۆمار بۆ پێشگرتن لەو پەرە ئەستاندنە سەیر بکرێ.

تێوەگلانی سوپای پاسداران لە ئابووریی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەیەی نەوەدی زایینی. بەڵام لەوکاتەوە، سوپای پاسداران پێداگری لەسەر پرۆژەی زەبەلاحی ئەندازیاریی، وەک قۆنتەراتچی و لەو دواییانەش دا لە بەشی دارایی کردووە. ئەو ڕێککەوتننامە چالاکیی وەک کردنەوە و پەرەپێدانی شیرکەتی هەرەوەزیی ،دانی قەرزی وەبەرهێنانو ناوەندی بازرگانیی سنووریی و هەروەها پرۆژەی ژێرخانی ئابووریی (وەک ڕێگا و بان، پرد و کارەبا)ئەویش بە شێوەی سەرکیی کۆمپانیای ئەندازیاری و بینا سازیی قەرارگای خاتەم ئەلئەنبیا، لەخۆ دەگرێ. ڕێککەوتننامەکە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە چالاکیی ئابووریی سوپای پاسدارانە کە ڕێگە بە ڕێکخراوەکە دەدا کە چالاکییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی لە ناوچە سنوورییەکان، کە دواکەوتووترین ناوچەکانی وڵاتن، لێک گرێ بدا.

دەوری پەرەگرتووی سوپای پاسداران، بە هۆگریی ئایدیۆلۆژیکی، سامان و دەسەڵاتی بەربڵاو، دەتوانێ مەرجەکانی ئابووری-کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە باشتر بکا. بە شێوەی گشتیی، گەشەسەندنێکی لەو چەشنە دەتوانێ دانیشتووە ئەتنیکییە نائارام و پەراوێزخراوەکانی ئەو ناوچانە بێنێتە ژێر رکێف و بە تایبەتیی لاوەکانیان لە پەیوەست بوون بە لایەنی جیاییخواز و جەنگاوەر، لە کوردستان و بەلوچستان پاشگەز بکاتەوە. هەروەها ڕێککەوتننامەکە دەتوانێ ڕێگا بە سوپای پاسداران، کە هەر ئێستا حوزوری بەرچاوی سەربازیی و ئەمنییەتیی لەو ناوچانەدا هەیە بدا کە ,رایەڵەی هۆگر و سیخوڕیی لە ناو دانیشتووانی ئەو ناوچانە کە قازانجی ئابووریان پێ دەگا بەرینتر بکا.

لە نیوەی یەکەمی ٢٠١٦، دەوڵەتی روحانی خۆی لە دانی ١٠ قۆنتەراتی زەبەلاح بە قەرارگای خاتەم ئەلئەنبیا بواردووە. هەر لەو دواییانە دا دەوڵەتی ناوبراو فرۆشتنی ٥٠لەسەدی پشکی شیرکەتی موخابەراتی ئێران بە کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای پاسدارانی هەڵوەشاندەوە.ڕێککەوتننامەی زیاد کردنی تێوەگلانی سوپای پاسداران لە گەشەسەندن و بەڕێوەبەریی بازرگانیی سەرسنوورەکان نموونەی جۆرێک لە قەرەبوو کردنەوە لە لایەن سەرکۆمارە ،کە پێشی بە ئەو قۆنتەرات و کڕینەوانە گرتووە.

گریمانەی دیکەش لە ئێران هەیە کە دەڵێ، روحانی دەوری بەرچاوتر لە گەشەسەندنی ناوچە سنووریەکانی، کە بەپێی نەریت بەرپرسایەتیی وەزارەتی کشتوکاڵ بووە، بۆیە داوە بە سوپا تا تێوەگلانی سوپا لە کەرتی گەورەتر و سوودهێنەرتر وەک نەوت، گازی سروشتیی، پێترۆشیمی و دارایی کەمتر بێ. ئەو کەرتانە پێویستیی بەپەلەیان بە وەبەرهێنانی بیانیی هەیە، کە ئەگەر بێتو کەمتر لە کۆنترۆڵی سپای پاساداران دابن بەشیوەیەکی سەرکەتووتر رادەکێشرێن. پاش دانووستانی درێژمەودا، ئێران توانیویەتی ڕێککەوتننامەی چەندین میلیارد دۆلاری لەگەڵ تۆتالی فەرانسەیی و شێلی هۆلەندی لە نوڤامبر و دێسامبر دا واژۆ بکا.

ڕووداوەکانی دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەی گەشەسەندنی ناوچەسنوورییەکان، ناسکیی ڕێککەوننامەکە و هەروەها گرژییە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان سەرکۆمار و سوپای پاسداران لە بارەی دەوری ئەو لە ئابووری ناوخۆ نیشان دەدەن. لە ئۆکتۆبر بەرپرسی باڵای سوپای پاسداران موحەممەد عەلی جەعفەری گومانی خستە سەر پێشکەوتنی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە. بەبێ ناوبردن لە ڕێککەوتنەکە و بێ ئەوەی کە ئاماژە بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ دەوڵەت بکا، جەعفەری تاک‌لایەنانە رایگەیاند کە سوپای پاسداران بەتەمایە بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندن لە هەمان ناوچە سنوورییانە دا بکاتەوە کە ڕێککەوتنەکە ئامانجییەتی.

لە جیاتی وەڵامدانەوە بە راگەیاندنەکەی سوپای پاسداران یا روونکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن وگەشەسەندن بەشیکن لە ڕێککەوتننامەکە، سەرکۆمار بە کرداری تاک‌لایەنانەی خۆی وەڵامی دایەوە. لە ٢٠ی نۆڤامبر، ئەو یاسایەکی بەپەلەی رەوانەی مەجلیس کرد بۆ پەسەند کردنی بودجە بۆ پرۆژەی کارخولقێن لە ناوچە دواکەوتووەکانی سنووریی کە سوپای پاسداران بەتەمایە بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندن دامەزرێنێ. راگەیاندنی یاسای پێشنیارکراو لە لای روحانی ئاماژەی بە دەستپێشخەرییەکەی بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندن نەکرد، کە بووە هۆی ناڕوونی هاوئاهەنگیی لە نێوان سەرکۆمار و سوپای پاسدارانی ئێران.

راگەیاندنە تاک‌لایەنەکان و کردارەکانی سوپای پاسداران و سەرۆک‌کۆمار بەدوای واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەکە، دەکرێ وەک فەسڵێکیتر لە ململانێی سیاسی ئەوان لە سەر دەوڵەتداریی و سیاسەتی ئابووریی سەیر بکرێ. راگەیاندنی دامەزراندنی بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندن لە لایەن سوپای پاسدارانەوە نیشانەی تووڕەیی ئەوان لە جێبەجێ کردنی خاو یا دواخستنی ڕێککەوتنەکە لە لایەن روحانییەوەیە. وێدەچێ روحانی ئەو پرۆژە یاسایەی بۆیە پێشنیار کردبێ تا لە ئاست ناوی حیزبەکەی واتە حیزبی میانڕەویی و گەشەسەندن دابێ بۆ ئەوەی کە لەو ناوچانە بایەخی بمێنێ و پشتیوانیی سیاسیی ئەوان لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ژووەنی ٢٠١٧ بپارێزێ.

خامنەیی خۆی لەو کێشانە بە دوور گرتووە بەڵام داوای لێبڕاوانەی ناوبراو بۆ «ئابووریی خۆڕاگرانە» لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئابلۆقە درێژکراوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەوایی بەخشیوە بە دوەری پەرەئەستێنەری سوپای پاسداران بۆ دەرەوەی بینا سازیی و دارایی بۆ ناو گەشەسەندنی ناوچە سنووریەکان. کاتێک کە جەعفەری بڕیاری دامەزراندنی بنکەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندنی راگەیاند، ناوبراو ئاماژەی بە داوای ڕێبەری مەزن لەمەڕ ئابووری خۆڕاگرانە وەک بەڵگەی لۆژیکیی بۆ ئەرکی نوێی سوپای پاسداران کرد، وەک نیشانەیەک لە بڕیاری ئەوان بۆ شوێندانەریی لەسەر ئابووری ناوخۆ.

بە پێی نۆرمی تا ئێستا، تەنانەت پێش سەرکۆماریی ئەحمەدینەژادیش، روحانی یا هەر سەرۆک‌کۆمارێکی داهاتوو وێدەچێ توانای پەراوێز خستنی تەواوی سوپای پاسداران وەک یاریکەرێکی بەرچاوی ئابووری نەبێ. ڕێککەوتنی ئەو دواییانەی ناوچە سنووریەکان و هەنگاوە نا هاوئاهەنگەکانی دوای ئەو، نیشان دەدەن کە چاوەڕوانییە سەرەتایی‌یەکانی روحانی لەبارەی سنووردار کردنی چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران دوور لە راستیی بوون.

بە بێ پشتیوانیی قورس و قایمی خامنەیی بۆ کورت کردنەوەی دەستی سوپا لە ئابووریی، وێدەچی باشترین شت کە روحانی بتوانێ بیکا دانووستان و مامەڵە بێ لەگەڵ سوپای پاسداران بەو هیوایە کە بتوانێ چالاکیی ئابووریی ئەوان بە چەند کەرتێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە. لە هەمان کاتدا، ئەگەر بەرجام لە ماوەی سەرکۆماریی دۆنالد ترامپ دا درێژەی هەبێ و روحانی بتوانێ ڕێژەیەکی بەرچاوی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیی راکێشێ، وێدەچێ لە داهاتوو دا دەسەڵاتی چەنە لێدانی ناوبراو لەبارەی چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران باشتر ببێ.

ئەدەبی



عەلی فەتحی

# هێلینی شێواو

لە ژووری ئاشپەزخانە دانیشتبووم و سەرقاڵی نووسین. دەنگی قاڕەقاڕی دوو قشقەڵە دەهات. لەسەر داربەڕووی بەر پەنجەرەکەم شەڕیان‌بوو. پاش تاوێک بە سەرکەوتنی یەکیان کۆتایی هات. قشقەڵەی سەرکەوتوو لەسەر دارەکە مایەوە و ئەوەی دیکە بەرەو دارستانی ئەوبەر جادە فڕی.

قشقەڵەی سەرکەوتوو هەر لەو ڕۆژەوە دەستی بە کۆکردنەوەی چینە و پووشوپەڵاش کرد. چەند ڕۆژ دواتر هێلانە ئامادەبوو و تێیدا دامەزرا. دیاربوو جووتی خۆیشی دۆزیوەتەوە. زۆری نەخایاند کورک بوو. دیسان قاڕەقاڕی ئەو سرنجی ڕاکێشام. یەک لە بێچووەکان کاتی فڕین کەوتبووە خوارەوە. لە چیمەنی بەر پەنجەرە دەخولایەوە. دایکی هاواری لێ‌هەستابوو و وێدەچوو هەستی بە بوونی پشیلە لەو دەوروبەرە کردبێ. یەکدوو بیسکویتم هاویشتە بەردەم جوجکەکە. دایکی هات بۆلای و خەریکی خواردن بوون. جاروبار لەسەر چیمەن فێری فڕینی دەکرد. هەرهەمووی ئەو دیمەنانە بەلامەوە جوان بوون. سۆز، ترس و دڵەڕاوکە، بەرپرسیاریەتی و کۆڵێک ئەزموونی دایک بۆ بێچووەکە.

دوو ساڵە لەگەڵ ئەو قشقەڵەیە دراوسێم. جاروبار دێتە سەر لێواری پەنجەرەی ماڵەکەم. دەزانم برسییەتی و بە یەکدوو لەتکە بیسکویت ڕازی دەبێ. یەکدوو مانگ لەوە پێش دیسان لەسەر دار شەڕە دەنووکی لەگەڵ قشقەڵەیەکی دیکە هەبوو. هەستم‌کرد ئەوەی‌تر دەخوازێ هێلانەکەی داگیربکا. ئەوەی دراوسێم، بێگانەی ئیزن نەدا و دار و هێلانەی پاراست. ئەمڕۆ بەهەڵکەوت دووبارە لەبەر پەنجەرە وێستابووم. سەیری دەرەوەم دەکرد. بەفرێکی زۆر کەوتبوو. قشقەڵەی هاوڕێم، زۆر بە حەسرەتەوە دەیڕوانییە هێلانەکەی. بەفری لەسەر بوو و بۆ حەسانەوە نەدەبوو. بەدەست خۆم نەبوو، خەفەت دایگرتم. ئاخ چەند ناخۆشە ماڵت داگیربکرێ، لافاو بیبا یا بەفری قورس درگات لێ‌بگرێ. بژی لە هەیوان و پەسیوان، لەبەر دوکان و سەرشەقام، لەکۆڵان و نەدیوان، وەکوو کۆچەر، ئاوارە و دەربەدەر. تاراوگەنشین لەهەندەران بی، حەسرەتباری مەوتەنی بەر تیغی خەنجەران بی.بەڵێ ئاوا خۆم هاتەبەرچاو، بیرەوەری ژیانی ٣٥ ساڵ دووری زیندوو بوونەوە، ئەوانەی لە زەینمدا قەتیس مابوون چەشنی پەنگاو.

پارچە بیسکویتێکم هەڵداشت و قشقەڵەی هاوڕێم هاتە بەر پەنجەرە. لەبەرخۆمەوە لەگەڵی کەوتمەڕاوێژ.

گوێ بگرە دراوسێکەم! هیچ دەزانی جیاوازی من و تۆ لەچیدا؟ هێلانەی تۆ لەسەر داربەڕوویە، لەسەر لێواری شەقام، لەتەنیشت وێستگەی پاس و لەبەر پەنجەرەی ماڵی من. نە کەس بەردێکت تێدەگرێ، نە کەس بە تفەنگ سێرەت لێ‌دەگرێ. نە فڕۆکە بۆمبارانت دەکا، نە دوژمن تۆپباران ونە کەس سەرت دەبڕێ. نە ناسنامەت پێویستە و نە پاسپۆرتت حەوجەیە، نە سنوورێک بەفەرمی دەناسی و نە دژە ئایین و ئایدیات هەیە. لە دراوسێیەتی تۆ، منم خاکم داگیرکراوە، سنوورم بۆ ڕاکێشراوە، ماڵم لێ‌شێوێندراوە. ئەوە منم دەربەدەرم، ٣٥ ساڵە سەوداسەرم. دەزانی بۆ؟ بۆ مافێکی ئینسانی، بۆوەی ئازادبێ ژیان و گیانی.کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە بێ کە لەودا باڵندەی هاوڕەگەزی تۆیش خاوەن دار و هێلانە بێ. هەرچەند ئەمڕۆ ماڵەکەت بە بەفر داگیرکراوە، بەڵام لەبیرت بێ تەنیا ڕۆژانێک بۆ بەهاری گەرم و گەڕانەوە و دامەزرانت ماوە. تۆ هەرکات حەزبکەی دەگەڕییەوە هێلینی خۆت، هەر ئەوەندە کە بەفر بتوێتەوە. بەڵام بۆ من چی؟ کەی وەرزی ئازادی دەگەڕێتەوە؟ هیچ دەزانی بەهار و پاییزەکان دێن و دەڕۆن و لەجیات بەفر و بەستەڵەک، تەمەنم بەدەم زریانی زەمەن کورت‌دەبێتەوە؟بەڵام مەلی دراوسێ، بۆوەی هومێد بەرنەدەم، درگای ڕۆحم بۆ خۆزگە دوورەکان واڵاکردووە و بەو پارچە شێعرەی نیکۆسکاروزۆس کە لەڕاستیدا بۆ تۆ گوتراوە، پاراوی کێڵگەی تینووی هەستەکانم دەکەم. دراوسێ بچکۆلانەکەم گوێ بگرە!




**باڵندەکان چێژەی داوی خواکان**

**وەگەڕێ!**
**گەڕانەوەت موعجیزەیە.**
**وەگەڕێ بە چاوی تیژبینت**
**بەهۆی داگەڕانی بەرەوژێر ،بە لاجایینگی گڕگرتووی پڕ لە تینت**
**بۆمەوتەنی دڵگیرت وەگەڕێ**
**هەرچەندهەست بە ڕووخانت دەکەی و**
**جەهەننەمێک هۆکار بووە**
**هەرچەند سینەت پڕ لە سۆزە و**
**هەنگاوەکانت بێ‌داهاتووە.**
**بەڵام ،**
**داربەڕوویەک بەو زستانە**
**لە کونجێکی ئەو دارستانە**
**بە بوونی تۆوە ئاوەدانە.**
**کەوابوو بە پەنجەی حەسرەتی ڕابردوو ،**
**لە گوڵخونچەکان گۆرانییەک بچنە و**
**وەگەڕێ!**
**گەڕانەوەت موعجیزەیە.**

**نیکۆس کاروزۆس**

## مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خالید وەنەوشە



هەیاس کاردۆ

«شام» جەمسەری بە یەک گەیشتنی «ئاو» و «خاک»ە. لەشامدا ئاو وخاک بەجۆرێک دەستەملانی یەک بوون کە لێک جیا کردنەوەیان نەگونجە. هەوڵی بێ وچانی ئەو دوو جادووگەرەی ڕاگری ژیان لەو دەڤەرە، شاکارێکی دروست کردوە مەگەر خەیاڵ بتوانێ وەسفی بکا. ئەگەر لەدەشتی تەخت و بەرین وپڕ بەرەکەتی «شارویران»ڕا لە«گۆلی ورمێ» بڕوانی، چاوت بەجەگەنزار وقامیشەڵانێک دەکەوێ کە وەک فەڕشێکی مەخمەر ڕاخراوە. لەو شوێنەدا کە ئاو وخاک بەئەسپایی دەستیان دەملی یەک کردوە و لەژێر فەڕشی مەخمەری دا خەویان لێ کەوتوە، بێ ئەژمار پەلەوەر و وردە گیانداری دیکە خەریکی هەڵفڕین وهاتوچۆن. لە«شام»دا لەلایەک باڵندەی هەمەجۆر خەریکی هێلانە دروست کردن وخۆساز کردن بۆ هێلکە کردن و پەرەدان بە نەسلی خۆیانن، لەلایەک دەریای مێش و مێشوولە شەپۆلان دەدەن و تۆفان وەڕی دەخەن و لەلایەکیش ڕەوەی گورگ و دڕندەی دیکە بۆ تێر کردنی زگی برسییان بەدایم لەگەڕان دان. شام ئەگەر لەلایەک ژینگەی پەلەوەر و دڕندە ولەشکری مێشوولانە، ئەمینترین وبێ منەتترین پاڵپشتی پێشمەرگە وتێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستانیشە. هەرکە پێی پێشمەرگە گەیشتەوە شام، ئیتر دەرگای ترس بەحەوت قفڵان دادەخرێ و زمانی پێوە کردن گوڵەی دەگاتێ. لەو قامیشەڵانە هەزار بە هەزارەدا ئەوەی حوکم دەکا تاقەتی مانەوە و بەربەرەکانی دەگەڵ هێرشی بێ ئەمانی مێشوولەیە کەجاری وایە لە گوللەی چەکی دوژمن پڕ ئێشترە. پێشمەرگە کە سەمبولی ڕاوەستان و خۆڕاگرییە، لەژێر ئەو تاقیکارییەش دا سەربەرز دێتە دەرێ.

گوتیان لەشوێنێک خەڵکی فێری نەتەوەپەرەستی دەکەن. زانیم کوێیە وخێرا خۆم گەیاندێ. لەسەر ڕێگام، لە گەورە و چووک، لەژن وپیاو، لەکچ وکوڕ، یان پیرو لاو، هەرچی دیتم نوێنگەی بیری ئازاد و هەڵقوڵاوی دەریای خۆ فیداکردن بوون. ئەوان هەمووی بەپانەوە دەرسی کورد بوون وکورد مانەوەیان دەگوتەوە و لەو ڕێیەدا بۆ یەک چرکەش ڕاوەستانیان نەدەناسی. ها لەو شوێنە، وا لەو دەشتە کەدەشتی شاری وێرانە و «شارویران»ی ناوە، فێری ئازاد ژیان و ئازایانە خەبات کردن بووم. لەوێ مانای پێشمەرگە بوون و پێشمەرگە مانەوە فێر بووم و بڕیارم دا وەک داستانی قەت ون نەبوو بۆ نەوەکانی دواتری بگێڕمەوە. «شام» و «شارویران» دوو ناوی ئاشنای خەباتی پێشمەرگەن و لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێننەوە.


***

پێشمەرگەی ئەمجارەی بەشداری «مێژووی زیندوو» توند و تۆڵ، گورج و گۆڵ، بە بڕشت و لەسەرلاقە. ئەو کاتانەی ئەو دەگەڵ پۆلی هاوسەنگەرانی دەشت ودۆڵ وچیا وچۆڵی کوردستانی دەپێوا وبۆ لەکار خستنی ماشێنی شەڕی دوژمن مەتەرێزی دەگرت، بەهرەمەند بوون لەو تایبەتمەندییانە زۆر پێویست بوو. ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە دەبوایە چاو نەترس و خۆڕاگر بێ. پێویست بوو ورەی بەرز ولەشی ساغ وهەنگاوی سووک ودەستی تفەنگ گرتنی قورس و قایم بێ. ئەو هەروەها لەسەری بوو ڕازدار و بەڵێندەر وجێ بڕوا بێ. لەسەری بوو هاوڕێ خۆشەویست و خەڵک پەسەند ولە لای حیزبیش پەیامبەری شۆڕش و خەبات بێ. ئەوەی هەمووی ئەو سفەتانەی هەبان پێشمەرگەی مەیدانی پڕکارەساتی ئەو زەمانە بوو. «خالید وەنەوشە» ئەوە بوو کە هەبوو. ئەوە بوو کە پێویست بوو کە هەبێ.

تێکۆشەر خالید وەنەوشە کە لەڕاستیدا «ئەنوشە»یە و کوردێندراوە، بەرەبەیانیی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٢ی هەتاوی لەدەشتی شارویرانی ناوچەی مەهاباد لەئاوایی «قەرەشلاغ» چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێناوە و وانەکانی ژیان یەک بەیەک فێر بوە. ژیان لەنێو منداڵانی لادێ و فێربوونی دەرسی نەترسی و چاوکراوەیی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا ودواتر خوێندن لە قوتابخانەکانی شاری مەهاباد وئاشنا بوون بەفەرهەنگی خۆنەویستی ونەتەوە خۆشەویستی لەنێو لاوانی نەترسی ئەو شارەدا، هەمووی بۆی بوونەتە مایە ولەساڵەکانی دواتری ژیان و خەباتی دا کەڵکی لێ وەر گرتوون. کاک خالید لە دەورانی دەبیرستان دابوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کورد دەرفەتێکی زێڕینی بۆ وەدوا کەوتنی ئاواتەکانی وەگیر کەوت. هەر بۆیە ئیتر مەجالی زیاتری درێژەدان بەخوێندنی نەما وڕێگایەکی گرتەبەر کە ڕێبازی هەڵگەڕان بەرەو لووتکە بوو. لەو دەورانە دا مەیدان بۆ وەدی هاتنی خەونەکانی کە لەدیتنی تەرمی مراد شیرێژ و پێشتر لەویش دیبوونی، وەدی هات.

هەر وەک گوترا خالید وەنەوشە زادەی بنەماڵەیەکی کورد پەروەرە و گەورە بووی دەشتی شارویرانە. دەگەڵ لاوانی مەهابادی خوێندوویەتی، لەنێو کۆڕی ماندوویی نەناسانی هێزی پێشەوا دا لەدوژمن ڕاساوە و سەرئەنجام لە گۆرەپانی بەرینی کوردستان دا درێژەی بەرێگا داوە. لەو دەشتەی ئەو لێی گەورە بووە و فێری کوردایەتی کراوە نموونەی زۆری دیکە هەن کەقەڵەم لە تاریفیان دەستەوەستانە. خالید خۆی ناوی ئەو کەسانەمان پێ دەڵێ:

بەو ئەزموون ودەرسانەوە کەزۆر زوو وەسەر یەکی نان، خالید وەنەوشەی لاوی سەر زیندووی چوست وچالاک پێی نایە مەیدانێک کە«چوونە پێشی هەبوو، بەڵام گەڕانەوە نا». لەو کێ بەرکێی مەرگ و ژیانە دا هەزاران خالید بەشدار بوون، زۆریان لەچوونە پێشدا پەیمانیان بردە سەر و گەڕانەوەیان نەناسی. ئەوان بەجەستە ون بوون کەچی هەروا لەبەر چاوانن. بەشێکیان لە درێژەی ڕێگادا کەم توانا کران بەڵام لەپێ نەکەوتن. دیارە بەشێکیش گرێوی چوونە پێشیان دۆڕاند و سەلماندیان ناتوانن ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا لینگ بدەن. خالید لەو کەسانەبوو کە ئێستاش هەروا بەڕێوەیە و لەچوونە پیش ماندوو نەبوە. ئەو هەرچەند بەجەستە ماندوویە، کەچی مێشک ودڵی بۆ چوونە پێش هانی دەدەن وتینی وەبەر دەنێن. ٣٧ ساڵ خەبات و فیداکاری، ٣٧ ساڵ ڕێگا بڕین ولە کاروان بەجێ نەمان، ٣٧ ساڵ ئەم شاخ وئەو دۆڵ کردن دنیایەک ئەزموونی بەو تێکۆشەرە بەخشیوە و وای لێ کردوە وەک پۆڵا سەخت وخۆڕاگر بێ. لە هەموو ئەو ساڵە پڕکارەساتانەی خەباتی چەکداری و سیاسی دا خالید وەنەوشە دەگەڵ بووە و قەت بۆ تاکە چرکەیەک خۆی وەدوا نەداوە. ناوبراو ئەو کۆڵەی لەیەکەم



ڕۆژەوە بۆ گەیاندنی کورد بەئاواتەکانی بە کۆڵی داداوە هەتا ئێستاش هەروا هەڵی گرتوە و شانی لەژێر لانەبردوە. لە درێژەی ئەو ٣٧ ساڵ خۆ ڕاگرییەدا تواناکانی کاک خالید باش دەرکەوتوون وڕادەی لێهاتوویی ناوبراو خۆیان دەرخستوە. ئەو کە هەموو کوردستانی کردوە و دەگەڵ زۆر پێشمەرگە دۆست و نیزیک بوە و هەیە بەم جۆرە لە بەشداریی خۆی لەو مەیدانی خۆ تاقی کردنەوەیە دەدوێ:

«دنیای پێشمەرگایەتیی من بۆ زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەگەڕێتەوە. لەزۆر شوێنی کوردستان ئەرک و وەزیفەی پێشمەرگایەتیم بەجێ گەیاندوە. بۆ نموونە لەمەهاباد و تەواوی ناوچەکانی سەربەو شارستانە، لە بۆکان و زۆربەی ناوچەکانی، لەنەغەدە و ناوچەکانی، شنۆ و ناوچەکانی، پیرانشار و ناوچەکانی، بەشێک لەناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت. بۆ مەئموورەیەتی حیزبی چوومە ناوچەکانی سەقز، مەریوان، بانە، سنە، دیواندەرە و کامیاران ڕۆیشتووم. لەزۆربەی ئەو شوێنانە جەولەی سیاسی و نیزامیم کردوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەک سەرپەل و سەردەستە و فەرماندە لک، فەرماندە هێز، کادری سیاسی، ئەندامی کۆمیتە ناوچە، بەرپرسی ماڵیی کۆمیتە شارستان، کادر و دواتریش بەرپرسی پێوەندییەکان، بەرپرسی ناوەند، بەرپرسی دەبیرخانە، بەرپرسی ئەمنیەت و گەلێک بەرپرسایەتیی دیکەم هەبوون. هەر لەباکوورەوە هەتا خوارووی کوردستان هەمووی گەڕوام و کاری حیزبیم لێ ئەنجام داوە.

خالید وەنەوشە ئەگەر بۆخۆی جەسوور وبێ باک وچالاک بوو، دەگەڵ سوارچاکانی بە ناوبانگیش هاونشین و هاوسەنگەر و هاوخەبات بوو. دیارە ژیان لەنێو کۆیەکی ئاوادا ورەبەخش و تواناهێنەرە. لەو کەسە گیانبەخش وخۆ نەویستانەی کاک خالید شانازیی هاوسەنگەر بوونیانی هەبوە وناویان لە مێژووی خەباتی کوردایەتی دا بە ئاوی زێڕ نووسراوە دەتوانین باسی کەسانێکی وەک: کاک هەژار، کاکە شوان، خدرە سوور، خدر کیسە، جەعفەری گووشوارە، محەممەد گووگە، چرچەی بارام میرزای، تاهیر جۆڵاکار، حاجی مەلابرایم ڕۆستەمی، کەریم ئەرسەنگ، سەید تەها ئیسماعیلی، سمایلی دامەنگیر، عومەر قەیتەران، عەلی پیرۆتی، برایم شێخاڵی، وەستا ئەحمەد کووهگەرد، قاسم باقی، ئەحمەد خزری، عەلی نازم حیکمەت، محەممەد زەنگەنە، و دەیان قارەمانی دیکە بکەین کە هەرکامیان لە مەیدانی خەبات دا ناو و ناوبانگێکیان هەبوو. ئەوانە و زۆری دیکەی وەک ئەوانەش پەیمانی خۆیان بردەسەر ولە درێژەی ڕێگادا قەت ئاوڕیان لەدواوە نەدایەوە. خالید وەنەوشە٣ جار لەبەرەکانی خەباتی چەکداریدا بریندار بوە و بە خۆشییەوە ئەو برینانە نەیان توانیوە چۆکی پێ دابدەن.

تێکۆشەری شارویرانیی لەدرێژەی ڕێگای خەباتکارانەی خۆیدا ژیانی هابەشی پێک هێناوە و خۆی گوتەنی ئەویشی بە خۆیەوە دەگژ ئەو خەباتە ڕۆکردوە. هەر بەڕاستییش مریەم خانمی هاوسەری کاک خالید لەو ژنانەیە کە لە پێناو ئازادیدا ڕەنجی زۆری کێشاوەو دڵساردی قەت ڕووی تێنەکردوە. مریەم خانم یەک لەو ژنە چاونەترسانەیە کە چەندجار بۆ بەچۆک داهێنانی هاوسەرەکەی زیندانی کراوە بەڵام بۆ یەک جاریش لە ورەدان بە هاوژیانی غافڵ نەبوە.

# تەشەنەسەندنی ڕەگەزپەرستیی لەپارێزگای ورمێ!



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا لە سەردەمی سەفەوییەکان و لە پاش شەڕی بەناوبانگی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ لە بەشەکە گەورەکەی کە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری عوسمانییەکانەوە دانەبڕاوە، بەڵکوو لە سەردەمی پەهلەوییەکانیش ئەو بەشە لە کوردستان لەنێوخۆدا بەسەر چەند پارێزگایەکدا دابەش کراوە کە یەکێک لەوان،پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە نێو خەڵکی کورددا بەپارێزگای ورمێ ناسراوە.

پاش تێکشکانی شۆڕشی سمکۆی شکاک و کوژرانی ناجوانمێرانەی بەدەستی هێزە سرکوتکەرەکانی ڕەزاشا لە ٣٠پووشپەڕی ١٣٠٩لە شاری شنۆ و هەروەها کوشتنی «شێخ خەزعل»، سەرۆکی عەرەبەکانی خوزستان لە ساڵی ١٣١٥دا، ڕەزاشا لەلایەک بۆ سەرکوتکردنی ئەگەری سەرهەڵدانی هەرچەشنە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی دیکە و لەلایەکی دیکەش، بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی و دامەزراندن و بەکردەوەکردنی تیئۆری «دەوڵەت‌نەتەوە»و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و سانترالیزە کردنی وڵات، نەخشەی دابەشبوونی وڵات(تقسیمات کشوری) بەپێی یاسای پەسندکراوی١٦ی خەزەڵوەری ١٣١٦دابەشکردنەوەی ئێرانی گۆری وبەو پێیە، شاری ورمێی(ڕەزایە) بوو بە یەکێک لە شارەکانی پارێزگای «باکووری ڕۆژئاوا». پاشان هەر لە سێی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا ئەو شارە لەگەڵ شارەکانی خۆی، مەهاباد(ساوجوبلاغی‌موکری)، مەراغە و بیجاڕ(گەڕووس) وەک پارێزگای چوارەم لە دە پارێزگای ئەوکاتی وڵات دیاری کران و لە دابەشکردنێکی دیکەدا مراغە و بیجاڕی لێدابڕا. ئەو پارێزگایە لە ساڵی ١٣٤٤ بەمڵاوە بە شێوەی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی زۆرینەی کوردی ئەو پارێزگایە و تەنانەت شارەکانی مەڵبەندی موکریان کە هەموو دانیشتوانی کورد بوون، نێوی «ئازەربایجانی ڕۆژئاوا»ی لێندرا.

سەرەڕای ئەوەی ئێمەی کورد «ئینکار»ی بوونی ئازەرییەکانمان لەو پارێزگایەدا نەکردوە و هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە تەماشامان کردوون، بەڵام چ وەک ڕاستییەکی مێژوویی و چ وەک «ئەمری واقع» ئەو پارێزگایە کوردستانە و کوردەکان سەرەڕای نەبوونی ئامارێکی فەرمیی و بێلایەن، زۆرینەی دانیشتوانی پێکدێنن و بەپێچەوانەی ئازەرییەکان، هەزاران ساڵە لەسەر زێدی باب‌وباپیرانیان دەژین. هەرئەوە کە لە موکریان و لەشارەکانی مەهاباد و بۆکان، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار و ڕەبەت، تەنیا کورد دەژین و لە باقی شارەکانی پارێزگای ورمێ، لە ماکۆ و بازرگانەوە بگرە هەتا تکاب و سایین‌قەڵا، کورد لە بەشێکیاندا زۆرینەیە، نیشان دەری ئەو ڕاستییەیە.

ئێمە وەک کورد، لەگەڵ دۆستایەتی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و بەدوور لە کێشە و گرفتین لەگەڵ برا ئازەرییەکانمان؛ لەو سۆنگەیەوە هەروەک چۆن لە سەردەمی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و دەوڵەتی جمهووری کوردستان‌دا(کۆماری کوردستان) هاوشان و هاوسەنگەر لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتکەری تاران لەبەرەیەکدا بووین و پشت و پەنای یەک بوون، ئێستاش خوازیارین وەک نەتەوەی کورد لەگەڵ برا ئازەرییەکان لەچەپەرێکدا بین و بەگژ داپڵۆسێنەرانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی‌دا بچینەوە. بەڵام بەداخەوە هەر لە دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئازەرییەکان بەگشتی و بەتایبەتی ڕەوتی دەمارگرژی ئازەری، چ ئەوانەی لە دەسەڵات‌دان و بەکردەوە کوردیان لەو ماوەیەدا قەڵاچۆ کردوە( هێزەکانی سپای پاسداران و جەلادانی نێو زیندانەکان و کەسانی وەک حەسەنی و قەتاری و ...قوربان‌عەلی سەعادەت پارێزگاری ئێستا و علی‌ڕەزا ڕادفەر جێگرەکەی)، چ ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات‌دان و بەناو ڕووناک‌بیرو نوخبە و چالاکی مەدەنی و تەنانەت بەشێکی زۆر لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و چالاکانی «فەزای مەجازی»، بەهەموو بۆنەیەکەوە، هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی بەدژی نەتەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوەستنەوە و لەڕاستی‌دا ئاو لەئاشی دووژمنی هاوبەشی کورد و ئازەرییەکان دەکەن. بەبێ‌ئەوەی بیر لە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و بزانن چارەنووسی وڵاتانی »مورەکەب«ی وەک ئێران و فرەنەتەوە، لەئەگەری چارەسەرنەکرانی ئاشتیانەی کێشەکان، لەکاتێکدا شوێنیزم بەسەر هزر و لۆژیکی نەتەوەکان‌دا زاڵ بێ و مافی خۆیان لە نەبوونی مافی نەتەوەیەکی دیکەدا ببینن، چ کارەساتێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە!

ئایا بێ‌ڕێزی کردن بە زمان و کەلتوور و جل و بەرگی نەتەوەیەک کە بەپێچەوانەی هەوڵ و تێکۆشانی داگیرکەران توانیویەتی لەبەرانبەر تەوژمی توانەوە و ئاسیمیلاسیون‌دا خۆڕاگرێ، کردەوەیەکی مرۆڤانە و مەنتقییە؟ لابردنی هەموو هێماکانی کوردستانی بوونی شارەکانی ئەو پارێزگایە، تەنانەت شارەکانی مەڵبەندی موکریان، کە قەجەرە تورکەکانیش بەبەشێکی کوردستانیان دەناسی و زۆرینەی «موتڵەق»ی دانیشتوانی کوردن، چ داهاتوویەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری لەو پارێزگایە تەرسیم دەکات؟ لەدوای شەڕی نەخوازراوی شاری نەغەدە کە بە فیتی کۆماری ئیسلامی و کەسانی وەک حەسەنی، ئیمام جومعەی ئەوکاتی ورمی، گۆمی خوێنی لێکەوتەوە و هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری کوردی ئەو شارە، نەیانتوانیوە جێی ڕاستەقینەی خویان بگرنەوە و وەک ئاوارە بوون، لە شارەکانی دیکەی پارێزگای ورمێ، بەناچاری نیشتەجێ بوون و تەنانەت ئەو کوردانەی ئێستا لە شاری نەغەدە، لە وڵات و شاری ڕەسەنی خۆیان دەژین، هیچ مافێکیان لە بەڕێوەبەری شارەکەدا نییە و پەڕاوێز خراون، ئەوە نیشاندەری چییە؟ ئەوە لەحالێکدایە کە تورکەئازەرییەکانی ئەو شارە و شارەدێی محەمەدیار و ناوچەی لاجانی مەڵبەندی موکریان (قەرەپەپاغەکان) کە ئێستا زۆرینەی دانیشتوانی نەغەدە پێک دێنن! کەمتر لە دووسەد ساڵە ڕوویان لە کوردستان کردووە و لەلایەن کوردەوە «خۆیی» کراون. نەتەوەی کورد خاک و زێدی

“ئێمە وەک کورد، لەگەڵ دۆستایەتی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و بەدوور لە کێشە و گرفتین لەگەڵ برا ئازەرییەکانمان؛ لەو سۆنگەیەوە هەروەک چۆن لە سەردەمی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و دەوڵەتی جمهووری کوردستان‌دا(کۆماری کوردستان) هاوشان و هاوسەنگەر لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتکەری تاران لەبەرەیەکدا بووین”

هیچ نەتەوەیەکی داگیر نەکردوە و مێژوو نیشانی داوە تەنانەت باوەشی بۆ نەتەوەلێقەوماوەکانی دیکەش ئاوەڵا بووە و بە دڵفراوانییەوە پێشوازی لێکردوون؛ بەڵام کاتێک خانەخوێ دەبێ بە بێگانە و میوان دەبێتە بریاردەر و دەسەڵاتدار!، چ هەستێک لەلای تاکی کورد پێکدێ و چ داهاتوویەک بۆ ئەو ناوچەیە پێش‌بینی دەکرێ؟

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر جاران دیتوومانە لە پارێزگای ورمێ و لەوشارانەی کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری بە یەکەوە دەژین، سووکایەتی بە کوردان کراوە.

ئەو دیاردەیە تەنیا بە سووکایەتی کردن لە لایەن تاقمێک ئازەری ڕەگەزپەرست نەبەستراوەتەوە و لەڕاستی‌دا ڕەوتێکی خۆڕسک نییە؛ بەڵکوو بەشێوەیەکی هەدەفمەند و سازمان‌دراو لەلایەن دەزگا ئەمنییەتیەکان، ئیمام‌جومعە ئازەرییەکان و کاربەدەستانی باڵای پارێزگا و نوێنەرانی ئازەری زمانی مجلیسەوە دادەڕێژرێ وبەڕێوەدەچێ.

دیاروئاشکرایەکە چ لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا و چ پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە (بەشێوەیەکی ئاشکراو زەقتر) بەرەبەرە دەسەڵاتە بەڕێوەبەرییەکان لە هەموو ئاستەکان‌دا لە پارێزگای ورمێ دراوە بە ئازەرییەکان و لەلایەن ئەوانەوە پاوانکراوە و کورد لە دارشتن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان‌دا، تەنانەت لەو شارانەی کە دانیشتوانی سەرجەم کوردن کەمترین ڕۆڵی هەبوە و هەیەتی. ئەوە یەکێک لە سیاسەتە دژی‌گەلی‌یەکانی کوماری ئیسلامی بە دژی نەتەوەی کوردە و کەم‌وزۆر لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەش ڕەچاو کراوە. بەڵام زوڵم و ستەم، سەرەڕای ئەوەی جێی قەبووڵ نییە وDیاردەیەکی داگیرکەرانەیە، ڕادەی خۆی هەیە و ئەوەی لە پارێزگای ورمێ لەلایەن دەسەڵاتدارە ئازەرییەکانەوە دەکرێ لە خانەی «ئینکار»ی نەتەوەی کورددا خۆی دەبینێتەوە.

لەو ماوەیەدا و لەبەرەبەری هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و شووڕای شارو گوندەکان لەئێران‌دا، پارێزگار و دەست‌وپێوەندەکانی لە پارێزگای ورمێ، ١٠ کەسیان بۆ چاودێری ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لەو پارێزگایەدا هەڵبژارد. سەیر ئەوەیە لە پارێزگایەک کە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتەکەی لە نەتەوەی کوردن و لە شارستانی ورمێ‌دا شیمانە دەکرێ کورد زۆرینە بێ، تەنانەت کەسێکی کورد لەلایەن پارێزگاوە بۆ چاودێری ئەو بەناو هەڵبژاردنانە، دەس‌نیشان نەکراوە و هەمووی چاودێرەکان لە ئازەرییەکانن!

دیاری نەکردنی تەنانەت کەسێک لە کوردەکان لەو لێژنەیەدا دەبێ بە چ مەبەستێک بێ و هەڵگری چ پەیامێکە بۆ گەلی کورد لەو پارێزگایە و لەداهاتوودا؟ ئایا لەئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامی‌دا، نەتەوەی کورد دەبێ دیسان شاهیدی تراژیدی وەک کوشتاری بەکۆمەڵی نەغەدە و گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان و سەرچنار وسەوزی و ئیندرقاش و دەیان کوشتاری بەکۆمەڵی دیکە، ئەویش لە قەبارەیەکی گەورەتر و سامناکتردا بەدەست کەسانی وەک «معبودی» و «مراد قەتاری» و... بێ؟ نەتەوەیەک کە بێ‌دەنگ و بێ هەڵوێست نەبوە ولەسەرەتاوە بەگژ سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی‌دا چۆتەوە و کارنامەیەکی گەشاوەی لە خەبات بۆ ئازادی لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی ئەو ڕێژیمەدا تۆمار کردوە و لە ڕاستی‌دا، لەبری هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، خەباتی کردوە و خوێنی ڕژاوە.

بێ‌گومان مەبەستی سەرەکی قوربان‌علی سەعادت، پارێزگارو جێگرەکەی عەلی‌ڕەزا ڕادفەر و هاوکارەکانیان لە بەناو لێژنەی ئەمنییەتی پارێزگادا، لەلایەک دەستێوەردان لە دەنگی دەنگدەران و «موهەندیسی»کردنی فێڵ و تەڵەکە لە دەنگەکان لەو دوو هەڵبژاردنەیە و بەتەمان لە هەڵبژاردنەکانی شووڕاکان، لەو شارانەی هەر دووک نەتەوە بەیەکەوە دەژین، ئەنجوومەنی شووڕاکان لەپاوانی خۆیان‌دا بێ و لەلایەکی دیکەش دەیانەوێ بە هەموو خەڵکی ناوچە و ئێران و کوردستان بسەلمێنن کە نەتەوەی کورد لەو پارێزگایە کەمینەیەکە و ئەوە هەڵبژێرانی نوێنەرە ئازەرییەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە! بەتایبەت کە هەم لە زۆربەی هەرە زۆری هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ،ڕێژەی دەنگدەری کورد قەت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکەی وەک یەک نەبوە و هەم لەبەرئەوەی ئەو لێژنە دەکەسییە نوێنەری کوردی تێدانییە و هەمووی ئازەرین و تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبەری پارێزگایان لەدەست دایە، ئەگەری سەر گرتنی ئەو پیلانە زۆرە.

شک لەوەدانییە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەرەو نەمان دەڕوا و کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران چارەنووسی دیاری دەکەن. بەڵام ئەوەی لەپاش کۆماری ئیسلامی لە ئێران‌دا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، کێیە و چ ڕەوت و جەرەیانێکە و چ برنامە و سیاسەتێکی دەبێ، داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە و پێش‌بینی ناکرێ؛ بەڵام ئەوەی هەر لەئێستاوە دیارە، دوو پرسیی گرینگە، یەکەم: هەر دەسەڵاتێک لە ئێران‌دا بێتەسەرکار دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک و توتالیتێر لە چەشنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نابێ و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئیزن بە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی هاوشێوەی ئەو ڕێژیمە نادەن و ڕەتی دەکەنەوە. دووهەم: لەهەر حاڵەتێکدا دوونەتەوەی کورد و ئازەری، وەک چۆن بە درێژایی مێژووی سەدان ساڵە بە خۆشی و ناخۆشی‌یەوە دراوسێ و جیرانی یەک بوون، لەداهاتووش‌دا هەر لەگەڵ یەک و لەسەر ئەو خاکەی لەسەری دەژین، تەنانەت لە مان و نەمانی جوغرافیای سیاسیی ئێرانیش‌دا، وەک جیران و دراوسێ دەمێننەوە؛ هەربۆیەش تەنیا ڕێگای ژیر و لۆژیک و سەردەمیانە و شارستانیانە، ئەوەیە کە لە بیری ڕەگەز پەرستی و دەمارگرژیی ومەزنخوازی و بەهێندنەگرتنی کوردەکان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانیان خۆبپارێزن و بۆ بەچۆک داهێنانی ئەو ڕێژیمە سەرکۆتکەرە کە نەک هەر نەتەوەی کورد بەڵکوو ئازەرییەکانیشی لە مافەڕەواکانیان بێ‌بەش کردووە، هاورێ و پشت و پەنای نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەت نەتەوەی کوردبن.

شک لەوەدانییە لەماوەی دەسەڵاتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەو ڕێژیمە بەکەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی خەڵکی ئێران، ئەوانی بەگژ نەتەوەی ئازادیخوازی کورددا کردووەتەوە و جووڵانەوەی ڕەوای گەلەکەمانیان پێ سەرکوت کردوون و خوێنی مرۆڤە بێ‌تاوانەکانی کوردیان بە ژن و منداڵەوە ڕشتووە. بەداخەوە ئازەرییەکان، بەحوکمی دراوسێتی، نەک هەر پشکی زۆریان لەو سەرکوت و کوشت و بڕەدا هەبوە، بەڵکوو ئێستاش لەسەر هەمان ڕێڕە دەڕۆن. ڕێڕەو و سیاسەتێک کە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بەرهەمەکەی دەچنێتەوە و لە داهاتووش‌دا جگە لە پەرەپێدانی ڕق و نەفرەتی نەتەوەیی و چاندنی تۆی دەمارگرژی و ڕەگەزپەرستی کە لەئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی‌دا ڕژانی خوێنی خەڵکی بێ‌تاوان و بێ‌دەرەتانی لێدەکەوێتەوە، هیچ سوودێکی بۆ کورد و ئازەرییەکان نییە. ئەوەش لەقازانجی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە و برایانەی دوو نەتەوەی کورد وئازەری‌دا نییە کە لە ماکۆ ڕا بگرە هەتا سونقوری کولیایی و هەمەدان بەیەکەوە دەژین.

دریژەی

## پیس‌بوونی ژینگەی ناوچەکە و هەرێم و هێندێک کێشە و چارەسەری سەرەتایی...

کە هەڵبەتە ئەمەش بەهۆی ئاودێر کردنی کشتوکاڵ بە ئاوی سوێرو نە شیاوە، ئەم دیاردەیەش لە کوردستاندا کەمە بەڵام لە باشوری عێراق و بە شێک لە ئێران بە ڕوونی بەرچاوە.بەڵام ئەوەی کە لە کوردستاندا زیاتر ترسناکترە بەکارهێنانی ئاوی زێراب و ئاوەڕۆی ناوچە پیشە سازییەکانە. لە گەڵ ئاوەڕۆکاندا دەیان مەوادی ترسناکی وەک(جیوەو گۆگرد و ڕۆنی مەکاینەکان و تێزاب وچەندین مەوادی تری تێدایە) کە هەریەکەیان بۆماوەی ساڵانێکی کاریگەری خراپ بە دوای خۆیدا دێنێت.پیس بوونی خاک واتە نەخۆشکەوتنی مرۆڤ، چونکە پیسی و نەخۆشیەکە بۆ ڕووەک دەگوازرێتەوە لە ڕووەکیشەوە بۆ ئادەمی و گیانلەبەر. بەکارهێنانی ئاوی پیس لە لایەن جوتیارەکانەوە بۆ کەمی جۆگە ئاودێرییەکان و بێمشووری حکومەت لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە. پێویستە ڕێڕەوی ئاوی خاوێن و پیس بۆ بواری کشتوکاڵ لەیەکتر جیا بکرێتەوە و چەندین جۆگەی خاوێن(channel) ببرێتە ناوچە کشتوکاڵیەکان. سەرچاوەیەکی تری پیس بوون بریتیە لە (مەوادە تیشکدەرەکان)، توخمە تیشکدەرەکان لە کانزای وەک(یۆرانیۆم U وسۆریمTH)کە لە کوورەی ئەتۆمی بەرهەم دێن.بڵاو بوونەوەی ئەو مەوادانە لە ئەنجامی داڕووخانی کوورە ئەتۆمیەکان بە هۆی لافاو و بومەلەرزە وەک ئەوەی لەم دووایەدا لە وڵاتی ژاپۆن لە فکۆشیما ڕوویدا. یان لە تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمیەکان و بەکارهێنانی یۆرانیۆمی خاوکراو وەک ئەوەی ئەمریکا بەسەر گەلی ڕەش و ڕووتی عێراقدا بەکاریهێنا کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هەزاران پارچە یۆرانیۆم کە بە چاو نابینرێن و لە گەڵ خۆشیاندا بۆچەندین سەدە دوای خۆیان کاریگەرییان دەبێ لەسەر خاک ،ئاو و هەوا و تەنانەت بۆ مرۆڤیش کاریگەری تۆقێنەری دەبێت. وەک بڵاو بوونەوەی شێرپەنجە وتێکدانی ڕێکخستەی جینات و کرۆمۆسۆمەکان و لە دایک بوونی مرۆڤی ناکامڵ.سەرچاوەیەکی تری پیس بوونی خاک فڕێدانی بتڵی پلاستیکییە، ئەمەش تا نزیکەی ٣٠٠ ساڵ کاریگەری دەبێت و ناتوێتەوە لە خاکدا، چارەسەرکرنی ئەم گرفتەش بە دووبارە بە کارهێنانەوەی بتڵەکان دەبێت و فەرز بکرێت لە سەر هاوڵاتی کە بتڵەکان بەرنەوە شوێنی گونجاو. ((بە بڕوای من دەکرێت لە وڵاتدا بیرۆکەیەک دابنرێت کە ئەگەر نرخی بنچینەیی بتڵێکی پلاستیک بە(یەک دۆلار) بێت فرۆشیار بە (دوو دۆلار) بە کڕیاری بفرۆشێت بەڵام پێی بڵێت هەر کاتێ بتڵە پلاستیکیەکەت هێنایەوە من دۆلارە زیادەکەت بۆ ئەگەڕێنمەوە، بەم شێوەیە بتڵەکان زۆر بەکەمی فڕێ ئەدرێن و زیاتریش بۆ لای فرۆشیار ئەگەڕێندرێنەوە لەویشەوە ئەتوانرێت بە نرخێکی کەم بگەڕێندرێنەوە بۆ خاڵی سەرەتا(کارگە)، بەمەش کارگە لە جیاتی ئەوەی بتڵی تازە بە کولفەیەکی زۆر بەرهەم بهێنێ ئەتوانێت ئەم بتڵانە سەر لە نوێ خاوێن بکاتەوەو بەکاری بێنێتەوە. بەوهۆیەوە کولفەیەکی زۆر ئەگەڕێندرێتەوەو فڕێدانی بتڵەکانیش کەم دەبێتەوە)).فڕێدانی پاشماوە ڕقەکانی ناوچەی دانیشتوان و پیشەسازی دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگەی خاک. هەڵبەتە ئەم فاکتەرەو تەواوی فاکەتەرەکانی تری پیس بوون هەر وڵاتە پێشکەوتوو پیشەسازیەکانن، وڵاتانی هەژار کاریگەری ئەوتۆیان نەبووە.زۆر جار زیاد بوونی پاشەڕۆ دەبێتە هۆی تێکدانی سیمای جوانی و ڕازاوەیی شار.زۆر بوونی پاشەڕۆکان لە وڵاتی لوبنان و بەیروتی پایتەخت بووە هۆی لە کەدارکردنی سیمای شارستانی و گەشتیاری شارەکەو بە خراپ بەسەر حکومەتی ئەو وڵاتەدا شکایەوە. بە جۆریک زبڵو خاشاک تەواوی شاری تەنیبوو بووە سەرهەڵدانی ناڕەزایی هاوڵاتیان.

چوارەم:-(پیس بوونی بیستن ژاوەژاو):پیس بوون بە دەنگە دەنگ و ژاوەژاو زیاتر لە ناوچە شاری و پیشەسازییەکاندا ڕوودەدات.

ئەم جۆرەی پیسبوون زیاتر پەیوەندی بەپیشکەوتنی سەردەم و فراوان بوونی شارو زیادبوونی دانیشتوان و بەکارهێنانی ئامێرو کەرەستەی تەکنەلۆژی نوێ هەیە.زۆرترین بڕی ژاوەژاو ،لە چڕی شەقامەکان و زۆری هۆکارو هێڵەکانی گواستنەوەیە. ژاوەژاو سەرچاوەی چەندین نەخۆشی بەرجەستەو دەروونییە لەوانە(کەڕبوون، شەکەتبوونی مێشک، تەنگەنەفەسی، خەمۆکی، کەمبوونەوەی حەزی خواردن، کەمبوونەوەی توانای بیرکردنەوە). چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش لە هەر شوێنێک بە کەمکردنەوەی هۆکاری گواستنەوەی تاکی و زیادکردنی هۆکاری گواستنەوەی گشتی، زیادکرنی پارک و شوێنی گەشتیاری کە ئارام بەخشن، زیادکردنی باج و کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و دەست بەسەر داگرتنی ئامێرەکانی بێزارکردن بەکارهێنانی جۆرە قیرێکی(pavement) تایبەتی لە هێڵەکانی گواستنەوە کە دەنگە بەرزەکان هەڵدەمژێت ونزمیان دەکاتەوە بۆ نزیکەی(٥ دێسیبێڵ).

ئەمە جگە لەوانە چەندین جۆرو سەرچاوەی پیسبوونی تر هەیە کە هەر یەکەیان بە جۆرێک وبە گوێرەی ناوچەکانی جیهان دەگۆڕێت. بەڵام کاریگەریان لەسەردەورو بەریان و بگرە لە سەر تەواوی جیهان دەبێت. وەک دیاردەی قەتیسبوونی گەرماو کونبوونی بەرگی ئۆزۆن(O٣) کە دەوری بەرگە هەوای داوەو ڕێگرە لە تێپەڕبوونی تیشکە زیان بە خشەکان بۆ زەوی، کە دەبێتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشی کوشندەتر. بۆیە پێویستە هەر لایەن و ڕێکخراوێک هەر کەسێک، لە ئاست توانای خۆی پاریزگاری لە ژینگە بکات و بۆئەوەی سیستەمی ژینگەیی پارێزراو بێت و لە ژیانێکی تەندروستدا بێت. پێویستە ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگە بخرێتە پرۆگرامی خوێندن و ئاستی ڕۆشنبیری تاکی کوردی لەو بوارەدا بەرز بکرێتەوە.تا زووە فریای ژینگەی کوردستان بکەون چونکە ژینگەی کوردستان لە ئاستێکی ترسناکی وەها دایە کە پێی بوترێ ئیتر بەسەو لەمە زیاتر هێلی سورە!

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 697 3 february 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# سڕینەوەی ناوی گرووپی دایراک خاتوون لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی موسیقی لە کرماشان



لە کاتێکدا بە پێی بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراوی فیستیڤاڵی نیونەتەوەیی گەلان لە کرماشان بڕیار بوو گرووپی موسیقیی دایراک خاتوون کۆنسێرتێک بەڕێوە ببا، کەچی بە بیانووی هەبوونی ژەنیار و گۆرانیبێژی ژن، ڕێگەیان پێنەدرا بەشداری فستیڤاڵەکە بن.

ڕێگریی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە چالاکیی گرووپی موسیقی دایراک خاتوون لە حاڵێکدا بوو کە ئەو گرووپە چەند ڕۆژ پێشتر لە هوتیل پارسیانی کرماشان کۆنسێرتێکیان بەڕێوەبرد کە هەڵویستی توندی ماڵپەڕی «مرساد» ماڵپەڕیک نزیک بە سپای پاسدارانی لێکەوتەوە

گرووپی دایراک خاتوون لە چەند ژنی تەمبوورژەن و گۆرانیچڕ پێکهاتوە و، لە ساڵانی پێشوو چەندین جار کۆنسێرتیان بەڕێوە بردوە و لە لایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکراوە.

# ڕەخنەی توندی شارام نازری لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران

شارام نازاری، شۆرەسواری هونەری گۆرانیی کورد لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی گەلان کە لە شاری کرماشان بەڕێوەچوو، لە لێدوانێکدا بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی دەنگ ورەنگی کۆماری ئیسلامی گرت و ڕایگەیاند «ئەگەر دەنگ و ڕەنگی ئێران گۆرانیم بڵاو بکاتەوە، گۆرانی ناڵێم».

شارام نازری لە کاتێکدا کە تەندیسی فەرهەنگ و هونەری پێشکێش دەکرا، ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرت و گوتی: «ماوەی ۳۷ ساڵە ئیدارەی دەنگ و ڕەنگ بەبێ ئیزنی من لە گۆرانییەکانم هەڵدەگرێتەوە و، بێ لە بەرچاوگرتنی هیچ مافێک بۆ من و بەبێ ئیزنی خۆم گۆرانییەکانم بڵاو دەکەنەوە.

ئەو گوتی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی زۆرجار ئاواز و گۆرانی ئەمنیان بە مەبەستی سیاسی و بانگەشە بۆ نیزام بڵاو



کردۆتەوە کە من بە توندی ڕەخنەم لێ هەی و ئەگەر بمزانیبا دەنگ ورەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کۆبوونەوەیە بڵاو دەکاتەوە، بەشداریم تێدا نەدەکرد.

# یادی شەهیدانی شەوی یەڵدا، لە بەردەم قەڵای دێموکراتدا کرایەوە

دوای تێپەربوونی زیاتر لە مانگێک لە کارەساتی دڵتەزێنی شەوی یەڵدا کە لە هێرشێکی تیرۆریستیدا ٥ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٢ پێشمەرگەی ئاسایشی شاری کۆیە شەهید کران، یادی ئەو شەهیدانە لە شوێنی ڕووداوەکە کرایەوە.

پێشنیوەڕۆی ١٠ی ڕێبەندان ٩٥ی هەتاویی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ یادی قوربانیانی شەوی یەڵدا بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و هەروەها بنەماڵەی شەهیدان ڕێوروەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕیورەسمە سەرەتا پۆلێک لە لاوانی پێشمەرگە سروودی ئەی شەهیدان یان خوێند

پاشان هاوڕی کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی کورتی سەبارەت بە لایەنە جۆراجۆرەکانی کارەساتی شەوی یەڵدای پێشکەش بە ئامادەبووان کرد

بەرێز کەماڵ کەریمی بە ئاوردانەوەیەک لە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەڵکی مافخوازی کوردو ڕۆڵەکانی دێموکرات، ڕایگەیاند کە هیچکات کردەوە تیرۆریستییەکان ئیرادەی ئێمەی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانمان لە پێناوی ئازادی لە ناو لەبردووە، بەڵکوو خوێنی شەهیدانی سوورخەڵات سوورترمان دەکا بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان.

هاوڕێ کەماڵی کەریمی شەپۆلی هاوخەمییەکان لە گەڵ بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بە تایبەتی لە نێو خۆی وڵات بۆ پاڵپشتی و پشتیوانی خەڵکی کورد لە حیزبی دێموکرات زانی و مەحکومکردنی کردەوەی تێرۆریستی، کە بە دوورە لە گەڵ هەموو پرنسیپەکانی دێموکراسی و مرۆیی و حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی کە قوربانی زۆری داوە هەمووکات ئیدانەی کردوە.

شایانی باسە دوای تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای دێموکرات و شەهید وبریندار‌بوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی دێموکرات، شەپۆلێکی هاوخەمیی بەتایبەتی لە شارە جیاجیاکانی کوردستان لە گەڵ حیزبی دێموکرات وەڕێکەوت و بۆ هۆی دەنگدانەوەی لە میدیاکان.

دوای وتەکانی بەڕێز کەماڵ کەریمی چەند پارچە شیعرێک خوێندرایەوەو هەروەها لە کۆتایی ئەو ڕێورەسمەدا بە دانانی وێنەی شەهیدانی یەڵدای خۆێناویی دێموکرات و پێشکەش کردنی تاجە گوڵینە، سەرجەم ئامادەبووان لە گەڵ ڕێبازی پێشمەرگانە پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.



## بەر لە ماڵاوایی



عەلی بداغی

# خەمی نان لە نێوان پەلاپیتکەی چەک و رقی سروشتدا

سەرەتای ئەم حەوتوویە ١٢ کۆڵبەری کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سەردەشت کە بەهۆی ترس لە ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە ڕێبڕین لە کوێرەڕێیەکانی کوێستانەکانی پشتی گوندی «بێوران» بوون، بەفر و بارن‌و بەستەڵەکیان بەسەردا هات و ٤ کەسیان بەو هۆیە گیانیان لە دەست دا.

ئەمە یەکەم جار نییە کۆڵبەرانی کورد کە گیانیان بۆ پارووە نانێک لەسەر لەپی دەستیان داناوە دەکەونە ژێر ڕنوو و تێدا دەچن، ئەوان پێیان وابوو لەوانەیە ڕقی سروشت لەو فیشەکانە بەبەزەییتر بێ کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە پێیانەوە دەنرێ. بەڵام نە فیشەکی گەرم، نە ڕنووی سارد، نە گرمەی مین و نە هەڵدێران و بەربوونەوە هیچ کامیان هێندە باوەشگەرم نین لێگەڕێن ئەوان جارێکی دی ڕسقی ڕۆژانەیان بەرنەوە سەر سفرەی هەژارانەی ماڵەکانیان.

ئێستا بەر لەوەی بپرسین کێ لە هاوار و زریکە و فرمێسکی ئەو باوک و برا گیانبەختکردووانە دەپرسێتەوە، بەر لەوەی بڵێین سووچی چییە و کێیە کە دەبێ ئەوە بەشێک لە چارەنووسی کورد بێ؛ دەپرسین قەرارە تاکەی ئەم تراژیدییانە دووپات ببنەوە و بۆ دەبێ ڕوو بدەن؟ سووچی چییە پەیداکردنی پارووە نانێک بۆ کۆڵبەری کورد چۆتە سەر پشتی ئەژدیها و گەرووی شێرەوە؟

چۆن دەکرێ کۆڵبەرێک کە بار و کۆڵەکەی نە ئی خۆیەتی و نە بە پێخۆشبوونی خۆی لە کۆڵی ناوە و ڕووی لەو کارە مەترسیدارە کردوە پێی بڵێی قاچاغچی، هەتا بتوانی کەوکوژی سیلەی لێ بگری‌و خەڵتانی خوێنی خۆی بکەی؟

کۆڵبەری کورد لە وڵاتێکدا لە سەرمان ڕەق هەڵدێ کە سامانی خامنەیی، کەسی یەکەمی ئە وڵاتە هەر نەبێ ٩٢میلیارد دۆلارە و سامانی میلیاردی و میلیون دۆلارییکاربەدەستانی ورد و درشتی دیکەی حکومەتیش با لەولا بوەستێ.

کۆڵبەر و کاروانچیی بێ ئەنوای کورد لە وڵاتێکدا سیلەی لێ دەگیرێ و لە سەر کۆڵەبارێکی چەند سەد هەزار تمەنی گیانی لێ دەستێندرێ، کە لە ساڵدا پتر لە٣٦میلیارد دۆلار کاڵای بە تەواو مانا قاچاغ لە بەندەر و فرۆکەخانە و ئێسەکەلە و دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە و دەرکی ئەو دەروازە و شوێنانە بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە گەورەترین کارتێلی قاچاغی کاڵا لە وڵاتن، ئاوەڵایە.

دەروازە ڕەسمییەکانی سنوور لە کاتێکدا لە کۆڵبەران و کاسبکارانی بێکاری کورد دادەخرێ کە بە قسەی محەممەد موقیمی، سەرۆکی پۆلیسی ئاگاهیی هێزی ئینتزامیی ئێران گەندەڵی و مافیای قاچاغ کە ناوەندە سیاسی، ئەمنیەتی و نیزامییەکانی وڵاتی لە پشتە، هێندە لە نێو سیستمدا ڕیشەی داکوتاوە کە تەنانەت ماشێنە قورس‌و نیوە قورسەکانی دەوڵەت کاری قاچاخیان پێ دەکرێ و کاربەدەستانی سەرووی ڕێژیم بۆ قاچاخکردنی شتومەک‌و کاڵا بەکاریان دێنن.

کۆڵبەری کورد لە کاتێکدا نان‌بڕاو دەکرێن کە ڕۆژ نییە گەندەڵییەکی چەند هەزار میلیارد تمەنی لەو وڵاتە ئاشکرا نەکرێن کە هەر هەموویان دەستی کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمیان لە پشتە، بێ ئەوەی نە مەرگ و کوشتنی کۆڵبەران و نە لەقاودرانی گەندەڵییە میلیاردییەکان هیچیان گنجێک بخەنە نێوچاوانی بەڕێوەبەرانی وڵاتەوە.

کۆڵبەری کورد قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووریی کوردستانە لە ئێران کە بە درێژایی چەند دەیەیە بە ڕوانینی ئەمنیەتییەوە سەیری دەکرێ. ناوچەیەک کە بەشێوەی سیستماتیک لە دواکەوتوویی‌دا ڕادەگیرێ، سەرچاوە سروشتییەکان و کانزاکانی بە تاڵان دەبرێ و توندترین شێوەی سەرکوتی تێدا ڕەچاو دەکرێ.

سەیر نییە کاتێک ئەحمەدی‌نژاد، سەرۆک کۆماری پێشووی ڕێژیم بە ئاشکرا باس لە بوونی دەیان ئێسکەلە و بەندەری سەر بە سپای پاسداران بۆ قاچاغی کاڵا لە ئێران‌دا دەکا بەڵام کەس لێی ناپرسێتەوە، بەڵام زۆرترین فشار دەخرێتە سەر کۆڵبەرێک کە بارەکەی سەر پشتی ئی خۆیشی نییە. ئەوە پێمان دەڵێ کە سیستمی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لاوازترین ئاڵقەی سەرکوت و لێدان و بڕینی خۆی لە کوردستاندا دیتۆتەوە. هێزە چەکدارەکان لە کوردستان هێندە دەست ئاوەڵا کراون کە لە ژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغدا لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێنەوە. کوشتن و قڕکردنی سەدان سەر ئەسپ و ئێستری کاروانچییان لە مانگدا تەنیا گۆشەیەک لەو جینایەتە پێشان دەدەن کە تێکەڵ بە چێژی ئینسانکوژییانبووە.

ئێستا قسە ئەوەیە: لە کاتێکدا ئێستاش بەشی کورد لە عەداڵەت و ماف لە کۆماری ئیسلامی کوشت‌وبڕ و سەرکوت و یەک لەوان قڕکردنی کۆڵبەرانە، لە کاتێکدا پرسی بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان هەمیسان پشتگوێ خراوە و هەناسەی کۆڵبەران هەروا سوارە، با بە هاناوەچوونی کۆڵبەران خەمی گشتی و ئەرکی هەموو لایەک بێ.

وەدەنگهاتن لە تەقەکردن لە کۆڵبەران و کردنی بە پرسێکی گشتیی کۆمەڵگا دەتوانێ فشارێک بێ کە ڕێگە نەدا هێزە چەکدارەکان بێ سڵکردنەوە و تەنانەت گوێدان بە قانوونەکانی بەکارهێنانی چەک درێژە بە کوشتاری کۆڵبەران بدەن. هەرووەها داوای کردنەوە و پەرەپێدان بە دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان و کارئاسانی بۆ هاتوچۆی کۆڵبەران دەتوانێ کەمێک لە قورسایی خەمەکانیان کەم کاتەوە.